# جەلالینامە

حەمەسەعید حەسەن

* جەلالینامە
* حەمەسەعید حەسەن
* ڕەخنەی سیاسی
* چاپی یەکەم
* چاپخانەی هەڵەبجە
* سوێد ٢٠٠٤

قإصه تمـ يمتمتمتنممتمنننتم بمتم ے

ئایا ئەوە تیرۆر نەبوو کە ینک ١٩٩٤/٦/١٣ دەستڕێژی لە خەڵکی بێچەکی سلێمانی، ئەوانەی دوای تەرمی عوسمانی قادر مننەوەر کەوتبوون، کرد و چل کەسێکی لێ کوشتن؟ ئایا ئەوە تیرۆر نەبوو کە ینک لە ٢٠٠٠/٧/١٤ دا، لەشکری نارده سەر کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی سلێمانی و پێنجی لێ کوشتن؟ ئایا ئەوە تیرۆر نەبوو کە ینک ١٩٩٧/١٢/٨ لە دەروازەی ‹کۆیە›دا، پێنج ئەندامی‹حدکا›ی کوشت؟ ئایا ئەوە تیرۆر نەبوو کە ینک پاییزی ١٩٨٣ بە تەور دەست و لاقی وریای وەهابی نەقاڕی پەڕاند؟ ئایا کوشتنی کەسانی بێچەکی شارنشینی وەکوو نووری حەمەعەلی و عەلی بۆسکانی، تیرۆر نەبوو؟ ئایا ئەوە تیرۆر نەبوو کە ینک ١٩٩٥/١١/٢ محەمەد حەللاق و هاوڕێکانی لە بازگەی کۆیە بە دیل گرت و کوشتنی و تەرمە ئەتککراوەکانیشی شاردنەوە؟

ناواخن


نامەیەک لە هەولێرەوە ........ ٩

١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤ ........ ١٢

تیرۆر و ڕاگوێزان ........ ١٥

عەشرەت هاوارە ........ ١٧

خەیار و فرۆید ........ ١٩

بەختیار و شەنداخ ........ ٢٢

یەک کتێب و سێ حیزب ........ ٢٤

خەباتی نهێنی ........ ٢٦

مردن بە دەم فڕینەوە ........ ٢٨

ئیبراهیم ئەحمەد ........ ٣٠

بڕینی لووتی نقار ........ ٣٢

کەکەکە ........ ٣٣

وەرزی ئێکسپایەربوونی شیعر ........ ٣٤

پەیامێک بۆ نەوشیروان مستەفا ........ ٣٥

تاوان و تابوو ........ ٣٦

هونەری دوژمن پەیداکردن ........ ٣٨

هەندێ تەلگراف ........ ٤٠

ناوبژی ........ ٤١

قەڵەم و شمشێر ........ ٤٤

مزگەوتی پێشەوا ........ ٧٧

پرۆژەی ئیلیسو ........................................ ٧٨
هەڵۆی قەندیل یان داڵی عوجە؟ ........................................ ٨٢
میری جاهیلان ........................................ ٨٥
ئەنفالتان لە یاد بێت ........................................ ٨٧
دوو نامە بۆ دوو عەین ........................................ ٩٠
دوو پێشنیار و یەک پرسیار ........................................ ٩٣
کۆمەڵگای مەلا مەدەنی ........................................ ٩٥
پڕوپاگەندەی چەواشە ........................................ ٩٧
شنەی ئازادی ........................................ ٩٩
سەرۆک ناسر ........................................ ١٠١
لە پێنتاگۆنەوە بۆ ئاوایی خێڵی حەمە ........................................ ١٠٣
ئایا مەلا بەختیار تیرۆریستە؟ ........................................ ١٠٥
بۆنی خوێن ........................................ ١٠٨
ینک گەشەی کردووە ........................................ ١١٢
فیل و تەقلە ........................................ ١١٣
پاژنەی ئاخیلی ینک ........................................ ١١٤
ناکۆکیی سەرەکی ........................................ ١١٦
زەنگۆڵ زەنگۆڵ ........................................ ١١٨
پاسمەرگە ........................................ ١١٩
جوولەکەی مایەپووچ ........................................ ١٢٠
پەڕی باڵی جەلالی ........................................ ١٢٢
پەیڤێک بۆ تاڵەبانی ........................................ ١٢٤
هاوڵاتی هاووڵاتییان فریو دەدات ........................................ ١٢٥
ئێمە بەکرێگیراوانی ڕژێمی عێراقین ........................................ ١٣٢
عوزرێک کە لە هەڵە قەبیحترە ........................................ ١٣٣
هاوڕێم حاجی ئەنوەر ........................................ ١٣٤
ماستی مەییو ........................................ ١٣٦
سلاو لەو خوێنەی بە فیڕۆ ڕژا ........................................ ١٣٧
پوازی داری کورد ........................................ ١٣٩

خۆ بینینەوە ........................................................................ ١٤١
تفەنگێک بۆ کرێ .................................................................. ١٤٤
ئەتککردنی شەهید ئارام .......................................................... ١٤٦
شاری پاشەکشێ و تۆرانی ....................................................... ١٤٨
بەڕێز مام (الإحسان بالتمام) .................................................... ١٥٠
دوو گەردەلوول لە یەک فنجاندا .................................................. ١٥١
ئایا ئەکرەمی حەپسە جەلالی بوو؟ .............................................. ١٥٣
کێ قەلە؟ ............................................................................. ١٥٤
سون و کوللە ...................................................................... ١٥٥
Time - out ......................................................................... ١٥٧
ماستاوەنامە ....................................................................... ١٥٩
کەرکووک .......................................................................... ١٦١
نامەی ئەکرەمی حەپسە بۆ مستەفا چاوڕەش ................................ ١٦٢
زانکۆیە لە کـــۆیە ...................................................................
١٦٣
شاعیرێکی ڕاپۆرتنووس ........................................................... ١٦٥
زەڕەیەک لە خاکی وەتەن ........................................................ ١٦٧
نامەی سپی ........................................................................ ١٦٩
ئوستانفیدرالی ..................................................................... ١٧١
**ینک بە ڕەخنە بالآنسی تێک دەچێت ...................................... ١٧٣**

# نامەیەک لە هەولێرەوە

داگیرکردنی هەولێر لە لایەن یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە، هەر وەک داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە دێتە بەر چاوم. وای بۆ دەچم ئەم سەرکەوتنە کاتییەی ی. ن. ک بە شکستێکی مێژوویی دوایی بێت، هەر وەک چۆن عێراق سەرەتا سەرکەوتنی بە دەست هێنا و دواتر بە جۆرێ شکستی خوارد، کە مەحاڵە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

ناتوانم بڵێم ڕەوتاری چەکدارانی یەکێتی لە شاری هەولێردا، لە هەڵسوکەوتی بەعسییەکان دەچێت لە سەروەختی ئەنفالدا. نەء لەو ناچێت، هەندێ جار تەواو وەک ئەوە. یەکێتی ئەوەی سەلماند، دەبوو ڕێکخراوێک بووایە سەر بە حیزبی دایک، مەبەستم بەعسە. سەیرە تا ئێستا یەکیان نەگرتووە.

داگیرکردنی هەولێر لایەنێکی گەشی تێدایە: خەڵکی هەولێر لە نزیکەوە بە کرۆکی یەکێتی ئاشنا بوو. ئەگەر جەماوەری هەولێر بتوانن وەک چۆن بەعسیان شاربەدەر کرد، ئاواش یەکێتی وەدەرنێن، زەحمەتە ی. ن. ک ڕێی بکەوێتەوە هەولێر، یان کە گەڕایەوە هەر هێندەی گەڕانەوەی بەعس، پێشوازیی لێ دەکرێت.

چونکە پێشمەرگەکانی یەکێتی هەر خەریکی دزی، تالانی، کوشتوبڕ و فڕاندنن، لە ناو خەڵکدا بە حەرەس قەومی ناوبانگیان ڕۆییوە. لە بیرت دێت کاتی خۆی کتێبێک بە ناوی ‹المنحرفون›ەوە لەمەڕ ڕەوتاری حەرەس قەومییەکان دەرچوو، ئاخۆ لە داهاتوودا چەند کتێب بە هەمان ناوەڕۆکەوە لەسەر نەوەی نوێی هەڵۆ سوورەکانی قەندیل دەربچێت؟

فیلمێکی ڕووسی هەبوو، کارێکی بەناوبانگی ئەزنیشتێن بوو، ناوی زرێپۆش

پوتێمکین بوو، یەکێتی کۆنە زرێپۆشێکی لەوەی هەیە، ‹کە دڵنیام ئەگەر پۆلیسی هاتوچۆ هەبێت، نە لەپشکنیندا دەردەچێت و نە مۆڵەتی ساڵانەی بۆ نوێ دەکرێتەوە،› بەو زرێپۆشە ژەنگنەوە، هێرش بکاتە سەر هەر شوێنێک، دەیگرێت، هەر بەوە ‹نەخۆشخانەی رزگاری›شی رزگار کرد. ئەو کۆنە زرێپۆشە چۆن هێندە چالاکە؟ نهێنییەکە هیچ کەس پەی پێ نابات، وەلێ بەوەدا پەرۆی سەوزی پێوەیە و لە شەخسە پەرۆینەیەکی گەڕۆک دەچێت، دەشێت شوفێرەکەی هەڵگری گیانی خاوێنی پیاوچاکێک بێت.

شێرکۆ بێکەس وا باسی قارەمانانی شیعرەکانی دەکات، ‹بە تایبەتی ئەوانەی سەر بە یەکێتین،› وەک باسی دڕندەی جەنگەڵ بکات. چەکدارانی یەکێتی، لە هەولێر شێرکۆیان بە درۆ خستەوە، ئاخر دڕندە لەو چەکدارانە دڵۆڤانترە.

هەتا باسی شەڕ لە گۆڕێدا نەبوو، نەوشیروان مستەفا لە لەندەن، سەبارەت بە کۆمارەکەی قازی محەمەد، خەریکی نووسینی کتێب بوو. هەر کە زانی زەمینەی شەڕ لەبارە، گەڕایەوە. وای بۆ دەچم هەر کە بەشەڕهاتووان پێک هاتنەوە، بگەڕێتەوە بۆ لەندەن و کتێبێک دەربارەی مەملەکەتەکەی شێخ مەحموود بنووسێت.* ئاخۆ پێش کۆسرەت هیچ سەرەکوەزیرانێکماڵی ئەندامانی وەزارەتەکەی خۆی تالآن کردبێت؟ سەرەکوەزیران هەیە دەستی بەسەر شتومەکی ئەو پەرلەمانتارانەشدا گرتبێت، کە متمانەیان پێ بەخشیبێت!

بێ گومانم نەفیر عامەکەی مام جەلالت بیستووە. خەڵکی دەپرسن: ئەرێ بە ڕاست ئەو سەرکردە مێژووییە، دوای کیمیاباران، ئەنفال، یان دوای کۆڕەوەکە و گەڕانەوەی بەعس، بۆچی جاڕی نەفیر عامی نەدا؟

بیست ساڵە مام جەلال دەیەوێ تۆڵەی ئەو گۆڵە مێژووییە بکاتەوە، کە بارزانی لە یازدەی ئاداری ١٩٧٠دا لێی کرد. بریا گەمەی سیاسەتیش وەک یاریی تۆپێ پێ بووایە، دوای سەعات و نیوێک، دەرکەوتبا، کام لا دۆڕاوە.

جاران پاسۆک بە جنێوفرۆش ناوی دەرکردبوو. ئەگەرچی پاسۆک سەریان کردەوە بە قاوغی پارتیدا، کەچی ژمارەی جنێوفرۆش لە ناو ڕیزە پتەوەکانی یەکێتیدا ڕوو لە هەورازە. لەم ڕۆژانەدا ڕادیۆی یەکێتی لە بواری جنێو داهێناندا پاسۆکی وا بەزاند، مەگەر کەوەکەی فەرەج وەها بەزێنرابێت.

یەکێتی لە ڕابردوودا بە ئێرانی سەلماند، ئەم خزمەتکارێکی بەوەفاترە لە حیزبەکانی دیکە. پێ دەچێت سەرقاڵی ئەوە بێت، هەمان بەڵگە بداتە دەست

تورکیاش. ئای ئەگەر تورکیا یەکێتی بە خزمەتکاری پلەی یەک ڕابگرێت، ئەوسا مەگەر خوا خۆی بزانێ حاڵی پ. ک. ک چەند شڕ دەبێت! یەکێتی یان خزمەتی داگیرکەر ناکات، یان کە کردی، بە گوێزێک گرەو لە هەموو قەزوانخۆرەکان دەباتەوە.

لە کوردستان برسێتی و ترس دوو هاندەری چاکن، بۆ ئەوەی خەڵکی لە ناو لایەنە بەشەڕچووەکاندا خۆیان ببیننەوە. ئەوە سەیرە لە ئەورووپاش کەسانی وا هەبن، لایەنی شەڕخوازان بگرن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو، خەڵکی بۆیە تێکەڵی سیاسەت دەبن، تا لە ڕێی لایەنێکەوە بۆ جوانترکردنی ژیان کۆشش بکەن، لە کوردستان ئەوی سەر بە لایەنی دەسەڵاتدار نەبێت، نان نییە بیخوتا. لای ئێمە حیزبایەتی: پیشەیە، کاسبییە، بازرگانییە. دوو مانگە هەر حیزبی و چەکدار مووچەیان وەرگرتووە، دەنا کرێکار و کارمەند، هەر بە ئۆکسجین دەژین.

لە سەردەمی بەعسدا ئەوی بەشداری قادسییەی سەدامی نەکردبا، ڕژێم هیچ داخوازییەکی بۆ جێبەجێ نەدەکرد. ئێستاش هەرچی لە قادسییەی جەلالدا چالاکی نەنواندبێت، ڕێی بکەوێتە هەر دەزگایەکی ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی، ئیشی ناڕوات.

یەکێک لە سەرئەنجامەکانی ‹ام المعارک› ڕابوونی خەڵکی خوارووی عێراق و کوردستان بوو، بە ڕووی ڕژێمدا، بریا دوای ئەم ‹ام الگمارگ›یش** خەڵکی کوردستان ڕادەبوونەوە و ناڵێم کوردستانێکی ئازاد و بێ چەوساندنەوە، ئەوەیان دوورە، وڵاتێکی بێ چەکداری یەکێتییان دادەمەزراند.

دەزانی جیاوازی نێوان کەو و پێشمەرگە کە هەردووکیان شەیدای چیان، چییە؟ کەو لە شاخ ئازادە و لە شاردا خەڵکی لە قەفەزدا بەندی دەکەن، بەڵام پێشمەرگە کە دێتە شارەوە، خەڵکی بەند دەکات. خۆزگە وەک چۆن ماسی دوور لە ئاو ناژی، چەکداریش دوور لە شاخ نەژیابا.

1995. 01. 22

* جێی سەرنجە هەندێ لە کتێبەکانی نەوشیروان مستەفا تەئلیف نین، تەجمیعن.

** ام المعارک: شەڕی دووەمی کەنداو. ام الگمارگ: هێمایە بۆ خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل.
‹غسان الامام›

## 13ی حوزەیرانی 1994

لە شەست و شەشەوە ‹ی. ن. ک› هێندەی دەستی بە خوێنی کورد سوور بووە، نیو هێندە زیانی بە داگیرکەرانی کوردستان نەگەیاندووە، هێندەی پەلاماری لایەنە کوردییەکانی داوە، نیو هێندە بە گژ دوژمنانی کورددا نەچۆتەوە. سی ساڵە ئەو لایەنە بە دوو زمان دەپەیڤێت: بەرامبەر بە داگیرکەر: بە زمانی ماچ، بەرامبەر بە کورد: بە زمانی خوێن. دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان نەماوە، یەکێتی بە کرێ کاری بۆ نەکردبێت. لە سەراپای کوردستاندا لایەنێکی کوردی نەماوە، یەکێتی پەلاماری نەدابێت. زۆربەی لاپەڕەکانی کتێبی مێژووی یەکێتی، بریتییە لە: ناپاکی و کوردکوژی. خانی لە پێشەکییەکەی مەم و زیندا، دروست دەڵێیت باسی سەرانی یەکێتی دەکات. لە سێ سەد ساڵی ڕابردوودا، نە هیچ میرێکی ناپاکی کورد، ئەوەندەی سەرکردەیەکی یەکێتی لە ئاستی داگیرکەردا ملکەچ بووە، نە هیچ خۆفرۆشێکی کوردیش، هێندە بەرامبەر بە میللەتی خۆی دڵڕەق و خوێنڕێژ بووە.

کە تەرمی عوسمانی قادر منەوەر بە ڕەزامەندی یەکێتی، بە مەبەستی بە خاک سپاردن، بۆ سلێمانی هێنرایەوە، دەیان هەزار کەس بەرەو گۆڕستان، شوێنی کەوتن. یەکێتی کە بە پێی لێکدانەوەی چەوتی خۆی، دڵی کوردستانی لە پدک خاوێن کردبووەوە، کە لافاوی جەماوەری بینی، هۆش لە کەللەیدا نەما، تووشی هێستریا هات و ژن، منداڵ، پیر و گەنجی بێچەک و تەنانەت تەرمەکەی عوسمانیشی بەر دەسترێژ دا.

هەندێک جار کە بەراوردی نێوان بەعس و یەکێتی دەکەم، بەعس ئابڕوومەندتر

دەبینم. بەعس بواری دا، تەرمی شێخ شەهاب، بەڕێزەوە بنێژرێت، کەچی یەکێتی تەرمی عوسمان و خەڵکی شاری سلێمانییان گوللەباران کرد. یەکێتی لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا، نە یەکەم جاری بوو خەڵکی بوێری سلێمانی بەر دەستڕێژ بدات، نە دوا جار. کە لە یازدەی مارسی ١٩٧٠دا بارزانی ڕژێمی بەعسی ناچار کرد، دان بە نۆکەرێتیی جەلالییەکاندا بنێت، بە جۆرێک بالآنسیان تێکچوو، بە بڕیاری نەوشیروان مستەفا، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی  ئەوسا و ئێستایان، ئاهەنگی کچانی سانەوی سلێمانییان نارنجۆکباران کرد. بە خوێن تینووانی سەر بە یەکێتی، لە یەکی ئەیلوولی ١٩٩٤یشدا، ڕێپێوانی هێمن و ئاشتییانەی خەڵکی هەژار و بێ خانە و لانەی سلێمانییان دایەوە بەر ڕێژنەی گولله و شاعیری چەوساوەکان: ئەبوبەکر عەلییان شەلآلی خوێن کرد.
کورانی یەکێتی نەوەی شەرعیی جەللادانی بەردەرگای سەرای سلێمانین، وەچەی ئەو بکوژانەن کە لە شەشی ڕەشی ئەیلوولی ١٩٣٠دا، دەستیان بە خوێنی عەوله سیس و هەڵۆ بەگ سوور بوو. بەوەی سڵ لە کوشتنی خەڵکی بێچەک و دیل ناکەنەوە ، تەمی گومانیان لە ڕووی ئەو ڕاستییە لابرد، کە بێچووی جەللادی دۆڵی مەرگ: زەعیم سەدیقن. بەوەی یەکێتی پاسداری هێنایە کوردستانەوە، بیانووی دایە دەست بەعس، تا هەڵەبجە کیمیاباران بکات، کە بەعس ژاری خۆی ڕشت، پێشمەرگە ڕەوتار بەعسیەکانی یەکێتی شارەکەیان تالآن کرد.
کاسێتی بەڕێکردنی تەرمەکەی عوسمانی قادر منەوەرم بینیوە، کە کورانی فوو لە دۆ نەکەر و کون لە جەرگدا نەبووی یەکێتی، خەڵکە بێ چەک و سنگ قەڵغانەکە بەر ڕێژنەی گولله دەدەن، ژنێک بە هاوارێکی تێکەڵ بە گریانەوە دەڵێت: خەڵکینە بەعس تەقەی لە ژن نەدەکرد، یەکێتی ئەوەیشی کرد! چەند شەرمە کورد بیت و بەعسی بیت، هێندەیش شەرمە، کورد بی و سەر بەو لایەنە بیت، دەستڕێژ لە تەرمی شەهید ، قەڵەمی شاعیر و  بزەی سەر لێوی کیژان دەکات.
ئەو ئافرەتە پێی سەیرە یەکێتی تەقە لە ژن بکات. لایەنێک نەیاری سیاسیی خۆی فڕێ بداتە تەندوورەوە، وەک لە کۆتایی سالآنی شەستدا لە بەکرەجۆ کردی، زیندانی، ‹بۆ ئەوەی ددان بە تاوانێکدا بنێت کە نەیکردووە› هەتک بکات، وەک لە ساڵی ١٩٩٤دا لە قەلآچوالان کردی، بە تەور ئەندامی لەشی ئەندامی سەر بە ڕێکخستنەکەی خۆی بپەڕێنێت، دیل بکوژێت، لە ئۆرگانەکەیدا بە مەبەستی تۆقاندنی هاوولآتییان، پۆستەری زمانبڕین بلآو بکاتەوە،  ڕۆژنامەی نەیارەکەی

بسووتێنێت و بە دەوری ئاگرەکەیدا هەڵبپەڕێت، مافیا ئاسا سەرانە لە خەڵکی ژێر دەسەلاتی خۆی بسێنێت، مامۆستای زانکۆ بکوژێت و بفڕێنێت، بەعس ئاسا خەڵکی لە زێدی خۆی دەر بکات، لەسەر خواستی داگیرکەر ڕادیۆی کوردی بخنکێنێت، دەستی بچێتە خوێنی حەمە کوڵەباڵ، نووری حەمەعەلی، عەلی بۆسکانی و محەمەد حەللاق، شەرم وشەیەکە لە فەرهەنگی لایەنی وادا جێی نابێتەوە. لایەنێک ناپاکیی پێ شەرم نەبێت، ئیدی هیچی پێ شەرم نییە و نابێت.

بەعس لە مێژ بوو هەوڵی کوشتنی عوسمانی دەدا، یەکێتی ئەو ئاواتە دێرینەی بەعسی هێنایە دی. لەوە دەچێت یەکێتی لە کوردستاندا تابووری پێنجەمی بەعس بێت، ئەگەرنا بۆچی یەکە یەکە ئەرکەکانی بەعس بە وریاییەوە جێبەجێ دەکات؟

مێژووی کورد بەڕێزەوە ناوی شەهاب و ئارام دێنێت، بەڵام ناوی گەلێ لە سەرانی ئێستای یەکێتی، لەو ڕووپەلەدا دەبێت، کە بۆ ناوی گەورەجەللادان و ناپاکە مەزنەکان تەرخان دەکرێت. دەشێت پارتی سبەی دەست بخاتەوە ناو دەستی یەکێتی، بەڵام قەسابخانەکەی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤ بە هەنیەی یەکێتییەوە، ‹ئەگەر جێگەی پەڵەی دیکەی تێدا ببێتەوە،› پەڵەیەکی لە سڕینەوە نەهاتووە.

گەورەترین هەڵەی بارزانی ئەوە بوو، ساڵی ١٩٧٠ لە ناپاکان خۆشبوو. بیست ساڵە، نەک هەر تەنیا پارتی، هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە ڕووباری خوێن باجی ئەو هەڵەیە دەدەن.

بە دەگمەن کۆڵان و شەقامی شاری سلێمانی ماوە، یەکێتی خوێنی بێ تاوانێکی تێدا نەڕشتبێت. نازانم خەڵکی ئەو شارە چۆن دەتوانن بە ڕێدا بڕۆن و پێ بە گوڵاڵەسوورەی خوێنی هاوشارییەکانیاندا نەنێن! نازانم کە هاتمەوە سلێمانی، چۆن ڕێ بکەم و پێ بە پەڵەخوێنی حەمەکوڵەباڵ، نووری حەمەعەلی، عەلی بۆسکانی، ئەبوبەکر عەلی و ئەو شەهیدانەدا نەنێم کە بە دوای تەرمەکەی عوسمانی قادر منەوەرەوە بوون!

1995. 11. 16

بە پێی ڕێککەوتننامەی واشینگتۆن، دەبوو هەڵبژاردن لە سەرەتای تەمموزی ساڵی ڕابردوودا ئەنجام بدرێت. بەوەدا لای ئێمە وەخت ئەو بایەخەی نییە، ئەگەر لە کۆتایی تەمموزی ئەمساڵیشدا، ئەو خەوە بێتە دی، ئەوا هەر شوکرانەی دەوێت. هێمن زۆر بە هەڵەدا چووە، کە دەڵێت: ‹لە نێو کوردا نەبوو پەیمانشکاندن...› ڕاستییەکەی پەیمانشکاندن بەشێکی گرنگە لە کولتووری ئێمە. جاران ی. ن. ک، پەکەکەی وەکوو کارتێک بۆ گوشار خستنە سەر پارتی بەکار دەهێنا، ئێستا ئەو کارتە گەلێک لەوە بێبایەختره کە ئەو ڕۆڵە وازی بکات. کارتی ئێرانیش بوو بە فەڕ و بەسەر ئیسلامییەکاندا باری. کارتی گرتنی هەولێریش هەر زوو سووتا. هەموو ئەو بارگیرانەی یەکێتی بلیتیان لەسەر دەبڕێت،، یەک لەدوای یەک دەگلێن.

تا ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی دوا بکەوێت، مێگەلەکە لە یەکێتی دوورتر و لە پارتی نزیکتر دەکەوێتەوە. بەوەدا دۆست و دوژمن و دەر و دراوسێ دەرکیان بەم ڕاستییە کردووە و کەچی یەکێتی هەر پاڵێ لێ داوەتەوە، پێ دەچێت بڕیار لە دەستی خۆیدا نەبێت، یان خۆی دوژمنی سەرەکیی خۆی بێت.

تا گۆمی پێوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی لێڵتر بێت، ڕەوتە ئیسلامییەکان، هەلی مەلەکردنی لەبارتریان بۆ دەڕەخسێت. دەر و دراوسێش سووک و ئاسانتر دەتوانن دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەربدەن. بەوەدا بەشێکی گرنگ لە ئەندامانی شاندی یەکێتی بۆ کۆبوونەوە دووقۆڵییەکان، لە کەسانێک پێک دێت، کە لەناو خودی ئەو لایەنەدا قورساییەکی ئەوتۆیان نییە، پێ دەچێت ی. ن. ک

ئومێدێکی وای بەو کۆبوونەوانە نەبێت.
یان بەوەدا یەکێتی نە ڕێز لە ئیمزای سکرتێرەکەی  دەگرێت و نە وابەستەی گفتی وەڤدەکانی دەبێت، لەوە دەچێت لە چەند تیرەیەکی ناکۆک پێک هاتبێت. تۆ بڵێیت ڕەوتی کیسەڵئاسای ڕێککەوتننامەی واشینگتۆن، ڕەنگدانەوەی ئەم فرەتیرەییە بێت. پێم وایە لە سەرکردایەتی یەکێتیدا چەند ناوەندێکی بڕیار بەدەست هەنە و هەر یەکەشیان ڕووی لە هەوارێکە. ئاخۆ کەسی یەکەمی یەکێتی، تا کەی دەکارێت کۆنترۆڵی کێشە و ململانێکانی نێوان ئەو ناوەندانە بکات؟ بەوەدا ی. ن. ک زێتر لە میلیشاوە نزیکە وەک لە حیزب، ڕێی تێدەچێت شەڕی ساردی نێوان ناوندە جیاوازەکان، شێوازی گەرمیش بە خۆیەوە ببینێت.
یەکێتی بەو مەبەستەی بەشی شێری پێ ببڕێت، بە گژ پەنجا بە پەنجادا چووەوە، بەڵام ئاش لە بەرژەوەندیی خەیاڵی ئاشەوان نەگەڕا و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم چوار ساڵەی دواییدا ڕوویان دا، لە قازانجی یەکێتی نەبوون. ئەگەر ی. ن. ک واقیعبینانە سەرنجی ڕەوشی نوێی کوردستان بدات، نابێت ‹لای کەم حاڵی حازر› بە هیوای نیوە بە نیوە بێت.
پێمان خۆش بێت یان نا، ئێستا داشی پارتی سوارە،، بەڵام واقیع بەردەوام لە گۆڕاندایە. بۆ هەموومان وا باشترە پێبەندی ڕابردوو نەبین، چاو لە داهاتوویەکی گەشتر ببڕین. با یەکێتی لەبری خەوبینین بە ڕابردووی پرشنگدارەوە، هەوڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بدات، ئەگەر نا هاکا ئیسلامییەکان ئەو بەرە شڕەشیان ڕاکێشا، کە بە ئەستەم لە ژێر پێیدا ماوە. لە سەروەختێکدا، کە لە ژێر چەتری نە شەڕ، نە ئاشتیدا، ئیسلامییەکان گورجوگۆڵانە درێژە بە تیرۆر دەدەن و بەعسییەکانیش چاپووکانە سەرقاڵی ڕاگوێزانن، خەمی سەرەکی و دەستبەجێی یەکێتی، دابەشکردنێکی عادیلانەی داهاتی ئیبراهیم خەلیلە!

2000. 01. 17

من قسە لەسەر وردەکارییەکانی فێڵەکانی ی. ن. ک لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا ناکەم. ئەوی بە دوای ئەو وردەکارییانەدا وێڵە، با پێوەندیی بە هەردوو حیزبی شیوعی، کوردستان و کرێکارییەوە بکات، لای کەم ئەو دوو لایەنە دەوێرن، پەچەی سەر رووی ساختەکان هەڵبدەنەوە.
مارکس پێی وابوو، لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا بەستەڵەکی جیاوازییەکانی نێوان گوند و شار دەتوێتەوە. تا دوو هەفتە لەمەوبەر کەسانێکی زۆر ئەو پێشبینییەیەی مارکسیان بە زادەی خەیاڵێکی نەخۆش دەزانی. نایشارمەوە تەنانەت منیش هەندێ جار مارکسم لێ دەبوو بە شاعیرێکی رۆمانتیک. سوپاس بۆ یەکێتی کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، مافی دەنگدانی بە بەشێکی گرنگ لە گوندنشینەکانیش رەوا بینی، بەو هەنگاوەی خەوەکەی مارکسی هێنایە دی.
جاران بڕوام بە الطاهر وطار نەدەکرد کە دەیگوت: ‹ئەم هەفتەیە شەهیدان دەگەڕێنەوە،› باش بوو رەشەبای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان تەمی ئەو گومانەشمی ڕەواندەوە، کاتێک یەکێتی لێ گەڕا، نەک هەر شەهیدان، بەڵکو ئەنفالکراوان، مردووان و ئەوانەشی وڵاتیان بەجێ هێشتووە، بەشداری دەنگدان بکەن. یەکێتی بەمە ئەوەشی سەلماند: ئەوی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەنگەری ویدا بووبێت، لە سەروەختی هەڵبژاردندا فەرامۆشی ناکات.
لە هەر وڵاتێک لایەن یان سەرۆکێک، لە هەڵبژاردندا ڕێژەی لە سەدا نەوەد و نۆ و وێرگول نەوەد و نۆ بهێنێت، لەوێ دیموکراتی بوونی نییە. یەکێتی تەلبەندی سنووری دوژمنکردی ئەم ڕێسایەشی بەزاند و هەڵاوێردنێکی ‹إستثناء› مێژوویی

لەم بوارەشدا تۆمار کرد، کاتێک لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لە سەدا سەد و وێرگول یەکی هێنا. ئاخر ژمارەی ئەو دەنگانەی یەکێتی بە دەستی هێنا، لە ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، هەڵکشاوتر بوو. تۆ لەوەی گەڕێ لە سەدا چەند، دەنگی بە یەکێتی نەداوە و چەندی دیکەش هەر بەشداری هەڵبژاردنی نەکردووە.

یەکێتی لە کاتێکدا ‹نامە›ی هەڕەشەی نانبڕینی بۆ ئەوانە دەنارد، کە گومانی ئەوەی لێ دەکردن دەنگ بە لایەنەکانی دیکە بدەن، پەیامێکی هێمن و دۆستانەشی بۆ ڕژێمی عێراق نارد و لە دروشمی ڕووخاندنی سەددام، پاشگەز بووەوە. ئەم ‹عەشرەت هاوارە›ی سکرتێری یەکێتی، بێ وەڵام نەمایەوە و لە ڕێی ڕۆژنامەی ‹القدس العربی›یەوە، شێرەکوڕانی عەشیرەت:‹هاروون محەمەد و کوبەیسی› هەر زوو بە دەنگ هاوارەکەیەوە چوون و کارتی داوەتنامە بۆ بەغدایان بۆ ڕەوانە کرد.

پاسۆک یادی بەخێر، پێنجوێنی پێ ڕزگار نەدەکرا و داوای ئازادکردنی پێنج پارچەکەی دەکرد. ئەگەرچی ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا، یەکێک نییە لە ئەرکەکانی حیزبە کوردستانییەکان، بەڵام مانەوەی ئەو بەشەی کوردستان بەم شێوەیەی ئێستای، کە نە وڵاتە و نە بەشێکیشە لە وڵاتێک، لە گەڕانەوە بەرەو ئامێزی ڕژێم، گەلێک باشترە. ڕاستە داهاتووی کوردستان ڕوون نییە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ لای بەغدا، چارەنووسی کورد لێڵتر دەبێت و پرسی کورد لە کێشەیەکی نێودەوڵەتییەوە، دەبێتەوە بە مەسەلەیەکی تایبەت بە عێراق. بەعس لە تەنگانەدایە، مێژوو لەوانە نابوورێت، کە بە هەر بیانوویەکەوە دەستی هاوکاریی بۆ درێژ دەکەن. ئەوی بۆی ناکرێت، گوڕێک بە ڕووخاندنی ڕژێم بدات، با لای کەم، ڕێز لە لەشکری خۆبەختکردووان بگرێت و نەبێتە کۆسپ لەو ڕێگە پیرۆزەدا.

2000. 02. 19

مەلا بەختیار کە ناو بە ناو مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کۆ دەکاتەوە و ئامۆژگارییان دەکات، کتێبێکی بە ناونیشانی ‹یاخی بوون لە مێژوو ١٩٩٨› لە وەڵامی بیرەوەرییەکانی ‹سەید کاکە›ی بە قەولی ئەو ‹نەخوێندەوار و دوور لە کاروانی رووناکبیری ل ٩›دا نووسیوە، تێیدا چەندان هەڵەی وای کردووە کە دەشێت لای کەم بکرێنە کەرەسەی ساتیرێک.

سکرتێری حیزبێک بەڵەدم کە دەینووسی: تێبینی، دەیکرد بە سێ لەتەوە: تێ بی نی، منیش یەکسەر ‹دی دی تی›م بیر دەکەوتەوە. مەلا بەختیاریش کە خۆی بە نووسەر و زمانزانیش دەزانێت، لە نووسینی ناونیشانی کتێبەکەیدا هەمان رێبازی رەچاو کردووە، ئەویش: یاخیبوون کە یەک وشەیە، لە ناوەڕاستدا کردوویە بە دوو لەتی تا ڕادەیەک یەکسانەوە: یاخی لەگەڵ بوون.

چ قەیدی با سەرکردەیەک نەخوێندەوار بێت، کارەسات ئەوەیە رێبەر بێسەواد بێت و خۆی بە رووناکبیرێکی مەزن بزانێت! مەلا بەختیار چارەکە سەدەیەک زێترە خەریکی خەباتی سیاسییە، خەڵکی خانەقینە کە لەوێ زمانی زاڵ عەرەبییە و چەندان جار لە چەندان حیزبدا گەیشتووەتە لوتکەی قوچەکەکەش، کەچی جارێک لە ل ١٠٦ و جارێکی دیکە لە لاپەڕە ١٠٩ی کتێبەکەیدا، لەبری تەزکیە نووسیوێتی: تەسکیە!

یان دەنووسێت: ‹لە نەستی هەست پێنەکراوی خۆیدا ... ل ١٧٠› لە نێوان دوو کەوانیشدا لە بری نەستی هەست پێنەکراو، نووسیوێتی: اللاشعور. مەلاش هەندێک جار دەکەوێتە گۆمی هەڵەوە، ئەوەتا ئەمیش نەیزانیوە هەست: ‹شعور› و

نەست: ‹لاشعور›ە و بە پێی تێڕامانەکانی دەبێت نەستی هەستپێکراویش هەبێت، ئەمەش تازەگەرییە لە بواری دەروونناسیدا و لە فرۆید، یۆنگ، فرۆم و لاکان، تێپەڕاندنە.

ناوبراو واتای ‹زۆربەی موتڵەق› نازانێت و دەشیخاتە ڕستەوە، باسی ساڵی ١٩٧٩ دەکات و دەنووسێت: ‹لە پارێزگای کەرکووک زۆربەی موتڵەق یەکێتی بوون. ل٢١٢› زۆربەی موتڵەق ‹بەبوورن بۆ مەلا بەختیاری ڕوون دەکەمەوە، دەنا دەزانم ئێوەی خوێنەر دەیزانن،› واتا: یەک دەنگ لە نیوە زێتر. بۆ نموونە ئەگەر ٢١ کەس بەشداری دەنگدان بکەن و یازدەیان دەنگ بۆ مەلا بەختیار بدەن، ئەوە مانای زۆربەی موتڵەقی لەگەڵە. وەک دەردەکەوێت ناوبراو زۆربەی موتڵەق، بە ‹الاکثریە الساحقە› تێگەیشتووە، کە بە مانای زۆربەی هەرە زۆر دێت.

هەروەها دەنووسێ: ‹لەناو جەرگەی دیمۆگرافیەتی خەڵکەکەیدا... ل ٢٤١›

* demography زاراوەیەکی ئینگلیزییە، بۆیە عەرەبییانە تەسریف ناکرێت.

* demo واتا خەڵک، graphy واتا: نووسین و وێنەکێشان.

* دیمۆگرافی واتا: زانیاری سەبارەت بە دانیشتووان و چۆنێتی پێکەوە ژیانیان و ئەو گۆڕینانەی بەسەریاندا دێت، لە بابەتی: لەدایکبوون، مردن و ژنهێنان.

* وەک بە ئاشکرا دیارە مەلا بەختیار مانای زاراوەکەی نەزانیوە، دەنا دەیزانی بیخاتە ڕستەوە.

محەمەدی حاجی مەحموودیش لە ‹ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک ١٩٩٨›دا ئەگەرچی کوردییەکەی لەوی مەلا بەختیار ڕەسەنترە، بەڵام بڕوای بە خاڵبەندی نییە و خوێنەر هەناسەی سوار دەبێت ناگاتە وێرگولێک. هەندێک جاریش هەڵەی لە چەشنی ئەوانەی مەلا بەختیاری کردووە. بۆ نموونە دەنووسێت: (بە ڕاشکاوی خۆمان حەشاردابوو تا ئاشکرا نەبین. ل ٢٢٩›  بە ڕاشکاوی دەڵێم نووسەر مانای بە ڕاشکاوی نەزانیوە، بێجگە لەمە ئینسان بۆیە خۆی حەشار دەدا تا ئاشکرا نەبێت، ئەگەرنا خۆی حەشار نادات.

محەمەدی حاجی مەحموود دەنووسێت: ‹شیروان شیروەندی لە مام جەلالی دابوو بزووتنەوە یاداشتێکی تێروتەسەلیان داینێ. ل٢٤٠› وای بۆ دەچم مەبەستی لە تێروتەسەل، توندوتیژ بێت. یاداشت، بیرەوەرییە کە ‹مذکرات›ی عەرەبییە، یادنامە بۆ  مذکرە لەبارترە. هەروەها دەنووسێت: ‹قادر جەباری و ئەبو شەهاب لە سەربانێک بوون سوتفە منیش چووم بۆ ئەوێ. ل٤٢٤› سوتفە: مەبەستی لە

سودفەیە، کە بە کوردی دەبێ بە: بە ڕێکەوت.

کاکە حەمە وەکوو نووسیوێتی دوو شایەتی هەیە: ‹سوار ئاغا و عەزیز بەگ› کە ‹ڕۆژێکیان لە پڵنگان فەردەیە خەیاری خواردووە. ل٣٠٦› ئەمە جێی باوەڕە، بەڵام ئەوە سەیرە لە ل٢٠ی کتێبەکەیدا لەبری ئاودەستخانە دەنووسێت:( W. C ) water بە مانای ئاو دێت و closet یش ئەو ‹خانە›یە دەگرێتەوە کە ئینسان دەستی تێدا بە ئاو دەگەێنێت. تۆ لەوەی گەڕێ کاکە حەمە ئەوانە دەزانێت یان نا، چونکە بە خەباتی خۆی فێری نووسین و خویندن بووە و خۆی بە زمانزانیش نازانێت، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا کوردێک بە ڕۆژێک فەردەیەک خەیار بخوات، بە ئاودەستخانە دەڵێت: w. c؟

1999. 09. 06

## بەختیار و شەنداخ

ڕووناکبیر: ئەوی ئەستێرەی جێپەنجەی بە ئاسمانی بوارێکی ڕۆشنبیرییەوە گەش گەش دەدەرەوشـێتـەوە و بەرهـەمـی دەبێـتـە هەوێنی گـۆڕانکاری، نـابێت سـەر بە دەسەڵات بێت، نابێت سـەر بە حیزب بێت و نـابێت کوێرانە سەر بە جەماوەر بێت. ڕووناکبیر دەبێت لە سەنگەری دژ بە دەسەڵاتدا بێت. نابێت بەو بیانووەی لە ڕێی دەسەڵاتەوە ڕاژەی میللەت دەکات، خۆی لە دەسەڵات نزیک بخاتەوە. دەبێت دژی زیندانی حیزب بێت، دەنا ناچار دەبێت، چاو لە هەڵە و ناپاکییەکانی حیزبەکەی بپۆشێت. دەنا حیزبەکەی ‹ڕەحمان› و شەیتان، ڕاست و چەوت، حەڵاڵ و حەرام، چاک و خراپ، سپی و ڕەشی بۆ دیاری دەکات. دەبێت لە پێش جەماوەرەوە بێت، دەنا لە قەڵەباڵغییەکەدا بزر دەبێت. دەبێت دژی دابونەریتی زاڵ و بیروڕای زۆربە بێت. دەبێت هەمیشە چاوی لە داهاتوویەکی گەشتر بێت. دەبێت بوێرێ چی بە ڕاست دەزانێت، بیڵێت.

*

کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای ساڵانی هەشتا چونکە لە دەستەی بەڕێوەبەری نووسەراندا بووم، ناوبەناو لەگەڵ دەسەڵاتداراندا ڕوو بە ڕوو دەبوومەوە. ئەو سەردەمە لە سلێمانی عەتییە شەنداخ بەرپرسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوو. ئەو کارە ئێستا مەلا بەختیار دەیکات. کە بەراوردی ڕەوتارەکانی شەنداخ و بەختیار بەرانبەر بە نووسەران و هونەرمەندان دەکەم، بە داخەوە هەڵوێستی شەنداخ جوانتر دەبینم.

شەنداخ پێی دەگوتین: دەزانم ئێوە دژی ئێمە دەنووسن، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەوەندە

لاواز بین، بە شیعرێک یان چیرۆکێک بڕووخێین، سەرپشک بن، چی دەنووسن، بینووسن، با بڕووخێن، دیارە شیاوی ڕووخانین. مەلا بەختیار پێمان دەبێژێت: هەر نووسەرێکی سلێمانی بەرهەمی ئەدەبی لە گۆڤارێکی هەولێردا بڵاو بکاتەوە، ناپاکە.

کە مەلا بەختیار زیندانی بوو، ئەوە من بووم پێوەندیم بە ڕووناکبیرانی ئەورووپاوە کرد، تا بۆ ئازادکردنی گوشار بخەنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەچی کە بە شوێنەکەی عەتییە شەنداخ بەختیار بوو، هێندەی لە دەستی هات، سووکایەتیی بە برا و هاوڕێ نووسەرەکانی من کرد!

*

هەڵوێستی ڕێکخستنی ی. ن. ک لە هۆڵاند، سەبارەت بەو کۆڕە ئەدەبییەی ماوەیەک لەمەو بەر لەوێ گێڕام، شەنداخانە بوو. تەنیا لە ماسولکەنیشاندان و چاوسوورکردنەوەدا، خۆی بەرجەستە کرد. بەو هیوایەی ڕۆژێ دابێت، ڕێکخستنەکانی دیکەی یەکێتی، بگەنە هەمان ئاست لە سنگفراوانی و تۆلێرانس و تەسامو‌ح.

2000. 02. 12

## یەک کتێب و سێ حیزب

دیموکراسی دوای جەنگی سارد، دوا ‹کتێب›ی مەلا بەختیارە، بێ ئەوەی بیخوێنمەوە، ڕەخنەی لێ دەگرم. ناواخنی کتێبە سێ سەد و قسوور لاپەڕەییەکە، بریتییە لەو قسە و باسانەی کە ناوبراو لە دوای ڕاپەڕینەوە لە زنجیرەیەک کۆڕدا، پێشکەشی کردوون. نووسەر لەم کتێبەیدا بە ناوی سێ حیزبەوە قسەی کردووە: ئالای شۆڕش، زەحمەتکێشان ‹کە لە خانەقین بە جەڕ عەزاب ناوی ڕۆیشتووە› و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەو ماوەیەی مەلا بەختیار لە سوێد بوو، لە ڕادیۆیەکی کوردیی ستۆکهۆڵمەوە، سێ جار وتووێژی لەگەڵدا ساز کرا، هەر جارەی نوێنەری یەکێک لەو حیزبانە بوو.

لە ناوەڕاستی سوێددا شارۆچکەیەک هەیە، خەڵکی خانەقینی زۆر لێییە، کۆمەڵەی کوردیی ئەو شارۆچکەیە، تا ئێستا سێ کۆڕیان بۆ مەلا بەختیار چێ کردووە، لەو سێ کۆڕەشدا هەر کەڕەتەی بە ناوی یەکێک لەو حیزبانەوە پەیڤیوە. کەسم نەدیوە هێندەی مەلا بەختیار عاشقە کۆڕ بێ. هەر بۆیە یەکێتی کەڵکی لەم لایەنە گەشەی ئەم کادیرە چالاکە بینی و کردیە بەرپرسی کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرقاڵی کۆڕگێڕانن.

ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا چالاکن، دەبێت نەک هەر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا بڕۆن، بەڵکوو پێویستە پێشبینی داهاتووش بکەن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە یەکێکە لەو حیزبانەی لە دوای ڕووداوەکانەوەیە، نامیلکەیەکی بەو مەبەستەی بیسەلمێنێت، مەلا بەختیار ناسیۆنالیستە، نەک مارکسیست، نووسیبوو. تا نامیلکەکە بە ڕەوتی کیسەڵ ئاسا، بە هەناسەبڕکێ گەیشتە بازاڕ،

مەلا بەختیار بە قەڵەمبازی ئاسک ئاسا، لە ئاڵای شۆڕشی مارکسیستی شۆڕشگێڕەوە، بە تونێلی زەحمەتکێشانی سۆسیالیستدا، گەیشتە دیوەخانی ‹ینک›ی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

نەخت ـ شمەک ـ نەخت. خوری ـ ڕیس ـ خوری. یەکێتی ـ ئاڵای شۆڕش ـ یەکێتی. مەلا بەختیار ئەگەر جارانیش سەرقاڵی ئەم بەزمەی ئێستای بووایە، هەرگیز خۆی لە یەکێتی زویر نەدەکرد. ئەگەر لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا ئەو هەڵە کوشندەیەی نەکردبا، ‹خوا عالم ئەمێستاکە لە کام عەرشی دەسوو داوێن.› ماوەیەک لەمەوبەر ‹هەڵسەنگاندن›ێکی عەتا قەرەداغیم(١) سەبارەت بە ‹لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ›ی نەوشیروان مستەفا، خوێندەوە.(٢) عەتا بەو نووسینەی دەرگای حوجرەیەکی نوێی لە ڕەخنەدا کردەوە، کە ڕەخنەی ماستاوی، یان ماستاوەڕەخنە، پڕ بە پێستێتی. بەو مەبەستەی ئەدەبی ماستاو ساردکردنەوە، جێ بە ئەدەبی مەنفا، ئەدەبی بەراوردکاری، ئەدەبی زیندان، ئەدەبی بەرگری و ئەدەبی نامەکاری لێژ نەکات، لەمەو دوا ناو بە ناو ساتیرەڕەخنە دەنووسم.

2000. 05. 24

(١) کوردستانی نوێی ڕۆژی ٦ی ٢ی ٢٠٠٠

(٢) جێی سەرنجە نەوشیروان مستەفا ناونیشانی ئەو کتێبەی لە ‹نجفقلی پسیان›ەوە وەرگرتووە. ئاخر ئەو نووسەرە فارسە، نیو سەدە لەمەوبەر کتێبێکی بە ناونیشانی: ‹از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس›ەوە بڵاو کردووەتەوە، کە بە کوردی دەبێتە: لە مەهابادی خوێنینەوە تا کەنارەکانی ئاراس.

جاران هەرچی عێراقچی بووایە، بۆ تیری یەکێتی دەبووە نیشانە. حاڵی حازر ‹حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق،› چونکە بانگەشە بۆ جیابوونەوەی کوردستان دەکات، ‹ی ن ک› گەڕی لێ ئاڵاندووە. چونکە نزیکەی هەموو ئەندامەکانی حککع کوردن و لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستانیش دان، بۆیە تا زووتر عێراقییەکە لە کلکی خۆی بکاتەوە درەنگە.

یەکێتی لایەنێکی ‹نەتەوەییە،› بۆیە ئاساییە کوردی سوریایش چالاکانە کاری بۆ بکەن، وەک عومەری شێخمووس و یوسف زۆزانی دەیکەن. حککع لایەنێکی نێونەتەوەییە، بۆیە ئاساییە هەندێ ئێرانیش کاری تێدا بکەن. ئەوە جێی سەرنجە گوتاری سیاسی حیزبەکە و شێوەی ئاخاوتنی ئەندامانی تەواو لە گوتاری سیاسی و ئاخاوتنی کۆمۆنیستە ئێرانییەکان بچێت و تەنانەت لەوانەوە فێری خواردنەوەی چای ڕوونیش بووبێتن.

ئەوە حیزبی کرێکارانە، کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات و بە جۆرێک ڕەگوڕیشەی بە ناو چینی کرێکاراندا بڵاو بووبێتەوە، کە خەڵکی، حیزبەکە و چینەکەی بۆ لە یەکدی جودا نەکرێتەوە. زۆربەی ئەو لایەنانەی لە کوردستان خۆیان بە حیزب دەزانن، ڕاستییەکەی گرووپ، تیپ، کۆمەڵەیەکی بچووک یان لە باشترین حاڵەتدا ناوکی حیزبن.

حککع جاڕی شەڕێکی ڕەوای داوە، بێ ئەوەی هیچ کام لەو کەرەسانەی دابین کردبێت، کە بۆ ئەو جەنگە پیرۆزە پێویستن. ئەوانەی پێیان وایە ناسیۆنالیزم پەڵەی شەرمە بە نێوچاوانی مرۆڤایەتییەوە، نابێ بۆ ڕۆنانی قەڵای سۆسیالیزم

دەست لە ناسیۆنالیستەکان پان بکەنەوە.

ئەو گـەمـەی دیموکـراسـیـیـەی لەژێر چەتری دەسـەڵاتی ‹ینک›دا بەڕێوە دەچێت، خودی یەکێتی ڕێساکانی دیاری کردووە. ئەوی ئەو ڕێسایانە لەبەر چاو نەگرێت، مافی ئەوەیشی نییە بەشداری لەو گەمەیەدا بکات. حککع بەشداری لە گەمەکەدا کـردووە، ئەوەتا ڕۆژنامـە، ڕادیۆ و بارەگـای ئاشکرای هەیە، کـەچی ڕێز لە ڕێساکانی گەمەکە ناگرێت. ئەوی پێی وابێت یەکێتی سنگی هێجگار ئەوەندە فراوانە، لە ساویلکە بترازێت هیچی دیکە نییە.

هەڵەی کوشندەی حککع ئەوە بوو، بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کرد. بەمە لە لایەکەوە دەستەکەی کەوتە ڕوو، کە حیزبۆکەیە نەک حیزب. لەو لاشەوە بەوەی بە ئاشکرا گومانی خستە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، خوێنی خۆی بە تەواوی کردە کاسەوە. ئاخر یەکێتی لەبەر ئەوە خوێنی پاسۆکی حەڵاڵ کردبوو، چونکە مەنجەڵە یاپراخێک بەشی دەکرد.

یەکێتی ساڵی ١٩٨٣ قەسابخانەیەکی بۆ شیوعییەکان ساز کرد، ئەوسا ڕووی کردە بەغدا. کە لە بەعس نائومێد بوو، قەسابخانەیەکی بۆ موجاهیدینی خەڵق ساز کرد، ئەوسا ڕووی کردە ئێران. پێ دەچێت ئەمجارە سەری کۆمۆنیستە کرێکارییە عێراقییەکان بکاتە دیاری، کە هاوزەمان بۆ عێراق و بۆ ئێرانیش دەست دەدات.

بەوەدا ی ن ک لە چەندین قـۆڵەوە هێـرشـێکی تۆکـمـەی دژی کـۆمـۆنیـسـتـە کرێکارییەکان دەست پێ کردووە، ئەگەر نیازی ئەنفالکردنیانی نەبێ، ئەوا لای کـەم سـەرقـاڵی دەمکوتکردن و دەسـتـەمـۆ کـردنیـانە. پێم وایە ئەگەر ئەوانە کـۆمـۆنیـسـتی هۆشـیـار بن، پێش ئەوەی یەکـێـتی بە زەبری ‹یاسـا› ڕەوانەی ژێرزەمینیان بکات، دەست بە خەباتی نهێنی دەکەنەوە.

حاجی کەسێکە بێ کەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان.

2000. 03. 19

سەرنج:

جێی داخە چوار مانگ دواتر، ئەم پێشبینییەم هاتە دی و ینک لە ناوەڕاستی تەممووزدا، لە

سلێمانی قەسابخانەیەکی بۆ کۆمۆنیستە کرێکارییەکانیش ساز کرد.

## مردن بە دەم فڕینەوە

محەمەد حەللاق ببوورە، من لە یادی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی تۆدا، هیچی وام نەنووسیوە. چی بنووسم؟ بنووسم: هاوڕێ بە ئەو پەڕی دڵنیاییەوە، لە ئامێزی خەوێکی هێمن و قووڵدا بسرەوە و پێڵووی ئارام لێک بنێ و خاترجەم بە، هاوڕێکانت لەسەر هەمان ڕێگەی پیرۆزی تۆ، بەرەو هەواری مەبەست، بە هەنگاوی پتەو، بە ڕێوەن! بنووسم: گەرچی بە فەرمانی جەللاد مۆمی چاوی گەشت کوژێنرایەوە، بەڵام ئەو مەشخەڵەی هەڵتکردبوو، بە دەستی هاوبیرەکانتەوە هەر بڵند و گەش دەگرێت! بنووسم: ئەگەرچی تۆ بە لەش بزربووی بەڵام وەک هزر هەمیشە ئامادەیت و ڕۆژانە ڕێنوێنیمان دەکەی! بنووسم: خاکەنازی ڕەوتی دڵڕەقی ژیان، بکوژانی تۆ وەک چەند مشکێکی تۆپیو، بە شوێنی شیاوی خۆیان، بە سەرەنوێلکی مێژوو شاد دەکات! چی بنووسم: دێڕێک شیعر لە بابەتی:

بای ئەجەل هاتو لە ناکاو دەفتەری ژینی دڕیم

تاکوو دوێنی خونچە بووم، ئەمڕۆ بە ناهەق هەڵوەریم!

یان شیوەنە شیعرێکی درێژخایەن، لەوانەی شاعیری پیاوکوژان بۆ جەللادە بە ڕەوا کوژراو و بە ناهەق زیندووەکانی دەنووسێت! چی بنووسم؟ باسی خەباتی وچان و ماندوویێتی نەناس و قوربانیدانی دایکت و برات و خۆت و کەسوکارت؟ باسی ئەوەی چۆن هەر لە مێردمنداڵییەوە هەستت بە چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی کرد و لەبری تەواوکردنی خوێندن، ڕێگەی تێکۆشانت گرتەبەر؟ چی بنووسم؟ باسی ئەو لوتکە و بنار و دەشت و دۆڵانەی، کە هەر یەکەیان ئاگاداری ڕووپەلێکی دەفتەری ژیانی پڕ لە سەروەریتن! چی بنووسم! بنووسم: وەک هەڵۆ بە

دەم فـڕینـەوە مــاڵئــاوایـیت لـێ کـردین و تا دوا پەڕەی هـەنـاسـەت لە گـوڵـبـاخـی سـیـیـەکانت جـوێ بووەوە، گـەردنت وەک هـەیـبەتسـوڵـتان هـەر بڵند بوو! بنووسـم: تۆ گـەرچی لە کـۆشـی مـیـللەتێکدا پەروەردە بووی کـە هەر لە باوەژنـێکی دڵئــاسـنین دەچوو، کـەچـی هێندە بەئـەمـەک و لەخـۆبوردوو بوویت، هـەمـیـشــە ملت لـە چەقـۆ دەسوو! بنووسم: دڵنیام سبەینێ لە ناوەندی کۆیەدا پەیکەرت دەبینم!

ئای گـوتن و نووسـینی ئەو قـسـە سـواو و پـفـدراوانە، لای کـادیری قـاچاخـچـی و نووسـەری چەرچی چەند ئاسـانن. ببـوورە مـحـەمـەد حـەللاق من هـیـچی لەو بابەتەم بۆ نەنووسـیوی، ببوورە ناتوانم گـزی لە خـودی خـۆم و یاری بە هـەسـتـی دۆسـتـانی تۆ بکەم. من نازانم تۆ چـۆن کوژرایت، بـەڵام دەزانم بۆچی کـوژرایت. تۆ لەبەر ئەوە نەکـوژرایت کـە لە حـیـزبێک یـاخـیـبـوویت و یەکـێکی دیکەت پێکەوە نـا . لەبەر ئەوە نەکوژرایت کە هەڵگری فلان یان فـیـسـار ئایدۆلۆژیا بوویت. کـوشـتنی تۆ لە تۆڵەی کـەسـیـشـدا نەبوو، کـوشـتـنی تۆ لـەبەر تاقـە هـۆیـەک بوو: قـایـل نەبووی خـۆت بفرۆشیت، بۆیە کوژرایت.

ئەگەر جەللادەکەت توانیبای گەنجینەی دڵت تاڵان بکات، نەیدەکوشتی، توانیبای شاباز‌ی ڕۆحـت کەوی بکات، نەیدەکوشتی. توانیـبای جووتـێک نقێمـی مرواری، لە جێـی گلێنەی چاوانت دابنێت،‹*› نەیدەکوشـتی. توانیـبای بە درەخـتی کـەڵەگـەتی باڵای وەرتدا هەڵبگەڕێت و تاقە گوێزێک لـێ بکاتەوە، نەیدەکوشتی. نەیدەکوشتی و دەشیکردی بەوەزیری دەستە ڕاستی.

لە کـوێیت شـێـخی مـەزن لـە کـوێیت، کـەی تیـغی زمـانی شـیـعـر لـە وەچەی مامەغەفوورت دەخەیە کار؟ لە کوێیت مـەلای گەورە لە کوێیت، کەی شـەستەبارانی نەفـرەت، بەسـەر سـەری نزم و شـۆڕی ئەوانەدا دەبارێنیت، ڕێگای ڕاسـتیـان لە مـیـللەتە شـادینەدیوەکـەت گـۆڕی؟ ئەی حـەزرەتی حـاجی قـادر دەتبـینم شـەرم دایگرتـووی! دیارە زانیـوتە بکوژی ڕاسـتـەقـینەی مـحـەمـەد حـەللاق، یەکـێکە لە هاوزێدەکانت!

1996 . 10 . 30

‹*› ئەمەل دەنقەل.

## ئیبراهیم ئەحمەد

1964 - 1914

لە سەرەتای سالانی هەشتادا ئێمە کۆمەڵێک نووسەر بووین دژی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد وەستاینەوە. هەندێک لەوانەی بە دەم خواستەکەی بەعسەوە چوو بوون، ئێمەیان ناو نابوو: بەرەی ڕەفزی ساختە. ڕەئووف عوسمان سەر بەو بەرەیەی ئێمە بوو. پێشتر ڕەئووف عوسمان ڕەخنەیەکی ‹شۆڕشگێڕانەی› لە شیعرێکی ئەنوەر قادر محەمەد گرتبوو، شاعیری ڕەخنە لێ گیراو، لە وەڵامدا نووسیبووی: ئەم ڕەخنەگرە هێشتا لە ژیانیدا سەد مەتر لە وەزیفەکەی دوور نەکەوتووەتەوە. بەوەی ‹١٠٠›ەکەی بە ژمارە و مەترەکەی بە ‹م› نووسیبوو، سەد مەترەکەم: ‹١٠٠م› وەک قولانجێک دەهاتە بەر چاو.

کە ئیبراهیم ئەحمەد لە هەشتی ئەپریلی ئەمساڵدا کۆچی دوایی کرد، ئیدی ڕەئووف عوسمان بە تیڤی و غەزەتە، بە کوردی و عەرەبی، ئەوەندەی زێدەڕۆیی لە ماستاو ساردکردنەوەدا کرد، سەد مەترەکە و ڕەفزی ساختەکەم بیر کەوتنەوە. جێی سەرنجە چونکە تازەکی فێری ئەو هونەرە بووە، بەسەر ڕۆڵەکەیدا نەک هەر زاڵ نییە، بەڵکوو لە کاتێکدا سەرقاڵی شین و شەپۆڕە، بینەر یان خوێنەری سەربەقوڕ دێنێتە پێکەنین.

ڕەئووف عوسمان ئەوەندە شۆڕشگێڕ بوو، تاقە جارێک بە شوورەوی نەگوت: یەکێتی سۆڤیەت، لای ئەو هەر ڕووسیا بوو. دانی بەو وڵاتە زەبەلاحەدا نەدەنا، کەچی بەشێک لە ناوچەی سۆرانی، لە پێناوی دەستکەوتێکی گچکەی وەک سەرۆکایەتیی ‹بنکەی گەلاوێژ›دا، پێ ‹دەوڵەت›ێکی زلهێزە! ئایا مەحوی

شـاعیـرێکی وەهبـیـیـە، یان کـەسـبی؟ بریا ڕەئووف عـوسـمـان لە بری شـیـوەنی ساختە، قووڵتر و دوورتر بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە ستراتیژییەدا دەگەڕا.
لە دڵسـۆزیمەوە بـۆ مـاندووبـوون، بەخـشـین و خـەبـاتی هەمـە لایەنەی ئیـبـراهـیم ئەحـمـەد، دەڵێم: بریا لـە ١٩٦٤ دا کۆچی دوایـی کردبا! تا ئەو وەختـە ژیانی لە هەمـوو بوارێکدا هەر هەڵکشـان بوو، لەوە بـە دواوە ئەم نسکۆ دەیدایـە دەست ئەو گلان.
بەوەی یەکێتی ئیبراهیم ئەحمەدی لە ئێرانەوە بۆ سلێمانی بردەوە و بە زۆرەملێ، ڕژێمی بەغدا ئاسـا، منداڵانی لەبەر ئەو بارانـە بۆ پێشوازیی کردن لە تەرمـەکەی چەندین سەعات ڕاگرت، سووکایەتی بە خەباتی باوکی گیانیی خۆی کرد. یەکێتی لە سەر ئاستی جیهان هەڵمەتێکی فراوانی بەڕێوە برد، تا زۆرترین پرسەنامە، کۆ بکاتەوە. ئـەوی دەنکە جـۆیەکی مـاڵی پاشـای خـواردبوو، پێوەندییـان پێـوە کـرد و داوای ناردنەوەی پرسـەنامـەیان لـێ کرد. جێی داخـە یەکەمین پرسـەنامـە وەزیری ئیـتـیـلاعـاتی ئێران ناردی. قـولاپی دوو پرسـەنامـەی دیکەش کە لە هەمـان شـاری سـوێدەوە بـە ڕێ کـرابوون، لە گـەرووی مـاسـیی سـەرنجم گیـر بوو، یەکێکیـان لە سـلێـمـانی قـەسـابەوە و ئەوی دیکەیان لـە ڕەفـیـق سـابـیـرەوە بوو. یـەکـەمـیـان لە ڕاسـتگۆییـەوە سـەرچاوەی گـرتبـوو، دووەمـیـشـیـان لە ناو جـەرگـەی ڕیـاییـەوە هەڵقوڵابوو.

2000. 05. 26

کـە لە کۆتایـی سـاڵی ڕابردوودا فـەرهاد فـەرەج تیـرۆر و دواتریش هاوژینی مـەلا ئەمین بە خـەستی بریندار کرا، جەلال تاڵەبانی لە فێسـتیڤاڵی ساڵانـەی گەلاوێژی نوێدا گوتی: ‹تیرۆریستان دەناسین و هاکا دەستگیرمان کردن و بە سزای ڕەوای خۆیانمان گەیاندن.› من بەش بە حاڵی خۆم دڵم هیچ بەو بەڵێنە شیرینە خۆش نەبوو. ئاخر پێشتر هەر لە زاری سەرانی یەکێتییەوە، دەیان گفتی لەو بابەتە بە خەڵکی درابوون، بێ ئەوەی یەکێکیان جێبەجێ کرابێت. ‹ی . ن. ک› وا ڕاهاتووە، هەر کە لە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیدا کەسێک تیرۆر بکرێت، پەیمانی پێکەوەنانی کۆمیتەیەکی بێلایەن لە خەڵکانی شارەزا بۆ دۆزینەوەی تیرۆریستان بدات، بێ ئەوەی تا ئێستا یەکێک لەو تیرۆریستانە دەستنیشان کرابێت!

کە تا هەنووکە بکوژی فەرهاد فەرەج و ئەوی هاوژینی بەر ڕێژنەی گوللە دا، پڕ بە سییەکانیان شنەی ئازادی هەڵدەمژن، بۆ من مایەی سەرسامی نییە، ئەوەم بە لاوە سەیرە، یەکێتی ئەمجارە بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتی ڕابردوویەوە، تەنیا بەوەی لێفەیەک بەسەر تاوانەکاندا بدات، قایل نەبوو، بەڵکو لەسەر خواستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، گۆڤاری نقار، ئەوی هاوژینی مەلا ئەمین یەکێک بوو لە نووسەرەکانی، بە فەرمانی خودی تاڵەبانی ڕاگیرا و ئاسایشی سلێمانیش هەموو ژمارەکانی لە بازاڕدا کۆ کردەوە.

لە ژمارە هەشتی نقاردا وتارێک بە ناونیشانی ‹ڕیشەی دەسەلات لە قورئاندا› بڵاو کراوەتەوە، لە ڕوانگەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە، نووسەری ئەو باسە، بە ڕاشکاوی دەیان کوفری کردووە، بۆیە لایەنی ناوبراو لە ١١ی ٣ی ٢٠٠٠دا بە نامەیەک داوای لە تاڵەبانی کردووە، لەو گۆڤارە و لە نووسەری ئەو وتارە: ‹مەلا ئەمینی سیانی› بپێچێتەوە. تاڵەبانی بەوەی ملی بۆ خواستی

ئیسلامە ‹میانڕەوەکان› دا و لووتی نقاری بڕی، ئەوپەڕی سووکایەتی بە ڕووناکبیران کرد و بە ئیسلامە توندڕۆکانیشی گوت: دەستتان خۆش!

2000. 04. 12

## کەکەکە

چەند مانگێک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی ‹کوردستانی نوێ›دا نووسینێکی نەوشیروان مستەفام سەبارەت بە کێشە و ململانێی نێوان پیران و لاوانی کوردستان خوێندەوە. نووسەر لەو نووسینە جوانەیدا بە ئاشکرا لایەنی لاوانی گرتبوو، بە دڵێکی پڕ حەسرەتیشەوە گلەیی ئەوەی لێ کردبوون کە لە بری ئەوەی بەرە لەژێر پێی پیران ڕابکێشن، کوردستان جێ دەهێڵن و گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵ دەکەن. پێش ئەوەی مەرەکەبی ئەو قسە جوانانە وشک ببێتەوە، نەوشیروان مستەفا بە چاوپۆشین لەو هەموو ڕووناکبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسە گەنجە مۆدێرنە بە توانایانەی لە ی. ن. ک کۆ بوونەتەوە، حەرەسی قەدیم: مەحموودی مەلا عیززەتی لە باکووری ئەورووپاوە هێنایەوە و کوردستانی نوێی خستە بەر دەستی!

تا ئێستا گەلێک نووسینم دەربارەی کۆڕەوی لاوان لە کوردستانی نوێدا خوێندووەتەوە، لە هیچ کامیاندا ئاماژە بۆ هۆکارە سەرەکییەکەی ئەو کۆڕەوە نەکراوە. ئەوی خوازیارە فاکتەری بنەڕەتیی ئەو گەلەکۆچەی لاوانی سلێمانی بزانێت، با بچێ لە لاپەڕە ‹205›ی گۆڤاری ‹ڕامان›ی ژمارە ‹51›دا کورتەچیرۆکی ‹سەیرانگا بۆگەنەکە›ی دانا فایەق بخوێنێتەوە. ببوورن غەدرێکی گەورە لەو چیرۆکە بچووکە دەکەم و لە یەک ڕستەدا کورتی دەکەمەوە: ‹شار بۆگەنی کردووە، بۆیە خەڵکەکەی هەڵدێن.›

لە دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی ‹گوڵان›ی ژمارە ‹293›دا، ‹سەردەم› کاریکاتیرێکی بڵاو کردووەتەوە، تێیدا نەوشیروان مستەفای بەرپشتێن بە دەمانچە، نیازی ڕاوکردنی کۆترە ئاشتییەکانی پێشانگاکەی ئیسماعیل خەیاتی هەیە. مەحموودی مەلا عیززەتی چەندین ساڵ سوێدی مەڵبەندی ئازادیی بیروڕا دەربڕین نشین، ئەو کاریکاتیرەی بە ناپاکیی نەتەوەیی لە قەڵەم دا و داوای

کەلەپچەکردنی کاریکاتیریستەکەی کرد! ئەگەر دەزگای ناوەندیی ڕاگەیاندنی ی. ن. ک نیازی کردنەوەی کارگەیەکی بۆ دروستکردنی کەلەپچە هەیە، با کورتکراوەی ‹کارگەی کەلەپچەی کوردستانی نوێ،› کە کە کە بێت.
2000. 09. 26

## وەرزی ئێکسپایەربوونی شیعر

وەک چۆن لای خۆمان حیزب وا ڕاهاتووە بە هەموو بۆنەیەکەوە بەیاننامە دەر بکات، شێرکۆ بێکەسیش پێی وایە دەبێت بە هەموو بۆنەیەکەوە شیعر بنووسێت. ئەگەرچی عەبدوڵڵا ئۆجالان هەر بە ئاسمانەوە ورەی بەردا و ڕووخا، کەچی ئەو هەر خۆی پێ نەگیرا و شیعرێکی وای بۆ گوت، لەوانەی مەگەر کەسێکی وەک ماندێلا یان گیڤارا شیاوی ئەو جۆرە پیاهەڵدانە بێت.
هەڵەیەکی دیکەی ئەوە بوو ئەو شیعرەی بە دەنگی زوڵاڵی خۆی بۆ تەلەڤیزیۆنی مەدیا خوێندەوە. ئاخر کە حیزبەکەی شاعیر مۆری ناپاکیی بە نێوچاوانی پەکەکەوە نا، ئیدی دەبوو دیسان هەڵوێست بنوێنێت و جاڕی ئێکسپایەربوونی شیعرەکەی بدات و لێی پاشگەز ببێتەوە. ئەوە بوو لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە یەکێکە لە مەقاشەکانی دەستی پەکەکە، کشایەوە. مەدیا تیڤیش لە بەرسڤی ئەو هەڵوێستە ‹بۆ هەڤاڵانی باکوور چاوەڕواننەکراوە›ی شاعیردا، کەوتەوە لێدانەوەی ستایشنامە شیعرەکە.
شێرکۆ چونکە شاعیرە و گوایە دەبێت هەمیشە هەڵوێستی هەبێت، هەندێک جار هەوڵ دەدات سنووری ئەو بازنەیەی حیزب بە دەوریدا کێشاوە، ببەزێنێت، بەڵام حیزب خێرا وەهۆش خۆی دێنێتەوە و ناچاری دەکات، کاڵەک بە ئەژنۆ بشکێنێت. کە ‹ی ن ک› ئەبوبەکر عەلیی شاعیری تیرۆر کرد، ئەو دەنگی نەکرد، ئەوەی زۆر لە سەر کەوت، بۆیە کە ئەم هاوینە یەکێتی پۆلێک کۆمۆنیستی لەسەر خواستی ئێران گوللەباران کرد، شێرکۆ ناڕەزایی دەربڕی، بەڵام هەر کە نەوشیروان مستەفا چاوی لێ سوور کردەوە و ئەوەی بە بیر هێنایەوە کە یەکێتی بیست ساڵە

بە ناز پەروەردەی دەکات، ئەوە بوو بۆ ڕاگرتنی بالانسەکە و هێدی کردنەوەی ئەو سەرکردە تووڕەیە، شیعرێکی درێژی توندوتیژی بە بۆنەی سی و یەکی ئابەوە دژی پارتی نووسی. چونکە هێرشی ڕاگەیاندن لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ڕاگیرابوو، ئەو شیعرە شوومەی* لە ‹ئالای ئازادی›دا کە ئۆرگانی زەحمەتکێشانە و لەسەر نەفەقەی یەکێتی دەردەچێت، بڵاو کردەوە.

لە سیاسەتدا تاکتیکی کەسر و جەبر هەیە، ‹دێیت بە ئەنقەست دەستێک دەشکێنێت و دوایی لە گەچی دەگریت.› شێرکۆ وێڕای ئەوەی لە شیعری کوردیدا چەندان داهێنانی تۆمار کردووە، ئەو تەکنیکەشی لە بواری سیاسەتەوە، بۆ وڵاتی بەرینی شیعر گواستووەتەوە.

2000. 10. 01

* گەڕانەوەی ڕۆژمێرە شوومەکان، شێرکۆ بێکەس، ئالای ئازادی، ژ: ٣٧٩ ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٢٧

## پەیامێک بۆ نەوشیروان مستەفا

بەهاری 1983 تاڵەبانی تۆی ناردە سەر شیوعییەکان، ئەوە بوو قەسابخانەیەکت بۆ ساز کردن، بەڵام هاوینی هەمان ساڵ خۆی هێرشی کردە سەر جاشەکانی بێتواتە. وا جارێکی تریش دەستت بە خوێنی پۆلێک کۆمۆنیستی دیکە سوور بوو، دیسان مام جەلال دەستی کردیتەوە بە زاخدا و شەڕی شیوعییەکانی بە تۆ کرد. ئەگەرچی تۆ وات پێ خۆشە ناوت وەک ئەهلی قەڵەم لە مێژوودا تۆمار بکرێت، وەلێ بە پێچەوانەی حەزی خۆتەوە، ناوت وەک ئەهلی شمشێر دەچێتە دیرۆکەوە. هیتلەر لە هەموو دنیادا وەک بکوژی جوولەکە ناسراوە، تۆش لە هەموو کوردستاندا لە بواری شیوعیی قەلاچۆکردندا، شانی کەس ناگاتە داوێنت.
پیرۆزت بێ.

2000. 07. 17

## تاوان و تابوو

ئەو باڵەی لە نێوەڕاستی ساڵانی شەستدا لە پدک جیا بووەوە و دواتر لە ناو خەڵکیدا بە جەلالی ناوی ڕۆیشت، دەڵێیت ئیدمانی لەسەر شەڕی کورد بە کورد بە کوشت دان کردووە. ینک کە میراتگری هەمان باڵە، لە دوا ڕاگەیەنراویدا دەڵێت: ‹چەتەکانی ئۆجەلان دوو کەلاکیان لێ بەجێماوە و شوێنی ڕاکێشانی چەندان کەلاکی تریشیان دیارە.›*

ئینسان کە دەمرێت بە جەستەکەی دەگوترێت: تەرم، یان لاشە، کەلاک یان لاک: بۆ جەستەی مردارەوەبووی ئاژەڵ و گیانەوەر بە کار دێت. ئەو تەرمەی ئێستاکە هێندە سووک سەرنجی دەدرێت، تا ئەو ئاستەی حسابی گیانەوەرێکی مردارەوەبووی بۆ دەکرێت، دوو ساڵ لەمەوبەر هاوسەنگەری چەکدارەکانی یەکێتی بووە!

یەکێتی لە مێژە لە شار، گوند، دۆڵ، دەشت، بنار، قەدپاڵ و لوتکەی چیاکانی کوردستاندا ‹کەلاک› بە لایەنە کوردییەکان بەجێ دەهێڵێت. لە کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکاندا ‹کەلاک›ی بە قیادە مەوقووتە، بەجێ دەهێشت. دواتر بە جووجە ڕەسووڵییەکان، بە تەحریفییەکان، بە مەنجەڵە یاپراخییەکان، بە ئاش، بە هێزی تاریکی، بە حیزبۆکەی کار، بە مەنسوورییە بێ حیکمەتەکان، تەنانەت لاکی بە ‹لاک›یش بە جێهێشت.** سەردەمێکیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕێی بۆ ئێران خۆش کردبوو، بە ڕۆژی نێوەڕۆ ڕاوەکۆمەڵە و دیموکرات بکات. کە بەهادین نووری دژی قەلاچۆکردنی کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بەیاننامەیەکی دەرکرد، چونکە گرووپەکەی چەکداری نەبوو، ینک

نەیتــوانی ‹کــەلاک›یان پێ بـەجێ بـهـێــڵــێت، بـۆیە مــووچەکــەی بڕین و لە ‹هاوپەیمانی›شی دەرکردن.***

لە کۆتایی سالانی شەستدا دامەزرێنەرانی یەکێتی بۆ کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و ‹کەلاک› بە مەلایی بەجێ هێشتن، سواری تانکی لەشکری عێراق دەبوون. تەنانەت هاوینی 1996 بۆ کەلاک بە دیموکرات بەجێ هێشتن، لە باشماخەوە تا کۆیە، کە نزیکەی دوو سەد کیلۆمەتر دەبێت، پێش لەشکری ئێران کەوتن. هەنووکەش بۆ ڕاگرتنی دڵی تورکیا سەرقاڵی قەلاچۆکردنی هاوسەنگەرەکانی دوێنێی خۆیانن.

تازەکی سەرانی ینک دەڵێن: ‹شەڕی کورد کردن و هێنانی داگیرکەر بۆ سەر کورد بە حەرام و بە تاوان دەزانین!› جا لایەنێکی کورد ماوە ‹کەلاک›یان پێ بەجێ نەهێشتبێت؟ جا داگیرکەری کورد ماوە، بۆ سەر کوردیان نەهێنابێت؟ بە ڕاست ئەم مێژووە جێگەی شانازییە؟

2000. 10. 04

* کوردستانی نوێ ژ: 2267 ڕۆژی 03 .10 .00

** یەکێتی لە سەروەختی شەڕدا، ناوی نوێی لە لایەنەکان دەنا:

پدک: قیادەی مەوقووتە.

حسیک: جووجە ڕەسووڵ، جووجە: هەڤاڵ جووجەڵە ‹خاڵە حاجی› و ڕەسووڵیش: ڕەسووڵ مەمەند بوو.

حیزبی شیوعی کوردستان: تەحریفییەکان، وەک ینک بە موو لە ڕاستەڕێی مارکسیزم لێنینیزم لای نەدابێت!

پاسۆک: مەنجەڵە یاپراخ.

ئالای شۆڕش: ئاش.

بزووتنەوەی ئیسلامی: هێزی تاریکی.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق: مەنسوورییە بێ حیکمەتەکان.

لەشکری ئیسلامی کورد: لاک.

*** کە بەیاننامەیەکی دژی سەرچڵییەکانی پەکەکە نووسی و لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانیش کشایەوە، ئیدی ئاو بۆ ئاوەڕۆ، یان ڕوونتر حیزب! بۆ ژێر دەواری ‹ی. ن. ک› و مووچەش بۆ حیزب گەڕایەوە.

سەرنجی کوردستانی نوێ بدەن، ی. ن. ک لە 05 .10 .2000 ەوە، لەبەر ڕۆشنایی

ئەم نووسینەدا، بۆ تەرمی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەجێماوی پێشمەرگەی نەیاری، لاشە بەکار دەهێنێت، ئەگەرچی بیست ساڵ بوو، هەر کەلاکی پێ دەگوت.

## هونەری دوژمن پەیداکردن

کە بە باڵای دەقێک، هەڵوێستێک یان پرۆژەیەکدا هەڵدەڵێم، کە ڕەخنەیەکی توند لە بەرهەمێک، کەسێک، یان لایەنێک دەگرم، نە ئەمیان لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت، نە ئەویان لە ڕقەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵکوو شتێکم پێیە کە بۆ گوتن دەشێت و ناتوانم نەیڵێم. کە ستایشی شیعرێک دەکەم، ئەوە لە خۆشەویستیمەوە بۆ شاعیرەکەی نییە، ئەوە لایەنی جوانی دەگرم. کە کەسێک دادەشۆرم، ڕقم لە هەجووکراوەکە نییە، دەمەوێت لە ڕێی ئەوەوە هەجووی لایەنێکی فریودەر، یان دیاردەیەکی دزێو بکەم. کە قارەمانی ساتیرێکم دەکەم بە پەند، کە بەدئاکارێک دەکەم بە کەرەسەی نوکتە، کە هەڵوێستی پیاوێکی گرگن، دەدەمە بەر چەپکە تیشکێک، ئەوانە ڕەنگدانەوەی قینی تایبەتی و کەوتنە دوای تۆڵەسەندنەوە نین، بەڵکوو مەبەستی سەرەکیم، بەدناوکردنی بەدکارییە. کە کەسێکی گومناو خۆی لە ئاوێنەی ساتیرێکمدا دەبینێت، لەبەر ئەوە نییە کە من ئەو دەناسم و وێنەی ویم کێشاوە، لە سۆنگەی ئەوەوەیە، کە ئەو خۆی چاک دەناسێت و خۆی لەو نووسینەمدا دەبینێتەوە.

نووسەریش هەڵدەچێت و دەشێت هەڵچوونەکەشی لە نووسینیدا ڕەنگ بداتەوە و تیری ڕەخنە ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو بکات. لە بار و دۆخی وادا، گرنگ بە سەختی بریندارکردنی ڕەخنە لێ گیراوەکە نییە، گرنگ نووسینی دەقێکە کە ژیانی لێ بتکێت و بەرگەی زەمان بگرێت. کە فلانە بەرهەمی شێخ ڕەزای تاڵەبانی هێشتا زیندووە، لەبەر ئەوە نییە، کە هەجووی فیسارە کەسی کردووە، لەبەر ئەوەیە، ئەوی نووسیوێتی شیعرە. بەرهەمەکانی شێخ ڕەزا، لەبەر ئەوە جوان نین،

که هەجوون، لەبەر ئەوە جوانن، کە شیعرن.

*

هونەری دۆست پەیداکردن، کتێبێکی دایەڵ کارنیگییە، پێم سەیرە هێشتا هیچ سەرکردەیەکی ‹ی. ن. ک› کتێبێکی دەربارەی هونەری دوژمن پەیداکردن، نەنووسیوە. ئاخر لەو بوارەدا، هیچ لایەنێ بە تۆزی پێی ئەم حیزبەدا ناگا.

دەشێت زێدەڕۆیی کردن لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستیدا، بە ماستاو سارکردنەوە، لێک بدرێتەوە. یان جڵەو بۆ ئەسپی قین شل کردن، کارێک بکات، لەبری ڕق هەڵسان لە پەلاماردراوەکە، بەزەییمان پێیدا بێتەوە. کە پاسۆک بە ئیبراهیم ئەحمەدی دەگوت: ‹گەماڵی کەڵبەکەوتووی خانەنشین،›‹١› من ئەوم وەک قوربانی، ‹نەک جەللاد،› دەهاتە بەر چاو.

دوژمن پەیداکردن چەند ئاسانە، دۆست پەیداکردنیش هێندە سەختە. تا دۆستێکم بۆ حیزب پەیدا دەکرد، خوێنم دەبوو بە ئاو. مرۆڤ دەتوانێت بە گوتنی ڕستەیەک هەزاران کەس لە خۆی بکا بە دوژمن. ‹هەتککردنی کیژانی پاژنەبەرز لە پێی مەمکقوت، حەڵاڵە.›‹٢› ئاخۆ ئەبوحەمزەی میسری بەم فەتوایەی چەند کەسی کردبێت بە دوژمنی ئیسلام؟

هەنگ کە بە کەسێکەوە دەدات، دەمرێت، یەکێتی ئەگەر بە کەسەوە نەدات، ناژی. هەر بۆیە نزیکەی سەرجەمی دیرۆکی ژیانی، بریتییە لەو شەڕانەی بە لایەنە کوردییەکانی فرۆشتوون. یەکێتی کە نیازی شەڕی لایەنێکی هەبێت، هەرچی توانای لە بواری ڕاگەیاندندا هەیە، لە پێناوی خۆشکردنی زەمینەی شەڕەکەدا، دەیخاتە گەڕ.

‹ئێمە نیازی شەڕمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردستانیدا نییە.›‹٣› ئەمە قسەی دوێنێی مام جەلالە. بەوەدا یەکێتی بە بێ شەڕی ناوخۆ مەحاڵە بژی، پێ دەچێت تاکتیکی ڕێ بۆ شەڕی براکوژی خۆشکردنی گۆڕی بێت، یان دەشێت من هەڵە بم و دەرسی لە ئەزموونە تاڵەکانی وەرگرتبێت! لە مێژە یەکێتی خەریکی دوژمن پەیداکردنە، تۆ بڵێیت لە دوێنێوە خووی دابێتە دۆست کۆکردنەوە!

2000. 10. 19

‹١› جاش کێویلەکان، نانی کام کونەماسی دەخۆن و پاسی کام جرتاوا دەکەن؟ ئاڵای سووری کوردایەتی، ئۆرگانی پاسۆک، ژ: 9 ل: 6 ئۆکتۆبەری 1981

‹٢› صقر ابو فخر، حوار مع ادونيس، القدس العربي 14 .07 .2000 لندن.
‹٣› كوردستانی نوێ، ژ: 2281 ڕۆژی 19 .10 .2000

**هەندێک تەلگراف**

بۆ ئەملا و ئەولا و یانوونکاف

بۆ **سەددام حسێن**

ئەگەر ڕژێمەکەتان ئابڕووی هەبوویێت، ئەوا ئەو ڕۆژەی کە شێرەکوڕانی بەعس چەکمەی سەربازی ئەمریکاییان ڕاموسی، تکا. بە خوێنی خۆتان قورئانی پیرۆز مەنووسنەوە، خوێنی ڕژاوی هەر ژنێک کە ئێوە بە بێئابڕووی دەزانن، لە خوێنی خۆتان خاوێنترە.

بۆ هاوڕێیان: **کەریم ئەحمەد، ئەبو حیکمەت و بەهادین نووری**

ئەوە لە دوای ئێوەوە، کە عومرتان خەریکە دەگا بە هەشتا، هێشتا شاسوارێکی دیکە سەری هەڵنەداوە، شیاوی ئەوە بێت، جڵەوی ئەسپەشێی سەرۆکایەتیی حیزبی بدەنە دەست؟ زۆر سوپاس کە لە لقێکی حیزبێکی عێراقی، سێ حیزبی کوردستانیتان بۆ چێ کردین.

بۆ قەدرگران **عەبدوڵلا ئۆجەلان**

پەیڤین: تەنەکەی ژەنگنە، بێدەنگیش: زێڕی ساغ.

بۆ بەڕێز **جەلال تاڵەبانی**

بە پیری تۆڵەی ئەو گۆڵەتان بۆ ناکرێتەوە، کە لە تافی لاویدا لێتان کراوە.

بۆ پرۆفیسۆر **عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ**

کە لە ‹کوردسات›ەوە دەڵێیت: خەڵکی بە باڵیۆزی گەڕۆکی مام جەلالم دەزانن، یان کە لە یادی سەد ساڵەی جەواهیریدا دەبێژیت: سوپاس بۆ مام جەلالی سەرکردە، ئەو فەرموودانە، هەر چییەک بن، ماستاو ساردکردنەوە نین.

2000. 10. 3

## ناوبژی

‹ئەوی کرۆکی پتەو بێت، ڕێز لە بیروڕای جیاواز دەگرێت، تەنیا
خۆ بە ڕاست زانین، ڕەنگدانەوەی ناخپووتییە.
داهاتووی خۆت دیاری بکە، دەنا دەبیتە قوربانیی دەستی داهاتوو.
فەناتیزم، فوندەمەنتالیزم، نازیزم و فاشیزم، هەر هەمان
داخوازییان هەیە: خۆت بیر مەکەوە، وەک فلان
دەق، ئایین، حیزب، یان سەرکردە بیر بکەوە!›

کاتی خۆی نووسیبووم: ‹کە شەڕی براکوژی هەڵدەگیرسێت، خەڵکی دەزانن هەمیشە لایەکیان یەکێتییە، بۆیە تەنیا پرسیاری لایەنەکەی تر دەکەن.› لە بەردەم تیشکی خۆری ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا، ئەو بۆچوونەم بێژنگێکی شڕ بوو. ئاخر دە دوازدە ڕۆژێک لەمەو بەر، شەڕ کەوتە نێوان حسدک و حەماسەوە. بەوانەی زانیارییەکی ئەوتۆیان لە بارەی ژیانی دیموکراتی و فرەحیزبیی کوردستانی باشوورەوە نییە، دەڵێم: حسدک: حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستانە، کە محەمەدی حاجی مەحموود ڕابەریتی و حەماسیش باڵێکی ڕادیکالە! ‹نەک پاسۆک گوتەنی گۆج،› تازەکی بە سەرۆکایەتی مەلا باپیر لە بزووتنەوە ئیسلامییەکەی مەلا عەلی جیا بووەتەوە.
کە حەماس تا هەنووکە، هەندێک کاری تیرۆریستی لە دژی ئیدارەی ئیسلامی لە هەڵەبجەدا ڕاپەڕاندووە، ئەمەیان ڕەنگدانەوەی کێشە و ململانێیەکی مێژوویی نێوان هەردوو مەلا: عەلی و باپیرە، بەڵام کە لەگەڵ ‹حسدک›دا بە شەڕ هاتووە،

فاکتەری جوگرافیایی رۆڵی سەرەکی بینیوە و لەسەر ناوچەی دەسەڵاتە. تا ئاگری شەڕی نێوان ئەو دوو باڵەی بزووتنەوەی ئیسلامی کلّپەی نەسەندووە، پێشنیار دەکەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، وەک ناوبژیوانێکی بێ لایەن، بکەوێتە نێوانیانەوە. با حسدک و حەماسیش ئەمیان داکۆکی لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و ئەویان بەرگری لە ئەزموونە دیموکراتییەکەمان بکات.

*

یەکێتی هێندە سیخورمەی بەرکەوتووە، شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە. هەر کە لە دەرگای تورکیاشی دا، ئێران بە هۆی پەکەکەوە هەر لە هەورامانەوە تا باڵەکایەتی، سەنگەری لێ گرت. تۆ بڵێی لە داهاتوودا، سووریا بەرزاییەکانی گۆلان، بە پەکەکە ڕزگار بکات؟

جاران یەکێتی لە هەموو شەڕێکی براکوژیدا، لایەنی <سەرکەوتوو> بوو، ئەوە چەند ساڵێکە لە دۆڕانێکەوە بۆ دۆڕانێکی تر مل دەنێت. لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا، دۆڕاندی. لەتەک پارتیدا دۆڕاندی، وا بە پەکەکەیشی دۆڕاند. یەکێتی لە لایەن پارتییەوە پایتەخت بەدەر و لە قوڵی ئیسلامییەوە شارەزوور بە دەر و لە تەرەفی پەکەکەیشەوە شاخ بە دەر کرا.

ینک هێندە لاواز بووە، لە دروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام پاشگەز بووەتەوە و خوازیاری گۆڕانکاریی دیموکراتییە لە عێراقدا. وەک چۆن قەل نابێت بە کۆتر، پێم وایە فاشیستیش نابێت بە دیموکراتیخواز. ڕژێمێک کوردی ئەنفال و کیماباران کردبێت، ئیدی لەوە دەرچووە، شنەی دیموکراتی بیگرێتەوە. هیتلەر لە ڕێی هەڵبژاردنەوە جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست و ئەو فاشستەی لێ دەرچوو. سەددامی شاگردی بە رووبارێک خوێن دەسەڵاتی خۆی چەسپاندووە، بە شێوەیەکی دیموکراتی دەستبەرداری نابێت. عێراقێکی دیموکراتی لە سایەی بەعسدا، زێتر لە وڕێنەی سەرەمەرگ دەچێت.

بەعس، بە ڕاپەڕین، بە کودەتا، بە گوشاری دەرەکی، بە هەر شێوەیەک بڕووخێت، لە قازانجی خەڵکە، وەک ڕۆژ ڕوونە، ڕژێمی دڕندەی وەک بەعس، نە هەبووە و نە هەیە و نە دەبێت. ئیدی ترسی ینک لەوەی لە ژێر گوشاری دەرەکیدا ڕژێمێکی نادیموکراتی دەسەڵات بگرێتە دەست، لە پاکانە کردن بۆ سەددام حسێن زێتر، هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت.

هەندێک کەس لە گوێزی هیندی دەچن، لە دەرەوە ڕەقن، لە ناوەوە پڕن لە شیری

خۆشەویستی. هەندێکی تر بە ڕووکەش شیرین، لە ناخەوە تاڵن. ئەو دۆستایەتییەی لە نێوان بەغدا و هەولێردا هەیە، یەکێتی لە ژێر مێزەوە خەوی پێوە دەبینێت و بە ئاشکرا بە خاڵی لاوازی ‹پدک›ی لە قەڵەم دەدات. ئەگەر لە دوو بواردا دەستڕەنگین، واتا دەبڵتوانا بیت، ئەوە لایەنێکی گەشە، بەڵام تاکمۆراڵی، با مۆراڵەکە ناشیرینیش بێت، هەر لە دەبڵمۆراڵی جوانترە. مۆراڵ ڕاگرتنی بالانسە لە نێوان ئازادی و بەرپرسیاریدا . کەسێک یان لایەنێک ئازادیی خودی خۆی لە کیس چوو بێت، ناتوانێت بەرژەوەندیی گشتی ڕەچاو بکات.
جاران لە سلێمانی گەرماوی میللی هەبوو، بەیانیان زوو بۆ پیاوان و دواتر بۆ ژنان بوو. دەڵێن ئێستا لە سێبەری دەسەڵاتی ئیسلامدا ، هەڵەبجە ڕۆژێک بۆ ژنانە و ڕۆژێک بۆ پیاوان. لە ڕۆژی پیاواندا ، ژن مافی هاتنە دەرەوەی نییە. لە میترۆکەی نێوان تاران و کەرەجیشدا ، ڤاگۆنێکی تایبەتی بۆ ژنان تەرخان کراوە. مەگەر هەر حیزبە و بەشی تایبەتی خۆی لەو کوردستانە ئازادە جیا بکاتەوە، ئەگەرنا چیرۆکی شەڕ درێژە دەکێشێت.

2000. 11. 02

ـ ڕاگەیاندنی لقی ئەورووپای حسدک 21 .10 .2000 بەرلین.

ـ کوردستانی نوێی 01 .11 .2000

# قەڵەم و شمشێر

**کۆنەڤین**

هەمـوو ئەوانەی لـە نزیکەوە ئاگـاداری بەسـەرهاتەکـانی کـوردسـتـانن و تێـیـاندا ژیاون، سـەرنجـی خـۆیان بە هەر شـێـوەیەک لەسـەر بیـرەوەرییـەکانی نەوشـیـروان مستەفا ئەمین دەربڕیبێت، لەسەر ئەوە کۆک و تەبان، دەستپاکانە مامەڵەی لەتەک ڕووداوەکاندا نەکردووە، کە دێتە سەر باسی نووسـەری ئەم دێڕانەش هەر هەمـان ڕێسـای ڕاستی نەگوتنی ڕەچاو کردووە. نووسـەر دەڵێت: ‹حەمەسـەعید حەسـەن خۆی بە نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگر دائەنا.›(١)

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ دا، نامەیەکی نەوشیروانم لە ڕێی شێرکۆ عەبدوڵڵاوە کە لە سـەروەخـتی ئەنفـالەکـاندا شـەهیـد بوو، پێ گـەیشت، تێیـدا بۆی نـووسـیـبـووم: (چالاکییـەکانی تۆ لە شاردا ئەگەر لە چالاکییـەکانی پێشـمەرگە شۆڕشگێڕانەتر نەبن، ئەوا لای کەم لە هەمـان ئاسـتـدان.... من و برایانی تری مـەکتـەبی سـیاسی

ی. ن. ک، نووسینەکەتمان: ‹پاڵەوان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا› لە گۆڤاری ‹کاروان›دا خوێندەوە، گەلێ شتی لێوە فێربووین.) بەهاری ١٩٨٣ یش پێی گوتم: ‹ئێمە هەرگیز ئەوەمان لە یاد ناچێت، کە تۆ لە شارەوە شیعرت بۆ شەهید ئارام گوتووە و بە ناوی خۆشتەوە بڵاوت کردووەتەوە.›

کە تاڵەبانیشم بینی، گوتی: ‹ئێمە لەم شاخە هەستمان بە تەنیایی دەکرد، تۆ بەو هۆنراوەیەی لە سلێمانی، بەهاری ١٩٧٩ لە میهرەجانی دووەمی شیعری کوردیدا خوێندتەوە، تەمی تەنیاییت ڕەواندینەوە و ورەت بەرز کردینەوە.›

دەزگای ڕاگەیاندنی ینک ‹چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ› ساڵی ١٩٨٣ لە ماوەی چوار مانگدا ئەم دوو کتێبەی: ‹یەکێتی نوسەرانی کورد چی بەسەرهات و ئایا شێوە لە ناوەڕۆک گرنگترە؟› بۆ چاپ کردم. لە سەرەتای ١٩٨٤ دا چەند نووسەرێک: ‹محەمەد حەمەباقی، شێرکۆ بێکەس، مستەفا ساڵح کەریم، تایەر ساڵح سەعید، عەبدوڵلا عەزیز خالد، ڕەئووف بێگەرد و محەمەد نووری تۆفیق› کتێبێکیان بە ناونیشانی: ‹یەکێتی نووسەرانی کورد لە نێوان ڕاستی و درۆنامەدا› لە وەڵامی مندا کە نەوشیروان پێشەکی بۆ نووسیبوو، بڵاو کردەوە. کە نە نووسەر بووم و نە هیچ، ئەدی ئەو گەلەکۆمەکێیەی بۆ چی بوو؟

پێشەکییەکەی لەسەر خواست و بۆ بەرژەوەندیی ئەو نووسەرانە، دژی نووسەری ئەم باسە نووسیبوو. لەوساوە وەڵامم داوەتەوە، زێتر غەزەبی لێ گرتووم. ئاخر ئەو چونکە هەزاران چەکداری بە دواوە بوو، چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد، ململانێی لەگەڵدا بکەم، پێی وابوو، لە بەری هەڵدێم.(٢)

جیاوازیی نێوان من و ئەو نووسەرانە ئەوە بوو: ئەوان پێویستیان بە پشتگیریی سکرتێری کۆمەڵە هەبوو، وەلێ بنووسی ئەم باسە چونکە هەڵوێستی لاواز نەبوو، پێویستی بە هێزی کەس نەبوو. کە وەڵامی ئەو کتێبەی ئەو چەند نووسەرەم دایەوە، نەوشیروان پێی گوتم: چونکە ڕەخنەت لە منیش گرتووە، دژی ئەوەم ینک بۆت چاپ بکات. دواتر فەرەیدوون عەبدولقادر بە ناوی مەکتەبی سیاسی ‹ینک›ەوە نامەیەکی بۆ هەناردم، کە تێیدا دەڵێت: ‹لەم قۆناغە ناسکەدا کە لەشکری تورکیا هاتووەتە کوردستانی عێراقەوە، گرنگ دابینکردنی تەبایی ڕیزەکانی گەلە و کتێبەکەی تۆش خزمەت بەو ئامانجە ناکات.› ینک کە هەر لە سەرهەڵدانییەوە تا ئەو وەختە، هەر خەریکی دووبەرەکی نانەوە بوو، لە بەختی کەچی ئەو کتێبەی من، کەوتە لێدانی باڵۆرەی یەکێتی ڕیزەکانی گەل!

که سەبارەت بە سی و یەکی ئاب، بە ساتیریک هاتمە وەڵام، لە ئۆرگانی یەکێتیدا، پێیان گوتم: ‹حەمەسەعید حەسەن ڕووناکبیرێکی بە توانایە، مەعدەنی پاکە ... خاوەنی شیعری جوان و هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەیە. خۆزیا هەموو ڕووناکبیرانی کورد ئاوا جوامێر و بە هەڵوێست بوونایە.›(٣) لە ٢٠٠٠/١٠/٤ دا لە کورتەنووسینێکدا، بە ناونیشانی: تاوان و تابوو، بە ‹ینک›م گوت: ‹کە پێمیمی لایەنێکی دیکە دەکوژن، لای کەم بە لاشەی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەجێماوی مەڵێن: کەلاک، ئاخر کەلاک بۆ جەستەی مردارەوەبووی ئاژەڵ بە کار دێت.› هەر کە ئەو نووسینەیان پێگەیشت، لە ٢٠٠٠/١٠/٥ ەوە وازیان لە بەکارهێنانی ئەو دەربڕینە هێنا، ئەگەرچی بیست ساڵێک بوو، هەر ‹کەلاک›یان بە تەرمی پێشمەرگەی نەیاریان دەگوت.

کە ئەمانە هەڵوێست و بیروڕای خودی نەوشیروان و جەلال تاڵەبانی و ئۆرگانی یەکێتی بن بەرامبەرم و تەنانەت فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی ینک، لەبەر ڕۆشنایی قسەی مندا چۆنێتی داڕشتنی بەلاغەکانی بگۆڕێت، ئیدی ئەگەر نووسەر نیم، ئەوە چییە وای لەوان کردووە، پەسنم بدەن و ڕێز لە قسەم بگرن.

٢٣ی ئەپریلی ١٩٩٦ ینک ‹عەباس شوان›ی سەرنووسەری گۆڤاری ‹ئەدەبی کرێکاری›ی لەسەر نووسێنکم، کە بڵاوی کردبووەوە، لە ‹ئەمنە سەوزەکە› توند کرد و دوازدە ڕۆژ لە زینداندا هێشتییەوە.(٤) لە ١٩٩٦/٧/١٥ دا ئاسایشی ینک، ‹یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست›ی ناچار کرد، بەیاننامەیەک دژم بڵاو بکاتەوە و تێیدا لەژێر گوشاردا بنووسێت: ‹حەمەسەعید حەسەن لەسەر حیسابی برسیکردنی سەدان هەزار کرێکاری کوردستان، دۆلار لە بانکەکانی ئەورووپادا کەڵەکە دەکات..› ئەگەرچی بژێوی خۆم بە ‹وەو وەو وەو›(٥) پەیدا دەکەم. ئەگەر ڕەخنەم ‹ینک›ی تووشی ژانەسەر نەدەکرد، ئەو پەرچەکردارانەی لە چی؟

ئەوە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد بوون، کە نووسەری ئەم دێڕانە یەکێکیان بوو، بڕیاریان دەدا، کێ بە ئەندامی نووسەران وەربگیرێت و کێ نا. بەرنامەی ‹ئەدەبی بەرگری›یش کە لە ڕادیۆی ‹ینک›ەوە پەخش دەکرا و زمانحاڵی نووسەرانی چیا بوو، نووسەری ئەم باسە دەینووسی. بە ڕاست نەوشیروان مافی ئەوەی هەیە ناسنامەی نووسەربوون بەم بدات و لەوی وەربگرێتەوە؟

نووسەر لە کتێبی میرایەتی باباندا، کە دێتە سەر لێکدانەوەی شیعرەکانی سالم،

دەبێژێت: ‹من لە لایەنی ئەدەبی نادوێم.›(٦) ئەوێک کە شارەزای ئەدەب نییە و نکارێ لێی بدوێت، چاکتر وابوو قسە لە ئەدیببوون یان نەبوونی ئەم و ئەو نەکا. ئەم نەشارەزاییەی ئەو لە ئەدەبدا، وامان لێ دەکات، گومان لەو قسەیەشی بکەین کە دەڵێت: ‹فەرهاد شاکەلی داوای لێ کردم، پێشەکی بۆ دیوانی بنووسم.›(٧)
نووسەر کە دێتە سەر باسی ‹ئاژاوەی ناو ئەدیبان›یش،(٨) هیچی ڕاست ناڵێت. لەوەدا کە نووسەرانی کورد ببنە ئەندامی نووسەرانی بەعس یان نا، ینک نووسەرانی نەک هەر سەرپشک نەکردبوو، بەڵکوو ڕێکخراوی سلێمانیی یەکێتی سەرو هەڕەشەنامەی مۆرکراوی کردە سەر هەموو ئەو نووسەرانەی سەریان بۆ بەعس نەوی نەکردبوو، تێیدا داوای لێ دەکردن ببنە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراق.
ئەرسەلان باییز کە بەرپرسی ڕاگەیاندن بوو، بە ئامادەیی جەبار فەرمان لە هەڵەدن، هاوینی ١٩٨٣ پێی گوتم: ‹کتێبەکەت: یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ لە ژێر چاپدا بوو، لەسەر داوای نەوشیروان ڕامانگرت.› ئیدی کە چەند ڕۆژێک دواتر لە خەتێ جەلال تاڵەبانیم بینی، نامەیەکی بۆ ئەرسەلان باییز نووسی و پێی گوتم: ‹برۆ هەر ئێستا ئەم نامەیەی لە بێتەلی مەڵبەندی چوارەوە بۆ بخوێنەوە، بۆ ئەوەی تا دەگەیتەوە هەڵەدن کتێبەکەت چاپ کرابێت.› نامەکەم بە ئامادەیی د. کەمال خۆشناو بە بێتەل بۆ ئەرسەلان خوێندەوە، کە گەیشتمەوە هەڵەدن، کتێبەکە چاپ کرابوو. ئەو چیرۆکەی نەوشیروان لە بارەی چاپی ئەو کتێبەوە، دەیگێڕێتەوە،(٩) بەرهەمی خەیاڵی خۆیەتی. ئەوەشی گوایە (لە ڕێی ‹حشع›ەوە خۆم گەیاندۆتە سوێد،)(١٠) فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە و ئەگەر خۆی هەڵینەبەستبێت، ئەوا بە هەڵەیاندا بردووە.(١١)
ئەگەرچی نەوشیروان جنێوی پێ داوم،(١٢) وەلێ من ئەو هەلومەرجە دژوارەی ئەوی پێدا تێپەڕیوە، ڕەچاو دەکەم و وەڵامی جنێوەکانی نادەمەوە، چونکە دڵنیام ئەویش لە بنەڕەتەوە مرۆڤێکی چاک بووە، ئەوە بارودۆخە خراپەکانە، خراپ کاریان تێ کردووە. من هیچی تایبەتیم لەگەڵ ئەودا نییە و ڕێزیشم بۆ هەموو ماندووبووان و خۆبەختکردووە دڵسۆز و ڕابردووخاوێنەکانی ڕیزەکانی ینک، ئەوانەی دەستیان نەچووەتە خوێنی تێکۆشەرانی لایەنەکانی دیکە، هەیە. دەڵێن جەلال تاڵەبانی بە یەکێک لە هاوکارەکانی گوتووە، کە لەگەڵ مندا بەملا و بەولادا دێیت، بیرت نەچێت پێشەکی هەندێک بەرد بخە گیرفانەکانتەوە. خۆزگە بە

نەوشیروانیشی گوتبا: زارت خاوێن بکەوە، ئەوسا بنووسە.

**ئەهلی شمشێر**

لە بزووتنەوەی کوردیدا، گەلێ میرغەزەب هەڵکەوتوون، بەڵام هیچیان بە تۆزی پێی نەوشیرواندا نەگەیشتوون. ئەوە ئەو بوو لە ئایاری ۱۹۸۳ دا، قەسابخانەی بۆ لایەنەکانی ‹جود› ساز کرد. کە داوای لە چەکدارەکانی دەکرد، پەرێزیان خاوێن بێت، مەبەستی ئەوە بوو: دیلەکانیش بکوژن!(۱۳) نەوشیروان زۆر بەوە نیگەران بوو، کە ئەو خۆی سەری ‹جود›ی پان کردەوە، وەلێ مەلا بەختیار پەڕ و باڵی نەکردن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو، غەزەبی لێ گرت.

جەمالی ئەحە خورشە، برای هونەرمەند جەلال کۆچەر، کە بە فەرمانی ئەو ئاداری ۱۹۷۰ نارنجۆکێکی فڕێ دایە ناو ئاهەنگی کچانی دواناوەندیی سلێمانییەوە و پێنجی لێ بریندار کردن، لە سەنتەری سلێمانی لە سێدارە درا و نەوشیروانیش لە بەغداوە، وەک بەرزەکی بانان، لە ڕێی نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتییەوە، بەرەو قاهیرە و دواتر نەمسا بۆی دەرچوو.(۱٤) وریای وەهابی نەققاڕ، بە نامەی ئەو لە سلێمانی چەند کەسێکی تیرۆر کرد، وەک نووری حەمە عەلی و عەبدوولی سۆران، هەوڵی تیرۆرکردنی بێستوونی مەلا عومەریشی دابوو، بەڵام بۆی جێبەجێ نەکرا. وریا لە شاخ بە بێستوونی گوتبوو: ‹ئەوە من بووم لەسەر خواستی سکرتێری کۆمەڵە تەقەم لێ کردیت، نەک ئاسایشی ڕژێم، وەک بۆی چوو بوویت.›

نەوشیروان بۆ ئەوەی دەستەکەی بە تەواوی نەکەوێتە ڕوو، پاییزی ۱۹۸۳ ڕایسپارد وریایان تێرۆر کرد و لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەیشدا گوتی: ‹وریا نهێنییەکانی کۆمەڵەی بە دوژمنانی ئێمە داوە، ئەگەر زیندوویش ببێتەوە، سەد جاری تری دەتۆپێنمەوە.›(۱٥) نەوشیروان داوای لە وریا کردبوو، فوئادی مەجید میسریش تیرۆر بکا، ئەویش بە فوئادی گوتبوو: من ناتکوژم، بەڵام یەکێکی تری دەست دەکەوێت، دەستی تێت بچێت. ئەمەش یەکێک بوو لەو نهێنییانەی کۆمەڵە کە وریا درکاندبووی. فوئاد ناچار نامەیەکی لە ڕێی نووسەری ئەم دێڕانەوە، بەو مەبەستەی لە خۆڕایی نەیکوژن، بۆ نەوشیروان نارد.

بەهاری ۱۹۸۳ کە جەمال تایەرم بینی و ئەو باسەم لەگەڵدا کردەوە، گوتی: ‹ڕاستە ئێمە نیازی کوشتنی فوئادمان هەبووە، باش بوو، زوو زانیمان بە هەڵەدا چوو بووین، ئەگەرنا هەنووکە کوژرا بوو.› بەڵام نەوشیروان خۆی پێی گوتم: ‹ئێمە

هەرگیز دەستمان ناچێتە خوێنی هیچ نووسەرێک، ئەگەرچی فوئاد، لە هەلومەرجێکی زۆر ناسکیشدا بەجێی هێشتین.›
من وریام دەناسی، هەفتەیە پێش ئەوەی تیرۆر بکرێت، لە سەرگەڵوو کە ئەو ڕۆژە پێشمەرگەی زۆر لێ بوو، بینیم، دوای چاک و چۆنی یەکسەر پێی گوتم: ‹چی زووترە، بڕۆ و لەم ناوە مەوەستە.› نازانم دەیویست لەگەڵ ئەودا نەمبینن، یان لەوە دەترسا، هەر لەوێدا پەلاماری بدەن و منیش بەر بکەوم. ئاخر هیچ گومانی لەوە نەبوو، کە دەیکوژن. کە وریایان لەتوپەت کرد، براکەشیان کە پێشمەرگەی یەکێتی بوو، فڕێ دایە ئەو زیندانەی ‹بەرگەڵوو›ەوە، کە نەوشیروان وا بە شان و باڵیدا هەڵدەدا، دەڵێی باسی ئوتێلی پێنج ئەستێرە دەکات.(١٦)

**ناپاکی دێرین و کۆنەشیوعی**

نەوشیروان دەنووسێت: ‹مەلا مستەفا چەند نەریتێکی دزێوی لە جولانەوەی کوردا داهێنا، وەکوو:
* پەنا بردن بۆ چەک بۆ بەلادا خستنی ناکۆکی سیاسی.
* پەنا بردن بۆ دوژمن بۆ بەلادا خستنی ململانێی دەسەڵات.
* کوشتنی نەیاری سیاسی.
* لە باتی گفتوگۆی سیاسی، شەڕە جنێوی ناشیرین.›(١٧)

نووسەر خۆی لە هەموو ئەو بوارە دزێوانەدا، هێندە زێدەڕۆیی کردووە، ئەوەندە داهێنانی تۆمار کردووە، مەلا مستەفا لە چاو ئەودا، بە حەوت ئاو شۆردراوەتەوە. بەشی هەرە گرنگی دیرۆکی یەکێتی بریتییە لە: شەڕی براکوژی، هانا بردن بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان، بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ لایەنە کوردییەکاندا، تیرۆرکردنی نەیارە سیاسی و تەنانەت دوژمنە تایبەتییەکانیش. لە بواری شەڕەجنێویشدا، یەکێتی ڕووی هەموو لایەنەکانی سپی کردووەتەوە و خودی نەوشیروان داهێنەری زۆربەی جنێوە باوەکانی نێو میدیای یەکێتییە. هەرچی نەریتی دزێوی نێو بزووتنەوەی کوردە، جەلالی دایهناوە و یەکێتی پەرەی پێداوە.
ئەحمەد بانیخێلانی دەڵێت: ‹ینک داهێنەر و پەرەپێدەری زمانێکی بازاڕیی نزم و چرووکە، زمانێ کە نەوەیەکی جنێوفرۆش و دەمشڕ بەرهەم دێنێت.›(١٨)
نەوشیروان لە وەڵامی بانیخێلانیدا دەنووسێت: ‹کۆنە شیوعی بۆی نییە دەم لە کوردایەتییەوە بدات.›(١٩) وای پێ دەچێت خۆی بە سەرۆکی دەزگای کوردایەتی

بزانێت و پێی وابێت مافی ئەوەی هەیە، بۆ باس لە کوردایەتی کردن، ڕێ بە فلان بدات و بە فیساری نەدات، بەڵام شتێکی ڕوون نەکردووەتەوە، ئایا ناپاکی دێرین دەتوانێت بە لفکەی قسەی زل ڕابردووی پۆخڵ خاوێن بکاتەوە؟

لە ڕوانگەی نەوشیروانەوە، یەکێ لە خەوشەکانی بانیخێڵانی ئەوەیە: ‹چەکی بۆ ڕژێم هەڵگرتووە.›(٢٠) حشع یەک ساڵ ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ چەکی بۆ یەک ڕژێم هەڵگرت، بەڵام ئەو باڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی کە بە جەلالی بەناوبانگە، چەند ساڵێک چەکی بۆ چەند ڕژێمێک هەڵگرتووە! حشع هاوپەیمانی بەعس بوو، وەلێ جەلالییەکان لای ڕژێم غەیرەنیزامی بوون. سەید کاکە دەڵێ: ‹جەلالییەکانی بەکرەجۆیش وەک جاشەکانی چەرمەگا، تفەنگی پەڕەشووتیان وەرگرت.›(٢١) نەوشیروان خەریکی نووسینەوەی مێژووە و کەچی دیرۆکی ژیانی خۆی لە بیر چووەتەوە! وێڕای ئەمانە، هەر خۆی دەبێژێت: ‹جاش و موستەشاری کۆن لە ناو یەکێتیدا هەیە.›(٢٢) حشع کە تاقە ساڵێک دژی مەلایی چەکی هەڵگرت، دەبوو لە کن نەوشیروانی جەلالی، ئەو هەڵوێستە جێگەی ئافەرین بێت، نەک سەرکۆنە. ئەدی لە بیری نەماوە، هەر خودی خۆی ساڵی ١٩٦٩ لە ‹ڕزگاری›دا داوای لە حشع دەکرد، سەنگەری مەلایی بەجێ بهێڵن و سەنگەری بەعس هەڵبژێرن.

کە حشع لە شۆڕشی ئەیلوولدا هاوسەنگەری بارزانی بوو، نووسەر لە سەنگەری ڕژێمەوە، لە گۆڤاری ‹ڕزگاری›دا ئەم قەوانەی لێ دەدا: ‹لێنین فەرزی کردووە کە حشع خەبات دژی بزووتنەوە عەشائیرییەکەی بارزانی بکات، کە نۆکەر و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمە.›(٢٣) سەبارەت بەوەشی کە ١٩٧٤ حشع کەوتە سەنگەری دژایەتیکردنی بزووتنەوەکەی بارزانییەوە، نووسەر تاوانی چەک بۆ ڕژێم هەڵگرتن دەداتە پاڵ ئەو حیزبە! حشع دۆستی بارزانی بێت، ئەو ڕازی نییە. دوژمنیشی بێت، هەر قایل نییە! ئەدی چار چییە! ئایا لە پای چی خۆی بۆی هەیە چەک دژی بارزانی هەڵبگرێت، وەلێ خەڵکی دیکە بۆیان نییە؟

**ماڵ لە شووشە**

ینک خاوەنی ڕابردوویەکی هێندە تەڵخە، لە هەر بوارێکدا، سەرکۆنەی هەر کەس و لایەنێ بکات، دووچاری هەمان وەڵام دەبێتەوە: ‹ینک دوا لایەنە خۆی لەو باسە بدات.› کە ینک ویستی خۆپیشاندانی خەڵکی زاخۆ بقۆزێتەوە، پارتی پێی گوت: ‹لایەنێک لە سەنتەری زاخۆدا و لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا، تی ئێن تی تەقاندبێتەوە، مافی ئەوەی نییە، فرمێسکی درۆزنانە بۆ خەڵکی زاخۆ ببارێنێت.›(٢٤)

له بواری چەک بۆ داگیرکەر هەڵگرتندا، هیچ لایەنێ هێندە یەکێتی پەرێزی پۆخڵ نییە. لە شەڕی کوردکوژیدا، هیچ حیزبێک، هێندەی یەکێتی دەستی خوێناوی نییە. لە هانا بۆ دوژمن بردندا، هیچ گرووپێک هێندەی یەکێتی دیرۆکی ڕەش نییە. لە هەردوو بواری تیرۆری سیاسی و دیل کوشتندا، بە هەموو لایەنە کوردییەکان نیو هێندەی یەکێتییان نەکردووە.

لە بواری شەللاتی و سەرسەری لە دەوری خۆ خڕکردنەوەیشدا، شانی هیچ لایەنێک ناگاتە داوێنی یەکێتی، هەر بۆیە لە مێژە ینک تاکە شاسواری بێ ڕیڤالی(1) گۆڕەپانی شەڕەجنێوە و داڵی تازەترین جنێویش هەمیشە لە میدیای یەکێتییەوە لە شەقەی باڵی داوە. نەوشیروان دەنووسێت: (لایەنەکانی جود لە ئێرانەوە ئەوەڕین.)(٢٥) یان: ‹ئالای شۆڕش دوڕوویی و دووزمانییان کرد بوو بە پیشە،(2)›(٢٦) کەچی مەلا مستەفای پێ جنێوفرۆشە. نووسەر دەڵێت: ‹محەمەدی مەلا قادر، کابرایەکی کوێرەمووشەی چاو کوتوکوێر بوو.›(٢٧) جا چ قەیدی، خۆ تەها حسێن نابینا بوو، کەچی بەرچاوی خەڵکی ڕۆشن دەکردەوە. هیتلەریش هەرچی کەمئەندام بووایە، بە ئینسانی نەدەزانی.

بوارێکی تاریک نییە، ینک ڕیکۆردی تێیدا وردوخاش نەکردبێ، تەنانەت هەندێ لە هاوڕێکانی نووسەر بەراوەژوو کەڵک لە دەستکورتی ژنەشەهیدی یەکێتیش دەبینن و لە بری ئەوەی ڕێزیان لێ بگرن، لەشیان لێ دەکڕن. ویژدانی کادری پەروەردەی دەستی ئەو بە جۆرێ داڕزاوە، دەچێت سێکس لەو ژنە لێقەماوە دەکڕێ، کە مێردەکەی کۆمەڵە بووە و لە سەنگەری داکۆکیکردندا لە شاری سلێمانی، لە سەروەختی کۆڕەوەکەدا شەهید بووە.(٢٨) بۆیە بۆ ئەوی ماڵ لە شووشە، وا چاکترە، چی زووترە، قۆچەقانی دابنێت و لەبری بیرەوەریی نووسینەوە، وەک ئەو سەربازە ئەمریکاییانەی بەشداری قەلاچۆکردنی ڤێتنامییەکانیان کردبوو، بۆ سڕکردنی ئازاری ویژدانی، پەنا بۆ بادانی سەری شووشە ببات.(3)

خەڵکی بۆیان نییە چەک بۆ ڕژێم هەڵبگرن، بەڵام نەوشیروان بۆی هەیە. خەڵکی دەبێ زاریان خاوێن بێت، وەلێ ئەو دەتوانێت جنێو ببەخشێتەوە. نەوەی نوێ دەبێ، پەند لە ئەزموونی تاڵی ڕابردوو وەربگرێت،(٢٩) بەڵام خۆی بۆی هەیە قارەمانی بێوێنەی شەڕی براکوژی بێت. بە ڕاست ئەمە چ لۆگیکێکە!

نووسەر بە بانیخێلانی دەڵێت: تازەکی بەم ئاخری پیرییەوە باسی کوردایەتی دەکەی؟ ‹تازە دەچی بۆ بەسرە؟›(٣٠)

هەندێک لە سەماکەرە میسرییەکان، تا بینەریان هەبێ، سمت و کەفەڵ با دەدەن، کە لەشکری چرچولۆچ ڕووخساری داگیر کردن، با دەدەنەوە و ڕوو دەکەنە قاپیی یەزدان. نەوشیروانیش تا گـوڕی تێـدا بوو، تا توانای شکاندنی هەر چوار پەنجەکەی تری هەبوو، تا یەکێتی باڵادەست بوو، شاسواری گۆڕەپانی براکوژی بوو، ئێستا کە پەکی کەوتووە، دژی براکوژی دەپەیڤێت. تازە دەچێت بۆ بەسرە!

نووسەر پێی وایە (کوردی ئەورووپا جنێوفرۆشن،)(٣١) پیرەمێرد کە وەفدی کوردستان بە ‹میللەت فرۆشان› لە قەڵەم دەدات و ‹گۆران›یش کە وەک ‹دەنی و قازانجپەرست› ناویان دەبات، ئایا ئەو دوو شاعیرە جنێوفرۆش بوون، یان وەفدەکە میللەت و خۆفرۆش بوون؟ خۆزگە سەرانی شۆڕشی نوێیش جنێوفرۆش دەبوون، نەک وڵاتفرۆش. بریا نەوشیروانیش تەنیا خوای جنێو با، نەک قارەمانی شەڕی براکوژییش. بریا ئەویش تێروپڕ جنێوی بە دیلەکان دابا و نەیکوشتبان. ئاخۆ بە لای کەسێکەوە کە بە ناڕەوا ژیانی لە دەیان کەس زەوت کردبێت، جنێو دەکەوێتە خانەی سووک سەرنجدانی ئینسانەوە؟ گەورەترین سووکایەتی بە ئینسان بکرێت، زەوتکردنی مافی ژیانە لێی. بریا ئەویش سەرو نامەی پڕ جنێوی بۆ قوربانییەکانی ناردبا و نەیکوشتبان. ئایا دیلکوژ، تیرۆریست، ڕەشەکوژ و براکوژ مافی ئەوەی هەیە ڕەخنە لە زبریی زمانی نووسین بگرێت؟ بریا ئەویش هەر زمانی جوێناوی با، نەک دەستیشی خوێناوی.

جنێوفرۆشە هەرە بەناوبانگەکانی نێوان کوردی ئەورووپا، کادرە هەرە چالاکەکانی یەکێتین. ینک لە ستۆکهۆڵم ڕادیۆیەکی هەیە، هەفتەی دوو سەعاتە. لەو ئێزگەیەوە کە خۆشبەختانە تەنیا دەگاتە هەندێک گەڕەکی ئەو شارە، هێندە جنێو بڵاو کراوەتەوە، ئەگەر کۆ بکرێنەوە، بارێکن. بریا کادیرانی ئەورووپای ینک هەر جنێویان دابا، ئاخر لە بواری جرتلێدانیشدا شای جرتلێدەران بە سەپان ڕاناگرن. کە فازیل جاف، ١٩٨٧ شانۆگەریی ‹گێژەن›ی لە سوێد پێشکەش کرد، ڕێکخراوی ینک لە سوێد وێڕای ئەوەی سێپتەمبەری ١٩٨٧ جنێونامەیەکیان لە دژی، بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکاران، ‹ئەکسا›وە بڵاو کردەوە، لە ڕێی تەلەفۆنەوە کەوتنە جرتلێدانیش بۆ ئەو هونەرمەندە.

یەکێتی لەو بەیانەیدا ئەم جنێوانەی بەو هونەرمەندانەی بەشداری ئەو شانۆگەرییەیان کردبوو، داوە: ‹جاشهونەرمەند، بەرەڵا، بەعسی، خۆفرۆش، چڵکاوخۆری ڕژێم، خائین و قارەمانەکانی ینک بە پێڵاوەکانیان سەری هەزارەها

خۆفرۆشی وەک فازیل جاف دەشێلن.›

فـازیل جـاف دەڵێت: ‹دوو سێ ڕۆژ پێش ئەوەی شـانۆگـەرییـەکە، لە ئوپسـالا بۆ جـاری دووەم پێشـکەش بکەین، ڕەسـووڵ ناوێک، بە نـاوی کۆمـیـتـەی ڕێکخـسـتنی ینکەوە لە سـوێد، بە هەڕەشـەوە پێی گـوتین: ئەگـەر شـانۆگـەرییـەکـەتان بە هەمـان ناوەڕۆکەوە پێشکەش بکەنەوە، ڕەنگە شەڕەچەقۆی تێدا بەرپا ببێت.›(٣٢)

لە دێسـەمـبـەری ١٩٩٤ دا کـاتێک ڕادیۆی ئاشـتـی لە سـتـۆکـهـۆڵم، چاوپێکەوتنی لەتەک نووسـەری ئەم باسـەدا دەکـرد، ئەندامـێـکی چالاکی یەکـێـتی، کـە گـوێگران پێیان وابـوو سەرمـای بووە، ئاخـر زسـتـانەکەی زۆر سـەخت بوو، بە تەلەفـۆن هاتە سـەر ئەنێتن و جـڕتێکی لێ دا. لە ڕوانگەی فـازیل جـافـەوە ئەم جـڕت بۆ خـەڵکی لێـدانە، پێـوەنـدی بە ئاووهەوای سـوێدەوە نیـیـە، بەڵکوو ‹شـێـوازێکی نوێیـە لە شێوازەکانی خەباتی سیاسی و یەکێتی دایهێناوە.›(٣٣)

کۆمیتەی ڕێکخستنی سوێدی ینک لە بەهاری ١٩٩٧ دا ڕادیۆی ‹پەنجەرە›ی دایە بەر ڕێژنەی جنێو و لە بەهاری ١٩٩٨ یشدا پەلاماری دوکتۆر مـەحموود عوسمـانی دا، ئەگەرچی ئەو زاتە گەلێ جار وەک هەوادارێکی ینک دەپەیڤێت.

بەردەوام لە میدیای یەکێتییەوە جنێو بڵاو دەکرێتەوە. ینک بە خۆی ڕەوا دەبینێت جنێو بە نەیارانی بدات، وەلێ کە نەیارانی ڕەخنـەی لێ دەگرن، بە جنێوفرۆشـیان نێوزەد دەکات. ‹مامۆستای هونەری خۆ چەمانەوەن.›(٣٤) سیسارکە کەچەڵەی ئەم جنێـوە لە زاری ‹بەخـتـیـار عـەلی›ی ڕۆشنبـیـرەوە! هەڵفـڕیوە و لە ئـۆرگـانی یەکێـتییـەوە، بە هەندێک نووسـەر و شـاعـیر و ڕۆژنامـەوانی داوە. ئاخـۆ جنێوی چەقـۆکـێـشـەکـانی نێـو یەکـێـتی چەند مـزرتر بێت! دیارە نەوشـیـروان وەک بەرخانەقـاییـەک(4) لە مـەبـەسـتی دیوی ناوەوەی چەمـانەوە، باش تێدەگـات. بریا ئەوی خۆی بە حەکیم دەزانێت، سەرەتا سەری خۆی تیمار دەکرد.

ڕۆژنامـەنـووس، کـە یەکـێکە لە بڵاوکـراوەکـانی ینک و لە سلێـمـانـی دەردەچێت، تایبەتە بە شـەڕەجنێو. غەیری جنێو هیچ بابەتێکی دیکە بـڵاو ناکاتەوە. تەنانەت ئەو شـەللاتییانەشی کە پێستی ڕوویان قـایشـە، بە خـوێندنەوەی، زەنگۆڵ زەنگۆڵ عـارەقی شـەرمـەزاری بە ڕووخـسـاریاندا دێتـە خـوارەوە. ئەوەندە نزمـە، نە ناوی ڕاستـەقینـەی دەستەی جنێوفرۆشانی پێوەیە، نە هیچ کام لە جنێونووسەکانی لە ڕوویان هەڵدێت، ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا بکەن.

ئەم شــەڕی براکـوژییـەی کـە ئێـمـە بـە تاوان و ناپاکـیی دەزانین، لای یـەکـێـتی

مێژوویەکی پرشنگدارە و جێگەی شانازییە. مەلا بەختیار کە باسی شەڕی نێوان خۆیان و حسک دەکات، بە شانازی و خۆهەڵکێشانەوە دەڵێت: ‹دوو مەیتمان لێ خستن و قووچاندیان.›(٣٥) ئایا قووچاندیان، دەربڕینێکی باوی نێوان چەقۆکێشەکان نییە؟ یان دەبێژێت: ‹مەسعوود بارزانی تاو نا تاوێ لا دەدا و بای دەدا.›(٣٦) ئایا لادان و بادان، لە فەرمایشتی فەرماندەی سیاسی دەچێت، یان لە قسەی سەر زاری هامشۆکەرانی هەمیشەیی گەڕەکی بەزم؟(5) مەلا بەختیار چەندین ساڵە، لە چەندین بواردا، دەیەوێت نەوشیروان بۆڕ بدات، بەڵام لەو ڕکەبەرایەتییە درێژخایەنە فرەلایەنییەدا، هێشتا لە هیچ بوارێکیاندا، پێشی نەکەوتووە، تەنانەت لە شەڕەجنێویشدا، هەمیشە زاری ئەم لە هی ئەو خاوێنتر بووە.

شەوکەتی حاجی موشیر هاوینی ١٩٩٤ سەبارەت بە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی، دەڵێت: ‹جێی شانازیمە کە ینک ئەو شەرەفەی پێ دام، بەشداری لەو شەڕەدا بکەم. گوڵان ١٩٩٤/٧/٢١ هەولێر.› مەلا بەختیار و مام ڕۆستەمیش هەر هەمان هەستیان هەبوو. ئایا خەڵکی کورد بە هەڵەدا نەچووبوو، کە ئومێدی بە پەرلەمانێک هەبوو، بەشێکی گرنگ لە ئەندامەکانی لەم جۆرە شەڕخوازانە پێکهاتبوو؟ نەوشیروان لە هەمووان زێتر شەیدای شەڕی براکوژی بوو. زۆر بەوە نیگەران بوو کە شەڕ زوو نەگەیشتە هەولێر و دەیگوت: ‹بە ڕاست هەولێر کوێی پیرۆزە، بۆچی دەستبەجێ شەڕەکە نەگاتە ئەوێش؟›

کاوە جەلال دەڵێ: ‹شەقاوە و شەللاتی هەمیشە لە بزووتنەوەی کوردی باشووردا، خۆ نوێن بوون. خەباتی چیا بۆ شەقاوە و شەللاتییە شارییەکان هەمیشە ڕاکێشەر بووە و تەنانەت لە بزووتنەوەکەدا پایەی بەرزیشیان سەندووە. یەکێتی ئەگەر فیکریشی هەبووبێ، ئەوا لە خزمەتی شەقاوەکاندا بووە.›(٣٧)

هەر کەسێک ڕەخنەی لە ینک هەبێت، نووسەر وای بۆ دەچێت، بەراوەژوو کەڵکی لە ئازادی وەرگرتووە. بەشێکی گرنگ لە کوردی ئەورووپا، ئاوارەی دەستی ‹ینک›ن، لە بەهەشتی قەڵەمڕەوی نەوشیروانەوە هەڵاتوون، کەچی لە ئەورووپاش لێیان ناگەڕێت و ئەرک و مافیان بۆ دیاری دەکات. تۆ بڵێیت کەسانێک لە جەنگەڵی کوردستاندا، فەرمانی ئەویان پشتگوێ خستبێت، هەنووکە لە ئەورووپا گوێ بدەنە پێشنیاری؟

تا ئێستا چەندین کەس لە ئەورووپاوە، ڕەخنەیان لە نووسەر گرتووە، وەلێ

زۆربەیان لە ترسی گیانی کەسوکاری کوردستانیان زاتی ئەوەیان نەکردووە، ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئایا ئەم حاڵەتە هیچ پرسیارێکی لە کن ناورووژێنێت؟ ئایا کەسێک خەڵکی زەندەقیان لێی چووبێت، مافی ئەوەی هەیە باس لە ئازادی و مافی مرۆڤ بکات؟(٣٨) محەمەدی حاجی مەحموود کە سکرتێری حیزبێکە و سەدان چەکداری لە پشتە، لەسەر ئەو نهێنییانەی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاشکرای کردوون، هەوڵی کوشتنی دراوە،(٣٩) ئیدی خەڵکی تەنیاباڵ مەگەر لە ژیانی ببوورێت، ئەگەرنا مەحاڵە بوێرێت بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە، ڕەخنە لە نەوشیروان بگرێت؟

**قارەمانێکی بەستەزمان**

کە نووسەر لای حسک دیل بوو، حشع هەوڵێکی زۆری بۆ ئازادکردنی دا، ئەوسا قسەی سووکی ئاراستەی شیوعییەکان نەدەکرد، بەڵکوو لێیان دەپاڕایەوە و دەیگوت: ‹کاک قادر گیان تکاتان لێ دەکەم ئەگەر بەریان نەدام، مەڕۆنەوە، ئاخر لەوانەیە بمکوژن.›(٤٠) نەوشیروان لە سەروەختی بەهێزیدا، کەسێکی قسەڕەق و رووشکێنە. کە لێی دەقەومێت، مرۆڤێکی هێمن، شەرمن، ئاشتیخواز و کەساسە. کە ڕق لە کەسێک هەڵبگرێت، ئەگەر بتوانێت، دەنێرێت بیدەنە بەر شەستەبارانی گوللە، ئەگەرنا دەیداتە بەر ڕێژنەی جنێو. ‹لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ ڕقم لە خۆمە، لە نیوەڕۆ بە دواوە ڕقم لە خۆم و لە خەڵکیشە.› ئەمە نەستەقترین قسەیەتی.

بەهاری ١٩٨٣ بە فەرمانی ئەو دیلە شیوعییەکان کوژران. لەسەر خواستی ئەو، هەڵۆ سوورەکانی یەکێتی دیلە حسکەکانیان، لە لوتکەی چیای قەندیلەوە هەڵدێرا. بە دەستی خۆی عەولا سووری بە دیلکراوی کوشت، بەڵام کە ١٩٧٩ لە گوندی چنگیان لێی قەوما، لە ترسدا هەڵدەلەرزی. کە لای حسک دیل بوو، بە دەم هەنسک و قورگی پڕ گریانەوە دەهاتە گۆ و دەتگوت کۆتری ئاشتی و مەڕی پێغەمبەرە.

کە حسک بۆ گرتنی نەوشیروانی قارەمانی شەڕی براکوژی و دیلکوشتن دێن، وای بۆ دەچن تا دوا فیشەک شەڕ دەکات و ئاخر گوللەیش بە تەختی تەوێڵی خۆیەوە دەنێت، کەچی بێ تەقە تەسلیم دەبێت و سەنگەر یان ڕاستتر کادێن چۆڵ دەکات، ئاخر لەو شارەزوورە پان و بەرینەدا، لە کادانەکەی ماڵی حاجی عەلیی ‹قەویلە›دا خۆی حەشار دابوو.

محەمەدی حاجی مەحموود دەڵێت: ‹نەوشیروان بە تاهیری عەلی والی بەگی

گوت: بەرم بدەن، وەعد بێت، لە کوردستان دانەنیشم و بچمە دەرەوە. دڵی زۆر پڕ ببوو، هەر ئەوەی مابوو، لە پڕمەی گریان بدات. کاک تاهیر ڕەحمی جووڵا و گوتی: با بەری بدەین، گوناحە.›(٤١) چونکە هەموو جەللادێک ترسنۆکە، ئەویش ئەگەر دەست دوژمنی ڕاستەقینەی خۆی کەوتبا، وا دەڕووخا، هەنووکە خەڵکی شای ترسنۆکانیان لە چاو ئەودا پێ قارەمان دەبوو.

نەوشیروان لە کۆتایی شەستەکاندا، لە سلێمانی، شەوێکیان بە ئومێدی ڕاوەپێشمەرگە، لە بۆسەدا دەبێت، لە شەڕی نەبوو، بە جۆرێ زراوی دەچێت، بە غەددارە ژەنگنەکەی خۆی بریندار دەکات. ساڵی ١٩٧٧ کە لە سووریاوە بەرەو کوردستان بە ڕێ دەکەوێت، گوێی لە تەقەیەکی دوور دەبێت، بە جۆرێک دەشڵەژێت و هەڵدێت، تەنانەت یەکەمین مۆری ‹ینک›یشی لێ بەجێ دەمێنێت. ئایا لێ بەجێمانی یەکەمین مۆری شۆڕشی نوێ، شیاوی ئەوە نەبوو، لە بیرەوەرییەکانیدا تۆماری بکات؟ ئەگەر نا، ئەدی بۆچی لەسەر بزربوونی مۆرێک، ‹کە دواتر لای عەلیی ئامەخانەوە سەری هەڵدایەوە،› هێندەی نەمابوو ڕەوانی ‹ئەبوو شەهاب› بە دۆزەخی سزای ڕەوای گەل شاد بکات!

ساڵی ١٩٧٩ بە ئامادەبوونی جەباری حاجی عوسمان، بە کامەران عارف پێنجوێنی و دوکتۆر قادر ‹کە دوو کادری کۆمەڵە بوون لە شارەزوور،› دەڵێت: ‹گلەیی لە ڕەوتاری ئەم کادری عەسکەری و ئەو فەرماندەی پێشمەرگە مەکەن، لە شەڕدا لە پشتەوە بیانکەن بە قوربانی یەک دوو گوللە، ئیتر خوێندنەوەی دوو سێ دێڕی لە پرۆگرامی کاروانی شەهیداندا، بە دەم مۆسیقایەکی خەمناکەوە، بۆ ئێمە تێدەچێت.›

نووسەر ناحەزەکانی خۆی ئەگەر لە شار بوونایە، ‹وەک ستاری سەعید خەڵەف،› لە شاخەوە خەڵکی بۆ کوشتنیان دەنارد. ئەگەر لە شاخ بوونایە، ‹وەک ئیسماعیل گەورەدێیی،› پێمیمی ڕادەسپارد، لە کاتی شەڕدا لە دواوە بیانکوژن.(٤٢) دواتر کە کاری بەوانەی خەڵکی پێ کوشتبوون نەدەما، بۆ ئەوەی تاوانەکانی بشارێتەوە، بە مەقاشی تازە ئەوانیشی دەکوشت، وەک: وریای وەهابی نەققاڕ.

نووسەر دەڵێت: ‹ئێمە شۆڕش بۆ ئەو خەڵکە دەکەین، ئێمە خوێن دەدەین، دەبێت ئەوانیش پارە بدەن. ئەوی داوای پارەی لێ بکەین و نەیدا، دەیکوژین.›(٤٣) سەددامیش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو، بەڵام سەروەختێک کە دراوی پێویست نەبوو، ڕاستەخۆ داوای خوێنی دەکرد.(6) نەوشیروان بۆیە بلەی حەمەخورشەی

کـوشـت، چونکە ئەم داوای پـەنجـا هـەزار دیناری لێ کــردبوو، ئـەویش تەنـیـا دە هـەزاری ناردبوو.(٤٤)

**شیعری براکوژی**

نووســەر هەر لـە نیـوەی دووەمـی ســاڵانـی شـەســتــەوە و دواتر لە ڕێـی گـۆڤـاری ‹ڕزگـاری›یـەوە، یەکێک بووە لـە چالاکتـرین ئاگرخـۆشکەرانی شـەڕی نێوخـۆ، لە شــۆڕشـی نـوێشــدا، بە گــوڕ و تینێکـی بێ وێنەوە درێژەی بەو کـۆشــشــەی دا و بەردەوام بـە نووســینەکــانی بۆ ڕادیۆی ینک و بـڵاوکـراوەکــانـی کـۆمــەڵە و ینک، بەنزینی بە ئـاگری شـەڕی کوردکوژیدا دەکرد. نامیلکەی ‹قـیـادەی مـوەقـەتە لە چ بـەرەیەکـــدایـە؟› هەوڵێکی بـەرچاوی ئـەوە لە گـــۆڕەپانـی خـــۆشکردنـی شـــەڕی براکوژیدا.

نووسەر کە بە نووسین و بە کردەوە، چالاکترین براکوژە، گلەیی ئەوەی لە هەژاری مــوکـریانـی هـەیە، کــە ‹بە شــیــعــر خــەڵکی بۆ شــەڕی براکــوژی هـان داوە،›(٤٥) ئەگەرچـی بەرهـەمـی هەژار ناکـەوێتـە خـانـەی ئەو شـیـعـرانەوە کە بۆ خـۆشکردنی ئاگری شـەڕی براکوژی گوتراون، چونکە ئەو لە سـەنگەری پێشمـەرگەوە، شیـعری دژی جـاش نووسیوە. ئەوە شـێرکـۆ بێکەسـە کە بە هۆنراوە چالاکانە بەشداری لە شـەڕی براکـوژیدا کـردووە و نەوشـیـروانیش بۆ نووسـینی ئەو شـیـعـرانەی لاوانی کورد بۆ براکوژی بانگ دەکەن، یەکەمین هاندەری بووە.(٤٦)

نووسـەر لە بواری ئەدەبدا هێندە دەست و پێ سـپـییـە، جیاوازی لە نێوان جنێو و ڕەخنـەدا ناکــات و دەنووســێت: ‹ســالم جنێــو بەو کــوردانـە دەدا کــە هـاوکــاری داگیرکەریان کردوە.›(٤٧) هەژاری موکریانیش شوێن پێی خانی و حاجی و سالمی هـەڵگرتووە، ئـەویش تیری شیعری ئاڕاستەی ئەو کوردانە کردووە، کە لە سـەنگەری داگیرکەردا بوون. لای نووسـەر ئەوی بۆ سالم ڕەوایە، بۆ هـەژار ناڕەوایە.

جۆرج ئۆروێڵ نووسـەری (١٩٨٤) و (کێـڵگەی گیـانداران،) کە بە دژایەتیکردنی سـتالینیـزم ناوبانگی دەرکـردووە، لە کۆتـایی ساڵانی چلدا، سـیـخوڕی حکوومـەتی بەریتـانیـا بـووە و ڕاپۆرتی دژی بەرنارد شـۆ، شـارلی شـاپلن و سـتـیـڤن سـپـێندەر نووسـیـوە و تـاوانـی کـۆمـۆنیـسـتـبـوون و دۆسـتـایەتیکردنـی ڕووسـیـای داوەتە پاڵیان.(٤٨) ئەم خـەسڵـەتەی جۆرج ئۆروێڵ لە شـێرکـۆ بێکەسـیشـدا هـەیە و ئەویش ڕاپۆرتی دژی نووســەرانی کورد دەنووسی و جـاسـووسـێتی بۆ چەکـدارانی ینک دەکرد.(٤٩) نەوشـیـروان ڕەخنەی ئەوە لە هـەژار دەگرێت، کە زمانـی لـە خەڵکیـیـەوە

داوە، کەچی هەمان گلەیی لە شێرکۆی دەسکەگوڵی ناکات.

کە سیروان ڕەحیم لێی دەپرسێت: هۆی ئەوە چییە شەڕی هەموو لایەنە کوردییەکانتان کردووە، دەڵێت: ‹تەنیا شەڕی یەک لایەنمان کردووە، ئەویش جود بوو. شەڕی یەکێتی و جود، شەڕی نێوان تازە و کۆن بوو.›(٥٠)

جود، بریتی بوو لە پدک، حشع، حسک و پاسۆک، ئایا بێجگە لەو چوار حیزبە هیچ لایەنێکی تر، لە گۆڕەپانەکەدا هەبوو، تا یەکێتی شەڕی ئەویش بکات؟ بزووتنەوە باڵێکی گرنگی نێو یەکێتی بوو، هەر کە لە یەکێتی جوێ بووەوە و خۆی ناو نا حسیک، ئیدی لە دیدی یەکێتییەوە، کەوتە خانەی کۆنەپارێزانەوە! نەوشیروان بە درێژایی مێژووی تێکۆشانی لە یەک شەڕی دژی ڕژێمی بەغدادا بەشداری کردووە، ‹ ١٠ ی ئوکتۆبەری ١٩٨٦ فەتحی یەک› نەبێت، لەویشدا وەک کوردێکی ماتۆڕسواری موسڵمان، چاوساغی پاسداران بووە.

**سەبر و زەبر**

نووسەر فێرە بەوانەوە بدات کە گەرمیان کردۆتەوە. لە چنگیان خەلیفە، کە فەرماندەی دەستەیەکی حسک بوو، ئەوی لە مردن ڕزگار کرد، کەچی کە کەریمی برای خەلیفە، عومەری ڕەشە جووتەی کوشت و بۆ لای ڕژێم هەڵات، بە فەرمانی نەوشیروان خەلیفەیان لە بری کەریم کوشت.

مامۆستا حەیدەر کە چەندان ساڵ بوو لە ڕاگەیاندنی ینک بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کاری دەکرد و نموونەی مرۆڤی تێکۆشەر بوو، کە براکەی هەوڵی تیرۆرکردنی نەوشیروانی دا و هەڵات، دەستبەجێ ئەویان لە جێی براکەی کوشت. شەهید حەیدەر تا گیانی دەرچوو، هەر دەیگوت: بژی کۆمەڵە، بژی شۆڕش.

‹شوان،› کە سەوەختی وتووێژ نوێنەری ینک بوو لە کەرکووک، دەکوژرێت و بکوژ هەڵدێت. پێمیمەکانی نەوشیروان بیست و دوو کەس لە خزمەکانی کابرای بکوژ کە دۆستی شۆڕش دەبن، دەستگیر دەکەن و لە تۆڵەی شواندا حەوتیان ئیعدامی شۆڕشگێڕانە دەکەن!

‹لە ناوەڕاستی سالانی شەستدا، نەوشیروان کە لێی قەوما، هانای بۆ ماڵە کاژیکێک برد،›(٥١) کەچی کارێکی بە کاژیک کردووە، با بە دەواری شری ناکات. نووسەر دەڵێت: ‹کاژیک تاوانی گەورەیان دژی شیوعییەکان کرد.›(٥٢) پێ دەچێت وەک چۆن دژایەتیکردنی بارزانی تەنیا بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت، قەلاچۆکردنی شیوعییەکانیشی قۆرخ کردبێت!

له کێشه و ململانێکانی نێوان باڵەکانی کۆمەڵەدا، فەرەیدوون عەبدولقادر هەمیشه لایەنی نەوشیروانی دەگرت، کەچی کە مەلا ئەحمەدە ڕیشه دوای بریندار‌بوونی گوتبووی: ‹ئەوانەی خەڵکیان بۆ کوشتنم ناردووه، مەرد نین.› نووسەر لە بەردەم نوێنەرانی حدکا و کۆمەڵەی ئێراندا گوتبووی: ‹مەلا ئەحمەد تەنیا مەبەستی فەرەیدوونە.› لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەدا، کە ساڵی ١٩٨٤ بەسترا، مەلا بەختیار ئەم نهێنییەی درکاند.

لە کاتێکدا، لە کۆنفرانسی سێدا، کۆمێتیەکی هەڵبژێردراو خەریکی لێکۆڵینەوە دەبن لە گەڵ ئەو دەستەیەی تاوانی لەتکردنی ڕێزەکانی کۆمەڵەیان درابووە پاڵ، نووسەر هاوار دەکا: ‹لێکۆڵینەوەی ناوێ، بیاندەنە دەست من، هەر یەکەیان لەژێر پۆستەری شەهیدێکدا دەکوژم.›

**بیر و ڕای جیاواز**

هێرش سەبارەت بە ‹لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ› دەڵێ: ‹کتێبێکی بەتام و شیرینە.›(٥٣) خواردنێکی خۆش هەیە، لە شیر و ئاردەبرنج دروست دەکرێت، فرنی پێ دەڵێن، ئەم هەڵسەنگاندنە زێتر بۆ فرنی دەست دەدات، وەک بۆ کتێب. هەمان کتێب بە لای ‹ج. ئاکۆیان›ەوە، کە ناوێکی وەهمییە، ‹فشەنامە، درۆنامە، تاوانـنامە و تەنانەت بێ شەرەفینامەشە.› نووسەری کتێبەکەیش لە ڕوانگەی ئەم بنووسەوە، ‹خوردەجەللاد، پیاوکوژ، خوێنڕێژ، دڵڕەش، ژێرکەوتوو، کەر، قرژاڵ و ترسنۆکیشە.›(7)

هێرش چونکە بە باشی لە ‹کەناری دانوبەوە..›ی هەڵسەنگاندووە، بە لای ج. ئاکۆیانەوە، ئەویش پیاوێکی ‹هەرچی و پەرچی، بێ ئابڕوو، چیرەدرێژ، خوانەناس و مسقۆف و کۆنە توودەییە.› عەلی کەریمیش چونکە ئەرکی لە چاپدانی کتێبەکەی لە ئەستۆ گرتووە، لای ج. ئاکۆیان، ‹بازرگانێکی فێڵباز، چاوچنۆک، دەستبڕە و تمەنێ باوکێتی و یەکێکیش دایکی.›(٥٤)

لە کەناری دانوبەوە تا خڕی ناوزەنگ، لە ڕوانگەی عەتا قەرەداغییەوە، ‹لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و بەهایەکی زانستی گەورەی هەیە. نووسەرەکەشی: پیاوێکی ئازا، سەریح، ڕووناکبیر، مێژوونووس، خاوەنقەڵەم، بوێر، خاوەن جورئەت، سەرکردەی شۆڕش، خاوەن عەقڵ و تێڕوانین و حیسی مەوسووعی، ڕاستگۆ، وردبین و پاراونووسیشە.(٥٥)

وەک دەردەکەوێ عەتا لە بری خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی کتێبەکە، سەرقاڵی بژێوی دابینکردنە. سەبارەت بەو کتێبەی بە لای ئەمەوە لێکۆڵینەوەی زانستییە، نەوشیروان خۆی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: ‹ڕووداوەکانم بە شێوەی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوان نووسیونەتەوە.› یان دەڵێت: ‹بە شێوەی لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی نەمنووسیوە، بە شێوەی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی نووسیومە.›(٥٦) کاوە جەلالیش دەڵێت: ‹نەوشیروان یادەوەرییەکانی وەک ڕێپۆرتاژ دارشتووە، نەک بە فۆرمێکی زانستییانە.›(٥٧) ئیدی ناهەقمە ئەگەر بە عەتا قەرەداغی بڵێم: کوچک لە ئاگر گەرمترە.

ئەو ‹زمانەی›ی نەوشیروان پێی دەنووسێت، نەک هەر پاراو نییە، بەڵکوو زمانی کوردیش نییە، دیالێکتی ئەوانەیە کە بە بنەچە خەڵکی شاری سلێمانین. ئەمجەد شاکەلی دەڵێت: ‹زۆربەی هەرە زۆری ڕێنووسی نەوشیروان مستەفا هەڵەیە. ئەو ڕێنووسەی ئەو پێڕەوی دەکات، هی سالآنی پەنجا و شێستەکانی ئەم سەدەیەن.›(٥٨) نەوشیروان کە خۆی بە بەرپرسی کوردایەتی دەزانێت، دەبوو هەوڵی فێربوونی زمانی ستانداردی کوردی دابا. ئەو کوردییەی پێی دەنووسێت تەنیا عەرەبیزانی بە بنەچە خەڵکی شاری سلێمانی لێی تێدەگات، ئاخر نووسینەکانی پڕن لە وشە و ڕستە و پەرەگراف و لاپەڕەی عەرەبی. ئەگەر وەک کۆمەڵە دەیگوت، ‹مەسەلەی کورد، تەنیا هەر یەک مەسەلەیە،› ئەدی بۆچی سکرتێرەکەی کە دەنووسێت، هیچ نەبێ کوردی ئێران کە عەرەبی نازانن، لەبەرچاو ناگرێت؟

چونکە نووسەر، زمانی نووسین و ڕێنووسی سەردەمی حوکمداریتی شیخ مەحموود ڕەچاو دەکات و وەک نموونە: توور و تۆڕ، کەر و کەڕ، گول و گۆڵ، شیر و شێر، وەک یەک دەنووسێت، هەندێک جار بۆ ئەوەی خوێنەر لێم حاڵی ببێت، دەستکاری ڕێنووسەکەیم کردووە.

فازیل کەریم ئەحمەد لە وەڵامی قسە بێ بەڵگەکانی نەوشیرواندا ‹کتێبێکی ٢٠٨ لاپەڕەیی نووسیوە، وەلێ لە سۆنگەی ئەوەوە، گەلی کورد بە قۆناغێکی ناسکدا تێدەپەڕێت، بڵاوی ناکاتەوە.›(٥٩) ‹جا کورد هەرگیز بە قۆناغێکی ناناسکدا تێپەڕیوە!› پێم وایە بۆ گوتنی ڕاستی، هیچ وەختێک نەگونجاو نییە. پاساوی ناسکەقۆناغ، ڕەنگدانەوەی قازانجی تایبەتی ڕەچاوکردنە، نەک بەرژەوەندیی کورد. فازیل لە نزیکەوە ئاگاداری تاوانەکانی نووسەرە و وای بۆ دەچم بێدەنگی،

چونکە چاوپۆشیکردنە لە تاوان و داکۆکیکردنە لە دەسەڵاتی دیلکوژان، ویژدانی ئازار دەدات.

**تەکنیکی نووسین**

پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، زێتر لە کەشکۆڵ دەچێت، وەک لە کتێب. نووسەر لە هەر بوارێکدا هەرچی زانیبێت، لەسەر یەکی کەڵەکە کردوون، بێ ئەوەی هیچ نەبێت سەلیقەی ئەوەی هەبووبێت، پۆلێنیان بکا. مێژوو، جوگرافیا، کشتوکاڵ، دابونەریت، بیرەوەری، زمانەوانی، ئایین، فۆلکلۆر و قۆشمەی وەک چێشتی مجێور تێکەڵ کردووە. حەوسەڵەی ئەوەی نەبووە، دەقە عەرەبی و فارسییەکان ‹مەبەستم بەڵگەنامەکان نییە،› بکاتە کوردی، ئەم کتێبە لەم بوارەدا ڕچەشکێنە! تەنانەت کە باس لە پێکهاتنی موشیر ـ بارزانی دەکات، (ل ٧٣) خاڵی یەکەمی ڕێککەوتنەکەی بە عەرەبی و هەشت خاڵەکەی تری بە کوردی نووسیوە. یان لە باسی ‹حدکا›وە دەچێتە سەر هاڕینی گەنم. لە بێتەلەوە دەچێتە سەر قورئان. لە جودەوە دەچێتە سەر هەنگ.

ئەم نووسەرەی بە لای حوسێن محەمەد عەزیزەوە ‹ڕۆشنبیرێکی گەورەی گەلەکەمانە،›(٦٠) سەرەتاییترین تەکنیکی نووسین بەڵەد نییە. تا هەنووکە جیاوازیی نێوان سەرچاوە و پەراوێزی دەرک پێ نەکردووە. سەرنجی هەر یەکێک لە کتێبەکانی بدەیت: ‹کورد و عەجەم، حکومەتی کوردستان، میرایەتی بابان و سەردەمی قەڵەم،› لەبری ‹سەرچاوەکان،› هەمیشە ‹پەراوێزەکان›ی نووسیوە! لێرەدا داوای لێ بوردن لە خوێنەر دەکەم و جیاوازی نێوان سەرچاوە و پەراوێز بۆ نووسەر ڕوون دەکەمەوە.

سەرچاوە: Source تەنیا ئەو شوێنە نییە کە ئاوی لێوە هەڵدەقوڵێ، ئەو شوێنەشە کە زانیارییی لێوە وەردەگرین. پەراوێزیش: Margin ئەو زانیارییانەیە، کە سەرنجی خوێنەر بۆ مەسەلەیەک ڕادەکێشن، یان بەرچاوی ڕوونتر دەکەنەوە و لە داوێنی لاپەڕەکەوە دەنووسرێن. بۆ ئەوەی نووسەر باشتر حاڵیی ببێت، دەڵێم: کتێبەکانی عەبدولڕەززاق ئەلحەسەنی، سەرچاوەن، نەک پەراوێز.

نووسەر لە هیچ کتێبێکیدا تەنانەت، سەلیقەی ئەوەی نەبووە، ناوی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی وا بنووسێت، کە خوێنەر بتوانێت، بە ئاسانی بچێتەوە سەریان. ئەم هەڵەیەی سەدبارە کردووەتەوە. هەموو نووسەرێک کە ڕاستەوخۆ بۆ نموونە، دوو سێ دێڕی لە سەرچاوەیەکەوە، گواستەوە، دەبێت ئەو دوو سێ دێڕە بخاتە

نێوان دوو کەوانەوە و دەستبەجێ سەرچاوەکە دیاری بکات. ئەگەر دە دوازدە دێڕی لە سەرچاوەیەکەوە هێنا، ئەوا وێڕای دەست نیشانکردنی ژێدەرەکە، دەبێت بە حەرفی وردتر بیاننووسێت، یان ‹بۆ کوردی،› لە لای ڕاستی لاپەڕەکەوە، بە درێژای ئەو دێڕانە دوو سێ سانتیمەتر بەجێ بهێڵێت، واتا لە لاکێشەیەکی تەسکتردا دێڕە خوازراوەکان بنووسێت.

نەوشیروان نەک هەر ئەم ڕێسایانە ڕەچاو ناکات، بەڵکوو کە کەوانێک دەکاتەوە، لە بیری دەچێت، دایبخاتەوە. یان بێ ئەوەی کەوانێکی کردبێتەوە، ڕێ دەکەوێت بە درێژایی چەندان لاپەڕە، خوێنەر تووشی دێڕێک نابێت، کە بەرهەمی قەڵەمی ئەم نووسەرە بێت. هەر بۆیە بێجگە لە بیرەوەرییەکانی، سەرجەمی کتێبەکانی دیکەی، ئەگەر نەڵێم دزین، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا، مۆنتاژکردنێکی ناهونەرییانەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش سەبارەت بە نێوەڕۆکی ئەو ‹کتێبانەی› تاقە سەرنجێکیش دەرنابڕم. شیاوی گوتنە تەنانەت لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیشدا، بەرهەمی کۆششی گەلێ کەسی تالآن کردووە، شۆڕش حاجی، کە دەربارەی ئەنفال کاری باشی کردووە، یەکێکە لە قوربانییەکان. پشکۆ نەجمەدین تەنانەت سەبارەت بە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانیشی دەڵێت: ‹خوێنەر ناتوانێ جیاوازی لە نێوان تێکستی گوێزراوە و قسەکانی خودی نووسەردا بکا.›(٦١)

بۆ ‹کتێب›ی ‹سەردەمی قەڵەم و موراجەعات› ئەرکی کۆ کردنەوەیشی نەکێشاوە، ئاخر سەرجەمی کتێبەکە، بریتییە لە کەشکۆڵێکی مستەفا دەلۆیی، کە هاوینی ١٩٩٥ دەست نەوشیروان کەوتووە.(٦٢) ئەگەر بۆ ‹کتێبەکانی› دیکەی هەندێک سەرچاوەی خوێندبێتەوە، ئەوا بۆ ئەمەیان ئەو زەحمەتەشی نەکێشاوە.

نووسەر چونکە مێژوو دەنووسێتەوە، زوو زوو پێویستی بە تۆمارکردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵی ڕووداوەکان دەبێت، ئەمەیش گەورەترین سەرئێشەی بۆ دروست کردووە. ئەو چونکە تەنیا زانیاری کۆپی دەکات، تەنانەت ئەو ئەرکەیش ناکێشێت، ساڵە هەتاوییەکان بکاتە زایینی: ‹ڕۆژی ٢١ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣١٦ هێزێکی ئاڵمانی چوە ناو خاکی نەمساوە.›(٦٣) شەڕی جیهانی دووەم لە ئەورووپا هەڵگیرساوە، کەچی ئەو دیرۆکی ڕووداوەکانی بە مانگی کوردی و ساڵی هەتاوی تۆمار کردووە! ئای بۆ حەزرەتی سەجادی جێی ئەم قۆشمەیە لە ڕشتەی مرواریدا بکاتەوە. لە هەمان کتێب و زۆر جار لە هەمان لاپەڕەدا مێژووی ڕووداوەکانی جارێک بە ساڵی هەتاوی و جارێک بە زایینی نووسیوە. ماڵی کەمال

ڕەئووف مـحـەمـەد ئاوا بێت، لە ‹مـیـرایەتی بابان›دا فـریای کەوتووە و مێـژووی ڕووداوەکانی بۆ کردووە بە زایینی.

‹ئەو کتـێبـانـەی بێلایەنیـان لە دەست داوە، بۆ ئەوە نـاشـێن بکرێنـە سـەرچاوەی لێکۆڵینەوەی زانسـتی.›(٦٤) ئەمـە بۆچوونـی سـاڵـی ١٩٨٨ی نووسـەرە، کـەچی لە ١٩٩٧ دا دەنووسێت: ‹ڕووداوەکانم لە ڕوانگەی خـۆمـەوە گێڕاوەتەوە و ناتوانم بێ لایەن بم.›(٦٥) کە نووسـەر مـێژوو دەگێڕێتـەوە و ناتوانێت بێلایەن بێت، ئێمـە چۆن بتوانین متمانە بە قسەی بکەین؟

لە ‹کـورد و عـەجـەم›دا،(8) لە ٣٧ لاپەڕەدا، یەک تێبـینیم بۆ دۆزرایـەوە، بەرهەمی بیری نووسـەر بێت، ئەویش هەڵە بوو. د. نوائی دەڵێت: ‹کوردەکان ورمێیان داگیر کـرد.› نەوشـیـروان لـە نێـوان دوو کـەواندا نـووسـیـوێتی: ‹ورمـێ: ڕضـائیـەی ئێستایە.›(٦٦) ڕاستییەکەی ڕەزائییە، ئێستا ورمێییە. بە ڕووخانی ڕژێمی شا، ڕەزائییەش بووەوە بە ورمێ.

**مێژوویەکی گومانلێکراو**

مـەلا بەخـتـیار وەک خـۆی نووسیـوێتی، بە پێی بڕیاری مـەکتـەبی سیـاسـی ینک، جـەمالی عـەلی باپیری بۆ چەککردنی شـێرکۆی شـێخ عـەلی ناردووە،(٦٧) کـەچی نەوشیـروان دەیەوێت بڕوا بەوە بکەین ‹جـەمال کە سـەردانی شـێـرکۆی کردووە، نیـازی خـاوێن بووە،›(٦٨) گـەرچی خـودی خـۆی بە مـەبەسـتی چەککردن، یان ڕاستتر کوشتنی شێرکۆ، مەلا بەختیاری بۆ جافایەتی هەناردووە. ئاخر شێرکۆ کە بوێرترین فەرماندەی هەرێمی حسک بوو، کەی ڕێی تێ دەچێت، سـەری بڵندی بۆ جەمال نەوی بکات و بە ئاسانی لێ بگەڕێت، چەکی لە شان دابماڵن؟(9)

بیـرەوەرییـەکـانی نووسـەر چونکە لـە ژێر گوشـاری ئازاری ویژداندا بـە مـەبەسـتی خـاوێنکردنەوەی پەرێزی خۆی و ینک نووسـروان و تەنانەت تـاقە ڕووداوێکیشـیـان بە دەسـتـپـاکـییـەوە تێدا نەگێڕدراوەتەوە، بۆیـە هیچ بەهایەکی مێـژووییـان نییـە. پشکۆ نەجـمـەدین دەبێـژێت: ‹نەوشیـروان چۆنی پێ خۆش بووە، ئاوا مـەسـەلەکانی شێواندووە.› یان: ‹ڕاستییەکانی نەوشیروان بە کۆڵی کەری شـەل دەگەڕێن.› یان: ‹بۆ تەنیا جارێکیش مێژووی ‹ینک›ی بە چاک و خەراپەوە تۆمار نەکردووە.›(٦٩)

نووسـەر دەڵێت: ‹کـە بە ناوی خـواسـتـراوەوە، وتاری ‹هـەژاری مـوکـریانی شـایەری دەرباری بـارزانی›م، کـە لێکۆڵینەوەیـەک بوو لەسـەر چـاپی یەکـەمی دیوانـی ‹بۆ کوردستـان›ی هـەژار، لە ‹ڕزگـاری›دا بڵاو کـردەوە، هـەژار وای زانیبوو، ئیبراهیم

ئەحمەد نووسیوێتی، لەسەر ئەوە چەند شیعرێکی هەجووی بۆ داناوە.›(٧٠)
* هەرچی سووکە ئاشنایەتییەکی لەگەڵ ئەدەبدا هەبووبێ، زانیویێتی ئەو نووسینە بەرهەمی خامەی نەوشیروانە. هەژار خۆشی هەر لە کۆتایی ١٩٦٩ دا، لە پێشەکیی چاپی دووەمی دیوانەکەیدا، بە نووسینی ‹گەجەر و گوجەرەکانی دەوروبەری ئیبراهیم ئەحمەدی لە قەڵەم داوە.›
* ١٩٦٦ کە ‹بۆ کوردستان›ی هەژار، بڵاو بووەوە، گەلێک شیعری دژی بلە تێدا بوو.
* ١٥ی ئەپریلی ١٩٦٩ یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕزگاری بڵاو بووەتەوە. ‹لێکۆڵینەوەکەی!› نەوشیروان سێ ساڵ دوای ‹بۆ کوردستان›ی هەژار نووسراوە.
* کەواتە نووسینەکە بە دوای شیعرەکانی هەژاردا هاتووە، نەک بە پێچەوانەوە. هەژار سەبارەت بە نووسینەکەی نەوشیروان، دەڵێت: ‹کە نووکی قەڵەمی منیان وەک نەقیزە تێڕاچوو، جووتەیان لە ئاسمان دا.›(٧١)
* بە هۆی ناونیشانی باسەکەوە، خوێنەر لە ڕاستگۆیی نووسەر دەکەوێتە گومانەوە، ئاخر ئەگەر هەژار شیعری دژی ئیبراهیم ئەحمەد نەنووسیبا، ئەم ناتۆرەی شایەری دەرباری بارزانی، لێ نەدەنا. ئەگەرچی کەس نییە، مێژووی نوێی کوردی نووسیبێتەوە و هێندەی نەوشیروان شێواندبێتی، کەچی هێشتا ئەو دەڵێت: ‹هەندێ کۆلکە خوێندەوار ڕابردوی گەلەکەیان و ناوی هەندێ لە چالاکەکانی بزووتنەوەکەی دەشێوێنن.›(٧٢) جا لە بزووتنەوەی گەلەکەماندا کەس لە بارزانی چالاکتر بووە، کە ئەو بۆ زڕاندنی ناوی و شێواندنی مێژووی خەباتی، دژوارترین و بێهوودەترین هەوڵی داوە؟ ناهەقمە بڵێم: ئای بۆ حاڵی ئەوەی نەمرووود بە کافری بزانێت.(10)

**تاوان و بیانوو**

مەسعوود بارزانی دەڵێت: ‹جێبەجێ نەبوونی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەڵەی ڕژێم بوو، بەڵام کەمێک هەڵەی کوردیشی تێدا بوو.›(٧٣) ڕەسووڵ مەمەند هاوینی ١٩٨٩ دەڵێت: (ئێمە ‹مەبەستی بەرەی کوردستانییە، کە خۆی یەکێک بوو لە سەرانی،› هیچمان بۆ کورد نەکردووە، تووشی کیمیاوی و ئەنفالیشمان کردووە.)(٧٤) نەوشیروان بە هێندەی نووکەدەرزییەک ڕەخنە لە هیچ هەڵوێستێکی ینک قایل نییە. بە لای ئەوەوە هەرچی گلەیی لە ینک هەبێت، نە ڕۆشنبیرە و نە نیشتمانپەوەر.(٧٥) ئاخر لە کن

ئەو ڕەخنە: جنێوە و ڕەخنەگریش: جنێوفرۆش!

من بەعس بە دڕندەترین ڕژێمی جیهان دەزانم، پێویستیشم بەوە نییە پاساو بۆ ڕەوتارەکانی بهێنمەوە، بەلاَم تا نەوشیروان ئێرانی نەگەیاندە بیرە نەوتەکانی کەرکووک، بەعس گەرمیانی ئەنفال نەکرد. تا هالیکۆپتەری ئێران لە بەرگەڵوو نەنیشتەوە، هێرشی ڕژێم بەرەو دۆڵی جافەتی دەستی پێ نەکرد. تا  ینک ئێرانی نەگەیاندە هەڵەبجە، بەعس کیمیابارانی شارەکەی نەکرد. تا ینک پاسداری نەهێنایە کۆیە، بەعس پەلاماری هەولێری نەدا. تەنانەت نەوشیروان خۆشی پێی وایە وتووێژی ١٩٨٤ی ینک و ڕژێم بۆ ئەوە بوو، ‹تا عێراق هاوکاری نێوان کورد و ئێران، نەکاتە بەهانە بۆ لە ناوبردنی کورد.›(٧٦) جا کە ساڵی ١٩٨٤ دەرکتان بەم ڕاستییە کردبوو، بۆچی دواتر ئەو بیانووەتان دایە دەست ڕژێم؟

بەعس هەر وەختێ بیەوێت، دەتوانێت ئەرکی سەرکوتکردنی خەڵکی کورد بە یەکێتی بسپێرێت. ینک هەرگیز نەیتوانیوە، دەسەلاَتی بەعس بخاتە ژێر مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، هەر بۆیە تا لەشکری ئێرانی بە کێش نەکردبێت، زەبری کوشندەی لێ نەداوە. یەکێتی ئەگەر دروشمی ڕووخاندنی بەعسیشی هەڵگرتبێت، تەنیا بۆ فریودانی خەڵکی بووە.

بەهاری ١٩٨٨ کە ئێران شارەزووری داگیر کرد، حسک و پارتی خەڵکی خورماڵ و سیروانیان لە نێوان مانەوە و هەلاَتندا سەرپشک کرد، هەر بۆیە فڕۆکەوانەکانی ڕژێم کە هەستیان کرد ئەو دوو شارۆچکەیە چۆڵ کراون، نزیکەی هەرچی بۆمبیان پێ بوو، بەسەر هەڵەبجەیاندا، کە یەکێتی ڕێگای دەرچوونی لە خەڵکەکەی گرتبوو، باراند. ١٩٨٨/٣/١٤ شەوکەتی حاجی موشیر لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورەوە بە خەڵکی هەڵەبجەی گوت: ‹نابێت شار چۆڵ بکەن. ترستان نەبێت، دەستی ڕژێمتان ناگاتێ.›(٧٧)

ئەوی دەیویست شار بەجێ بهێڵێت، پێشمەرگەی یەکێتی پێی دەگوت: ‹شەرم ناکەی لە سەردەمی دەسەلاَتی عەسکەر و جاشی ڕژێمدا، ئەم شارەت جێ نەهێشتووە، ئێستا کە پێشمەرگە ئازادی کردووە، لێی هەڵدێیت؟› یەکێتی وەک نەیدەتوانی ڕێ لە بای مەرگ بگرێت، خۆ دەیتوانی ڕێ لە هەلاَتنی خەڵکی نەگرێت. هەر بۆیە لە کارەساتەکەی هەڵەبجەدا، بەعس تاوانباری یەکەمە و یەکێتیش دووەم.

‹لەشکری ئێران، بە هاوکاری ئێوە بگاتە هەر شوێنێک، ئێمە ئەو جێیە

کیمیاباران دەکەین.› دەڵێن لایەنە کوردییەکان ئەم ئاگادارییەیان لە ڕژێمەوە پێگەیشتبوو. تۆ بڵێی یەکێتی بەو پەڕی هۆشیارییەوە ڕێی لە هەڵاتنی خەڵکی هەڵەبجە گرتبێت، تا کەڵک لە کارەساتەکە وەربگرێت و کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بە جیهان بناسێنێت! ‹ئازادکردنی› هەڵەبجە و بای مەرگ لای کەم دەستبەجێ یەک قازانجی بۆ یەکێتی تێدا بوو، کە تالانکردنی شارەکە بوو.

سەددام حسێن بە نامە، لە ڕێی موکەڕەم تاڵەبانییەوە، ١٩٨٨/٢/٢٢ داوای وتووێژی لە ینک کرد بوو،(٧٨) بەڵام بە جۆرێک وابەستەی ئێران بوو، بە بەشداریکردن لە هێرشی سەر هەڵەبجەدا ‹فەجری دە› کە بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئێران و بە کارەساتێکی مەزن بۆ کورد دوایی هات، وەڵامی دایەوە. هەر کاتێک ڕژێم  لە ڕێی هەر کوێخایەکەوە، داوای وتووێژی لە ینک کردبێت، لەسەرپێ بووە، لە بەختی ڕەشی کورد ئەوە یەکەمین جار بوو، زوو بە دەم داوای ڕژێمەوە نەچێت.

لە سەروەختی کۆڕەوەکەدا، کە سۆزی دنیا لەگەڵ گەلەکەماندا بوو، هەر کە سەددامی ناوبژیوان فیکەیەکی بۆ تاڵەبانی لێدا، ئەو هەلە مێژووییەی لە کیسی کورد دا و تا قارەمانی کیمیاباران و ئەنفالی ڕانەمووسی ئۆقرەی نەگرت! کەچی ئەو تاقە جارەی کە پێویست بوو بە پیر داوای ڕژێمەوە بچێت و کورد لە ئەنفال و بای مەرگ بپارێزێت، نەچوو.

چەکدارانی ینک، کە لەو هێرشەدا پاشکۆی ئێران بوون، پێشەکی دەمامک و دەرزیی دژی گازی ژاراوییان وەرگرتبوو. محەمەدی حاجی مەحموود کە لەو هێرشەدا فەرماندەی هێزەکانی حسک بوو، دەڵێت: ‹١٩٨٨/٣/١٥  گوتم، کەس لە خوارەوە نەمێنێتەوە، با سەر بکەوین بۆ لای ئەحمەدئاوا، عێراق سبەینێ بە کیمیاوی لێمان دەدات. خەڵکی دەیویست لە شار دەربچێت، بەڵام ینک ڕێگەی لە چوونە دەرەوەی خەڵکەکە گرتبوو.›(٧٩) پێشمەرگەی یەکێتی دەمامک و دەرزیی دژی گازی ژاراوی پێ بووە و ڕێگەی لە هەڵاتنی خەڵکی سڤیلی بێ هیچ کەرەسەیەکی داکۆکی لە خۆ کردن، گرتووە. ئایا ئەم هەڵوێستە جێی گومان نییە؟

کافافی دەڵێت:

چ قەرتاج، یان ڕۆما
هەر کامیان سەرکەون
ئێمە هەر بندەستین.(٨٠)

ئێران ١٩٨٨/٣/١٩ی ‹ڕەزائی› دەکاتە فەرمانداری هەڵەبجە و ڕێ نادات هیچ لایەنێکی کوردی بارەگا لە هەڵەبجەدا بکاتەوە. تەنانەت بێ پسوولەی فەرماندار، ڕێ بە هیچ بەرپرسێکی لایەنە هاوهێرشەکانیشی نادات، سەردانی هەڵەبجە بکەن. مەلا عەلی ناچار دەبێت بڵێت: ‹جاران بە عەرەبی داوای ناسنامەیان لێ دەکردین، ئێستا بە فارسی.›(٨١)

ڕەوتارەکانی ڕژێم کاردانەوەی کارەکانی ینک نەبوون. پێش ئەوەی یەکێتیش لە دایک ببێت، ڕژێم هەر فاشست بوو. بەعس ئەو سەردەمەی ‹جەلالی›یش فورسان Mercenary بوون لە کنی، هەر فاشست بوو. ئەگەر یەکێتی ئەم ڕاستییەی لەبەر چاو گرتبا، هێندە زوو زوو بیانووی لەناوبردنی کوردی نەدەدایە دەستی و گەلەکەمانی لە گەلێ کارەسات دەپاراست.

**ویژدانی حەساوە**

یەکێتی حیزبێکی سادۆماسوشییە، وەک چۆن چێژ وخۆشی لە دیلکوشتن و قەلاچۆکردنی پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکە دەبینێت، هەرواش خۆی بە بڵندیی ژمارەی شەهیدەکانییەوە با دەدات. نەوشیروان دەڵێت: ‹لە ئەنفالی یەکدا، ئەو هێزانەی بەرگرییان لە ناوچەکە دەکرد، زیاتر لە ٦٠٠ پێشمەرگەی لێ کوژرا و بریندار بوو.›(٨٢) جا کە تەرازووی هێز هێندە بە لای دوژمندا سەنگین بوو، هەر لە سەرەتاوە پاشەکشەتان کردبا، چاکتر نەبوو؟

ئەگەرچی هیچ لایەنێک هێندەی ینک زیانی بە خەڵکی کورد نەگەیاندووە، کەچی نووسەر بێباکانە دەبێژێت: ‹یەکێتی هەمیشە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لەبەرچاو گرتووە.›(٨٣) ئێریش فرید دەڵێ: ‹منداڵەکان بۆ گاڵتە بەردیان دەگرتە بۆقەکان. بۆقەکان بە ڕاستی دەمردن.› ینک زۆر جار کوردی بە بۆق زانیوە. نووسەر دوای ڕووبارێک خوێن، دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا، دەنووسێت: ‹ئێستاش دڵنیا نیم لەوەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش، کارێکی گەوجانە بوو، یان عاقڵانە؟›(٨٤)

سەیرە هێشتا هیچ جەنەڕاڵێکی ینک لەسەر شێوازی ‹هاراکیری› خۆی نەکوشتووە! ئەندازیارێکی ژاپۆنی کە هەست دەکات لە ئەنجامی هەڵەی ئەوەوە، فڕۆکەیەک کەوتۆتە خوارەوە و سەرنشینەکانی گیانیان لە دەست داوە، دەستبەجێ خۆی دەکوژێ و ئەم نامە کورتە لە دوای خۆیەوە جێدەهێڵێ: ‹داوای لێ بوردنتان لێ دەکەم و ژیانمتان پێشکەش دەکەم.›(11)

سلاڤکۆ دۆکمانۆڤیچ سەرب بوو، پارێزگاری شاری ڤۆکۆڤاری کرواتیا بوو، بە تاوانی ڕەشەکوژی لای UN زیندانی بوو. پێش ئەوەی دادگایی بکرێت، ۱۹۹۸/٦/۲۹ خۆی کوشت. نووسەریش کە دەستی لە کوشتنی دەیان کەسی سەر بە لایەنە نەیارەکانی یەکێتیدا هەیە و قارەمانی بێ وێنەی بواری دیلکوشتنیشە، ئەگەر پەنا بۆ هەمان چارەسەر ببات، بەوە:

* بە یەکجاری لە ئازاری ویژدان ڕزگاری دەبێت.

* خزمەتێکی بەرچاوی ئازادی و دیموکراتی لە کوردستاندا دەکات.

* بە کردەوە نەفرەت لە شەڕی براکوژی دەکات.

* جوانترین دەرسی دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان و نەوەکانی داهاتوو دادەدات، فێریان دەکات، سڵ لە براکوژی و دیلکوشتن بکەنەوە و خوێن و خەباتی کورد بە فیڕۆ نەدەن.

**بارزانی**

بارزانی لە ڕوانگەی نەوشیروانەوە، نەخوێندەوارێکی جنێوفرۆش بووە. ئەم بۆچوونە پێش ئەوەی سووکایەتی کردن بێت بەو پیاوە، سووک سەرنجدانی جەلالییە، ئاخر مەلا مستەفا چەندان گۆڵی مێژوویی لە جەلالییەکان کرد، وەک:

* بۆ ئێرانی هەڵبڕین.

* بۆ باوەشی ڕژێمی عێراقی ڕاو نان.

* هەڵی وەشاندنەوە.

* دوو جار لێیان خۆشبوو.

* بە کێشی کردنەوە بۆ ناو پارتی.

بارزانی بەوەی کە چەندان پردی لە نێوان بزووتنەوەی کورد و وڵاتانی زلهێز و دوور و دراوسێدا ڕۆنابوو، کە هاوزەمان پێوەندیی خۆی لەتەک سۆڤییەت و ئەمریکا، عەرەب و جوولەکەدا پاراستبوو، ئەوانە گەواهی لەسەر زیرەکی ئەو لە بواری دیپلۆماتیدا دەدەن. نووسەر ئەو لێهاتوویەی مەلا مستەفا بە لاوازی نێوزەد دەکات،(۸٥) کەچی کە جەلال تاڵەبانی سەدداممان لێ دەکا بە ناوبژیوان، بە لای نووسەرەوە ئەوە: ‹جۆرێکە لە دیپلۆماسییەتی زیرەکانە.›(۸٦)

بە پێی قسەی بێ بەڵگەی نووسەر، بارزانی بە حکوومەتی گوتووە: (داخوازی من تەنیا ئەوەیە ئاشتی هەبێت و بچمەوە بارزان خەریکی شوانی بم.)(۸۷) گریمان مەلا مستەفا تەنیا شوێن بەرژەوندیی خۆی کەوتووە، کێ بڕوا بەوە دەکات، ئەوێک

له ١٩٤٦ دا جەنەڕاڵ بووبێت، دوای فێربوونی زمانێکی تازە، خوێندن، ئەزموونی دوازدە ساڵی سۆڤییەت و شۆڕشێکی نوێ، له ١٩٦٤ دا بە شوانی قایل ببێت! چونکە پەتی ناڕاستی قرچۆکە، دوای سی لاپەڕە لە هەمان کتێبدا دەنووسێت: ‹مەلا مستەفا لەگەڵ هیچ حکوومەتێکدا ڕێک نەئەکەوت.›(٨٨)

نووسەر دەڵێت: ‹من دژی شەڕ لەگەڵ بارزانی و دژی هاوکاری لەگەڵ بەعس بوم.›(٨٩) بە مەرجێک باس لە سەردەمێک دەکات، کە خاوەنی ئیمتیازی ڕزگاری ‹ئۆرگانی جەلالی› و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی سلێمانی بووە! ئەم قسانەی نووسەر تەواو لەوە دەچێت، کەسێک بڵێت: نە بڕوام بە تاق و تەنیایی خودا هەیە، نە بە پێغەمبەریی محەمەد، وەلێ موسڵمانیشم. بە ڕاست جەلالیبوون، بێجگە لە شەڕ لەگەڵ بارزانی و هاوکاری لەگەڵ بەعس، چی دیکە بوو؟ کە ئەو دوو مەرجەی تێدا نەبوو، ئەدی چی ئەوی گەیاندبووە نێو ڕیزەکانیان؟ تۆ بڵێی هێڵی لاری Doubleagent مەلایی بووبێ لە نێو جەلالیدا؟ قوڵپی غەزەب و قینی نەوشیروان تەنیا بەوە دانەدەمرکایەوە، کە هەر ڕاستەوخۆ بە کوردی دژی بارزانی لە (ڕزگاری)دا بنووسێت، بەڵکوو ئەوی بە عەرەبیش لە ‹النور›دا دژی ئەو دەنووسرا، دەیکردە کوردییەکی لاواز و ‹کە من لێرەدا بۆم جوان کردووە،› لە ڕزگاریدا بڵاوی دەکردەوە. ئەوە ئەو بوو بە بارزانیی دەگوت: ‹چەتە، نۆکەر، کۆنەپەرست و بەکرێگیراوە و دەیەوێت بە هاوکاریی ئیمپریالیزم، حکوومەتی پێشکەوتنخوازی بەعس بڕووخێنێت.›(٩٠) کەسێک بارزانی بە چەتە و بەعس بە پێشکەوتنخواز بزانێت، ئیدی چۆن دوژمنی بارزانی و دۆستی بەعس نەبووە!

وەک چۆن نوقمبوو هانا بۆ پووش دەبات، نووسەریش لە ‹ڕزگاری›یەکەیدا، بۆ دژایەتیکردنی بارزانی تەنانەت هانای بۆ ئەو قسانەی ‹عەزیز ئەلحاج›یش دەبرد کە بەستەزمانە لە ژێر گوشاری بەعسدا و لە ترسی گیانی خۆی لە تەلەڤیزیۆنی عێراقەوە لە دژی شۆڕشی ئەیلوول کردبوونی.(٩١)

‹نجفقلی پسیان› نیو سەدە لەمەوبەر کتێبێکی بە ناونیشانی: ‹از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس›ەوە بڵاو کردووەتەوە، کە بە کوردی دەبێتە: لە مەهابادی خوێنینەوە تا کەنارەکانی ئاراس. نەوشیروان کە لە بواری سووک سەرنجدانی بارزانیدا، فازیل براک ‹نەک بەڕاک، وەک ئەو بۆی چووە.›(٩٢) بە نۆکەر ڕاناگرێت، نەدەبوو ناوی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی: ‹لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ،› لە ناوی کتێبێکەوە بخوازێت، کە باسی خەباتی بارزانی دەکا.

**قوشقی**

نەوشیروان دەڵێت:

‹جەمال ئەوەندە وت بوی: بە دیموکراتی دابەشی ئەکەین، ناویان نا جەمال دیموکرات.›(٩٣)

‹مام ساڵح چونکە بە کۆپتەری ئەوت ڕۆحە، ناومان نابو، ڕۆحە.›(٩٤)

‹مام ئەحمەد چونکە وانێکی زۆر بەکار ئەهێنا، ناویان نا، مام وانێک.›(٩٥)

‹ئەمیری قازی ئەوەندەی وتبو، ئامادە نین لە ژێر یەک ‹سەقف›دا لەگەڵ لایەنگرانی بارزانیدا دابنیشین، ناویان نابو: ئاغای سەقفی.›(٩٦)

ئەو کە ئەم ڕاستییانە دەزانێت، نەدەبوو وا زوو زوو ‹قوشقی› بخاتە ڕستەوە:

‹مامۆستا جەعفەر قوشقی بوبو، دابویە شاخ.›(٩٧)

‹فەرهاد شاکەلی قوشقی بو.›(٩٨)

‹حەمەسەعید حەسەن خۆی قوشقی کرد.›(٩٩)

دەبوو ترسی ئەوەی هەبێت، کە دەشێت ئەویش ناو بنێن: ئاغای قوشقی. وەلێ ئەوی هیچی نەمابێت، بترسێت لە کیسی بچێت، بە نزمترین شێواز هەوڵی زڕاندنی ناوی ئەم و ئەو دەدات.

**کوردستانێکی ئازاد**

محەمەدی حاجی مەحموود دەڵێت: ‹سەرانی کورد هاوینی ١٩٩٠ لەگەڵ عێراق ڕێک دەکەوتن، بە مەرجێک تۆزێک لە تەسلیم بوونەوە باشتر بووایە.›(١٠٠) کە سەرانی کورد لە پرسەی خومەینیدا، سەردانی دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەن:

‹* لەسەر ئەوەی کێ لە پێشەوە بچێتە ژوورەوە دەبێ بە فڕکان فڕکان.

* مام جەلال ڕیشی هێشتبووەوە، تا موسەوی لەوە دڵنیا بێت، کە ئەمیش پرسەی بۆ خومەینی داناوە.

* مەلا عوسمان هێندە قایم خۆی دەدا بە مێزە شووشەکەی بەردەمی موحتەشەمیدا، لە تاو ژانی ڕەقەڵەی قاچی لوول دەبێت.

* نەوشیروان مستەفا و ڕەسوول مەمەند کە ١٩٩١ بۆ سەندنی مافی کورد لە بەغدا دەبن، لەسەر ئەوەی کامیان لە پێشەوە بڕوات، دەست دەدەنە یەخەی یەکدی.

* ڕەسووڵ مەمەند کە بە دڵشکاوییەوە بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، جانتا دیپلۆماتییەکەی لە بەغدا بە بەڵگەنامە و مۆری حیزبەوە، لێ بەجێ دەمێنێت،

دواتر ئاسایش  بۆی دەهێنێتەوە.›(١٠١)

١٩٧٩ وەفدێکی حسک بە دزییەوە، بە مەبەستی وتووێژ ڕوو دەکاتە بەغدا. کە هەواڵی ئەم سەردانە بڵاو دەبێتەوە و لایەنەکانی دیکە ڕەخنەی توند لەم هەڵوێستەی حسک دەگرن، دۆکتۆر مەحمود عوسمان پێیان دەڵێت: ببوورن کوتوپڕ ئاگادار کراین کە لە بەغداوە داوامان دەکەن، پێ ڕانەگەیشتین هیچ لایەنێک ئاگادار بکەین.(١٠٢)

ئەو سەرکردانە، هەر کامێکیان دەگریت، زێتر لە کلاون دەچێت وەک لە سەرکردە، هەر بۆیە درەختی ئازادی، وێڕای ئەو هەموو خوێنە، تا هەنووکە بێبەر بووە.(12)

2000. 11. 25

**سەرچاوەکان:**


(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٣٠٩ بەرلین ١٩٩٧

(٢) حەمەسەعید حەسەن، یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ل ٣٤ تا ٤٣ چ ٢ ئاپێک ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم.

(٣) ئەکبەر ئەحمەد، باری سەرنج، کوردستانی نوێ، کۆتایی ئایاری ١٩٩٧

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەباس شواندا، عەبدولڕەحمان کاکل، گوڵان ژ: ٨٠ هەولێر ١٩٩٦/٧/٢١

(٥) بابەتی ‹زەردە زەردە وا ڕاوە›ی ئەلفوبێیەکەی باڵدار.

(٦) نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، ل ٢٠٩ چا. خاک ١٩٩٨ سلێمانی

(٧)  نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ل ١٢٨ بەرلین ١٩٩٧

(٨) پەنجەکان.. ل ٣٠٩

(٩) پەنجەکان.. ل٣١٠

(١٠) پەنجەکان.. ل ٣١٠

(١١) ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم ل ٥٥٦ و ٥٥٧ ستۆکهۆڵم ١٩٩٧

(١٢) پەنجەکان.. ل٣٠٩

(١٣) سەعد عەبدوڵلا، نەوشیروان مستەفا لە شیری هەتا پیری، ل ٦٤ هەولێر ١٩٨٨ چاپخانەی

ڕۆشنبیری

(١٤) سەرچاوەی پێشوو ل ٥٨ یان ‹ئیدی ناتوانین بێ دەنگ بین› ئاڵای شۆڕش ١٩٨٦ سوید، برایەتی ١٩٩٦/٩/٣

(١٥) پشکۆ نەجمەدین، لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، ل ٥٦ سوید ١٩٩٧

(١٦) پەنجەکان.. ل ١٦٥

(١٧) پەنجەکان.. ل ٨٤

(١٨) ئەحمەد بانیخێلانی، دەربارەی دوو کتێبەکەی نەوشیروان مستەفا، پەیام ژ: ٦ لەندەن ١٩٩٨

(١٩) نەوشیروان مستەفا، تازە ئەچێ بۆ بەسرا، کوردستانی نوێ ژ: ٤٧ ڕۆژی ١٩٩٨/٢/٢٠ لەندەن

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو.

(٢١) سەید کاکە، بیرەوەریی پێشمەرگەیەک، ل ٣٢ هەولێر.

(٢٢) کەمال میراودەلی، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا، هەتاو ژ: ١٧ و ١٨ هاوینی ١٩٩٥ لەندەن.

(٢٣) هەڵسەنگاندنێکی هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندیی حشع لە بزووتنەوەکەی مەلا بارزانی لەبەر تیشکی بیروباوەڕی مارکسیزم لینینزمدا، ل ٤٤ ڕزگاری، ل ٤٤ سلێمانی ١٩٦٩

(٢٤) برایەتی، ژ: ٣٢٠٥ ڕۆژی ٢٠٠٠/١٠/١١ هەولێر.

(٢٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا، ل ٦٤ مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان ١٩٩٩ بەرلین.

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨

(٢٧) لە کەناری دانوبەوە.. ل ٢٢٨

(٢٨) جەزا چنگیانی، هاژە ئافرەتێکی لەشفرۆش، هەتاو، ژ: ٣ ل ٣ و ٥ ئایاری ١٩٩٦ لەندەن.

(٢٩) میرایەتی بابان ... ل ١١

(٣٠) تازە ئەچێ بۆ بەسرا، کوردستانی نوێ ژ: ٤٧ لەندەن.

(٣١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە بارەی بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەورووپاوە، پەیام ژ: ٨ یولیی ١٩٩٨ لەندەن.

(٣٢) فازیل جاف، شانۆگەریی گێژەن، لەدایکبوون، ژ: ٤ مای ١٩٨٨ ئوپسالا.

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو.

(٣٤) کوردستانی نوێی ڕۆژی ٢٠٠٠/٦/١٤ سلێمانی.

(٣٥) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو. ل ٢٢٦ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٣٦) مەلا بەختیار، پارتی، ئاستێکی نزم، ئاستەنگێکی دژوار، ل ٤ کوردستانی نوێ ژ ٤٧ ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ لەندەن.

(٣٧) کاوە جەلال، داڕزانی کولتووری، هەتاو، ژ: ١٥ و ١٦ ئابی ١٩٩٧ لەندەن.

(٣٨) باوکی ڕاستی، چەند سەرنجێ لەسەر وتارەکەی نەوشیروان مستەفا، پەیام، ژ: ١٠ سێپتەمبەری ١٩٩٨

(٣٩) محەمەدی حاجی مەحموود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، ‹پێشەکیەکەی،› بەرگی سێیەم، ‹هێشتا چاپ نەکراوە.›

(٤٠) قادر ڕەشید، پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا، ل: ٧٢ و ٧٣ ستۆکهۆڵم ١٩٩٨ چاپخانەی مەدیا.

(٤١) محەمەدی حاجی مەحموود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم ل: ٤٠٢ سلێمانی ١٩٩٩ چاپخانەی بێسارانی.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

(٤٣) ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، ل ٦٦

(٤٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢

(٤٥) میرایەتی بابان .. ل ٩

(٤٦) پەنجەکان ... ل ٣١٠

(٤٧) میرایەتی ... ل ٢١٠

(48) Daily Telegraph 22 june 1998 London

(٤٩) یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ل ٧٠

(٥٠) مەد تیڤی، پرۆگرامی کاروان، دیدار لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ئامادەکردنی سیروان ڕەحیم ١٩٩٧/٣/٤

(٥١) مژدە تاهیر، بۆ/ لە کەناری دانوبەوە... کوردنامە ژ: ٧/٢٥/ ١٩٩٧لەندەن.

(٥٢) لە کەناری دانوبەوە... ل ٢٢١

(٥٣) س. چ. هێرش، ڕانانی کتێب، ل ٦٦ گزینگ هاوینی ١٩٩٧ سوێد.

(٥٤) ج. ئاکۆیان، بەینی خۆمان بێت، بارزان، سێپتێمبەری ١٩٩٧ ئەمریکا.

(٥٥) عەتا قەرەداغی، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، کوردستانی نوێ، ٢٠٠٠/٢/٦ و ٢٠٠٠/٢/١٢ سلێمانی

(٥٦) مەد تیڤی، پرۆگرامی کاروان، سیروان ڕەحیم ١٩٩٧/٣/٤

(٥٧) کاوە جەلال، سەرنج دەربارەی یادەوەرییە سیاسییەکانی نەوشیروان مستەفا، هەتاو ژ ١٨ و

١٩ دیسەمبەری ١٩٩٧ لەندەن.

(٥٨) ئەمجەد شاکەلی، سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەی نوێی مێژووی چەپی کوردی، پەیام ژ: ١٩ و ٢٠ لەندەن ١٩٩٩

(٥٩) فازیل کەریم ئەحمەد، کتێبی میرایەتی بابان، بە وردی نەنووسراوە، پەیام ژ: ١٠ سێپتەمبەری ١٩٩٨ لەندەن.

(٦٠) حوسێن محەمەد عەزیز، نامەیەکی درێژ بۆ نەوشیروان مستەفا، ل ٣٥ چاپخانەی بابان ١٩٩٥ سوێد

(٦١) لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، پشکۆ ن. ل٣٦

(٦٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، ل ٨ مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان ٢٠٠٠بەرلین.

(٦٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ل ٢٥ چ ٢ هەولێر ١٩٩٣ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

(٦٤) میرایەتی بابان، ل ٢٩

(٦٥) لە کەناری دانوبەوە ... ل ٥

(٦٦) نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد و عەجەم، ١٩٩٢

(٦٧) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو، ل ٢٨٦ و ٢٨٧

(٦٨) پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٢١٠

(٦٩) لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، پشکۆ ن. ل ٣١، ل ٥٣، ل ٣٦

(٧٠) پەنجەکان.. ل ٩٨

(٧١) هەژار، بۆ کوردستان ل ١١ چ ٣ تاران ١٩٨٦

(٧٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، ل ٦ مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان ٢٠٠٠ بەرلین.

(٧٣) الحیاه ٢٨/١٠/٢٠٠٠ لندن.

(٧٤) محەمەدی حاجی مەحموود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی سێیەم.

(٧٥) خولانەوە لە ناو بازنەدا، ل ١٤٨

(٧٦) خولانەوە .. ل ٦٧

(٧٧) ڕاپۆرتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بۆ ناوخۆی ڕێکخراوەکەی ٣/٤/١٩٩٨

(٧٨) محەمەدی حاجی مەحموود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی سێیەم.

(٧٩) سەرچاوەی پێشوو.

(٨٠) ج. باورسوک، کافافی الجدید، ت: رفعت سلام، الثقافه العالمیه، عدد ٧٩ الکویت ١٩٩٦

(٨١) ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی ٣

(٨٢) خولانەوە ل ١٥٠

(٨٣) خولانەوە... ل ٦٤

(٨٤) لە کەناری دانوبەوە... ل ٦١

(٨٥) پەنجەکان.. ل ١١٠

(٨٦) خولانەوە .. ل٧٧

(٨٧) پەنجەکان.. ل٧٤

(٨٨) پەنجەکان ل ١٠٣

(٨٩) پەنجەکان ل ٩٨

(٩٠) ... بزووتنەوە بەکرێگیراوەکەی بارزانی... ڕزگاری هاوینی ١٩٦٩ ل٤٤ و ٤٥

(٩١) سەرچاوەی پێشوو.

(٩٢) خولانەوە ل ٢٢

(٩٣) پەنجەکان ل ٢١٨

(٩٤) پەنجەکان ل ٢٩١

(٩٥) پەنجەکان ل ٣٢٨

(٩٦) لە کەناری دانوبەوە ل٥٤

(٩٧) لە کەناری دانوبەوە ل ٣٢٤

(٩٨) لە کەناری ل ١٢٨

(٩٩) پەنجەکان ل ل٣١٠

(١٠٠) بەرگی سێیەمی ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک،

(١٠١) هەمان سەرچاوە.

(١٠٢) فاتح رسول، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، بەرگی ١ ل ٢٢٨ چاپخانەی هەڵەبجە ١٩٩١ سوێد.

**پەراوێزەکان:**

(1) ڕکەبەر، مونافیس

(2) ڕێنووسم بۆ نووسەر چاک کردووە.

(3) شەوانە هاونشینی جامی بادەم

بە بادە با پەژارە و غەم بەبادەم

که دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من

سەری شووشەی شەراب وا چاکە بادەم. هێمن، تاریک و ڕوون ل ١٣٠ چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد.

(4) گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی.

(5) حی الطرب، دەربڕینێکی عێراقییە، بۆ ئەو ئاوەدانییانەی تایبەتن بە کڕین و فرۆشتنی سێکس.

(6) الدم لا الدولار ایها السادە، ناونیشانی سەروتارێکی ڕۆژنامەی الثورە بوو.

(7) هەر ئەم ج. ئاکۆیانە، بە ناوی خواستراوی ‹هەژار تاڵەبانی›یەوە، ئەندامی زاووزێی خۆشی خستبووە ڕستەوە و زۆر جنێوی پیسی بە ئیبراهیم ئەحمەد، گەلاوێژ خان، مام جەلال و هێرۆ خان دابوو. بەوەدا لە بواری جنێوبەخشینەوەدا هێندە دەستڕەنگینە، پێ دەچێت پەروەردەی پەیمانگای بالای ینک بێت.

(8) نووسەر ئەم کتێبەی بە ناوی ‹صالح محمد امین›ەوە بلاو کردۆتەوە.

(9) لە سەر کێلی گۆڕەکەی شێرکۆ کە لە بەرگەڵوو نێژراوە، نووسراوە:

ئەوی تۆی کوشت، کوژرایەوە

شادی بۆ دڵ گەڕایەوە.

(10) ‹ویل لمن کفره نمرود!›

(11) نامەکە بە عەرەبی: اقدم اعتذاری مع حیاتی.

(12) داری ئازادی بە خۆێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ

سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ. بێکەس

کە شێخ سەعید دەست دەسەڵاتدارانی تورکیا کەوت، پێیان گوت: <ئەگەر لە دادگادا بڵێیت، ڕابوونی من لە پێناوی ئیسلامدا بووە نەک لە ڕێی کورد و کوردستاندا، ئەوا ئیعدامت ناکەین.> شێخ سەعید بە قسەی ئەوانی کرد، وەلێ ئەوان خاوەنی قسەی خۆیان نەبوون. کە لە ٢٠٠٠/١١/٢٨ دا مام جەلال لە سلێمانی مزگەوتێکی بە ناوی پێشەوا قازی محەمەدەوە کردەوە، ئەو بەڵێنەی ڕژێمی تورکیا و فریوخواردنەکەی شێخ سەعیدم بیر کەوتەوە.
خەڵکی فەلەستین زۆربەیان ئیسلامن، چەوسێنەرەکانیان جوولەکەن. ئێمەی کورد ئەگەرچی زۆربەمان ئیسلامین و ئەوە سەلاحەدینی ئەییووبیی کوردیش بوو، قودسی ئازاد کرد، کەچی سەدان ساڵە چەوساوەی دەستی ئیسلامین. ئێمە هەرگیز لە ئیسلامەوە چاوەڕێی شتی خێر نەبووین، هەمیشە بەوە قایل بووین، لە شەڕی بە دوور بین. پەرلەمانتارەکانی سوێد و سەوزەکانی ئەورووپا، کە <کافر>ن، لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسی خۆیاندا، داکۆکی لە مافی ڕەوای کورد دەکەن، کەچی دراوسێ ئیسلامەکانمان چونکە لە بواری دژایەتیکردنی ئێمەدا هێندە کۆک و تەبان، موو بە نێوانیاندا ناچێت، کە کۆ دەبنەوە زەندەقمان دەچێت.
کە خەڵکی کورد یادی قازی محەمەد بەرز ڕادەگرن، لە بەر ئەوە نییە کە دادپرسێکی لێهاتوو، مەلایەکی زانا، یان پێشنوێژێکی بە توانا بووە، لەبەر ئەوەیە کە جاڕی کۆماری کوردستانی دا و لە پێناوی گەلەکەیدا گیانی بەخت کرد. بۆیە کردنەوەی مزگەوت بە ناوی قازی محەمەدەوە، سووکایەتیکردنە بەو پێشەوا ڕاستەقینەیەی کە بە شاخێک ورەوە، لە پێناوی کورد، نەک ئیسلامدا، بەرەو پەتی

سێداره هەنگاوی گورج و پتەوی نا.

2000. 12. 02

## پرۆژەی ئیلیسو

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، بە هۆی ڕۆنانی ئاوبەندێکەوە، شاری دێرینی کورد: سامسات، بوو بە ژێر ئاوەوە. هەنووکە شاری حەسەنکیفیش چاوەڕێی هەمان چارەنووسە، ئەگەرچی بە پێی بڕیاری ساڵی ١٩٧٨ی خودی ڕژێمی تورکیا، حەسەنکیف، شارێکی کولتوورییە و دەبێ بپارێزرێ.

ئاوبەندی ئیلیسو (١٢٠٠ MW) کە بە نیازی گلدانەوەی ئاوی ڕووباری دیجلە ڕۆ دەنرێت، تەنیا ٦٥ کیلۆمەتر سەروو سنووری عێراق و سووریا دەکەوێت. بڕیارە درێژییەکەی ١٨٢٠ مەتر و بەرزییەکەیشی ١٣٥ مەتر بێت. پانتاییەکەی ٣١٣ کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت و توانای پاشەکەوتکردنی ١٠,٤ ملیارد مەتر سێجا ئاوی دەبێت. گەورەترین پرۆژەی وزەی کارەبایی دەبێ لە تورکیادا و بە هەشت ساڵێک تەواو دەبێت و دوو ملیارد دۆلاری تێ دەچێت.

گاپ: گونای دۆغو ئەنادۆلو پرۆژەسی، کە بە کوردی دەبێتە: (پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) پرۆژەیەکی مەزنە بۆ ڕۆنانی ٢٢ ئاوبەند و ١٩ ئێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی، لە باکووری کوردستاندا، کە بە مەبەستی ئاودانی زەویوزار و دابینکردنی کارەبای هەرزان بۆ خۆرئاوای تورکیا، جێبەجێ دەکرێت.

پرۆژەی ئیلیسو کە بەشێکە لەو پرۆژە گەورەیە، گەلێک دەرئەنجامی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە، لەوانە:

* پرۆژەیەکی لە ڕووی ستراتیژییەوە هێندە گرنگە و بە جۆرێک هەڵوێستی تورکیا بەهێز دەکات، نەک هەر بە تەنیا بە زیان بۆ خەباتی گەلی کورد لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا دەشکێتەوە، بەڵکوو هەڕەشە لە بەرژەوەندی و ئاسایشی عێراق و

سووریایش دەکات.

* ڕووباری دیجلە توانای خۆخاوێنکردنەوەی نامێنێت و لای کەم نەخۆشی مەلاریا، بە دەڤەرەکەدا بڵاو دەبێتەوە.

* بێجگە لە شاری دێرینی حەسەنکیف، کە گەنجینەیەکی ئارکیۆلۆگییە و تەمەنی دە هەزار ساڵە، زیان بە چواردە شارۆچکە و پەنجا و دوو گوندیش دەگات.

* ٣١٣ کیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاکی کوردستان دەبێت بە ژێر ئاوەوە و نزیکەی حەفتا هەزار ئینسان کە زۆربەی هەرە زۆریان کوردن، ئاوارە دەبن.

* تەنیا ئەو کۆمەڵە دەوڵەمەندەی دەستیان بەسەر زەویوزاری ئەو ناوچەیەدا گرتووە، قەرەبوو وەردەگرن، دەنا زۆربەی دانیشتووانەکەی کە خاوەنی زەوی نین، دەبێت بە دەستی خاڵی، ڕوو بکەنە شارە گەورەکان.

* ئەو پرۆژەیە، ڕووەک و گیانەوەری تایبەت بە ناوچەکە بنبڕ و قەلاچۆ دەکات، کولتوور و مێژووی دەڤەرەکە خاپوور دەکات و دژوارترین کێشەی کۆمەڵایەتیش بۆ خەڵکە هەژارەکەی، دەخوڵقێنێت.

عێراق و سووریایش وەک تورکیا، لەم چەشنە پرۆژانەیان، بێ ئەوەی گوێیان بە کەلەپووری کولتووری و مێژوویی کوردستان دابێت، یان هیچ پرسێکیان بە دانیشتووان کردبێت، جێبەجێ کردووە. تورکیا تەنیا بە ئاوارەکردن، زیندانیکردن، بزرکردن و کوشتن لە خەڵکی کورد ناگەڕێت، مێژووی دەسڕێتەوە، کولتووری لەناو دەبات، ژینگەی دەشوێنێت و زێدی دەکات بە ژێر ئاوەوە.

*

لە سێی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠ دا شەش پەرلەمانتاری سەر بە شەش حیزبی سوێدی: مۆدێرات، ‹پارێزگاران› چەپ، سەنتەر، ژینگە، گەل و مەسیحییەکان، کۆمەڵێ پێشنیاریان لە بەرژەوەندی کوردستانی عێراق پێشکەش بە پەرلەمانی سوێد، بەو ئومێدەی بکرێنە بڕیار، کرد. جێی داخە پەرلەمانتارەکەی سەر بە سۆشیال دیموکراتەکان، کە لە سوێد حیزبی فەرمانڕەوایە، لە دوا چرکەدا لە ئیمزای خۆی پاشگەز بووەوە.

پەرلەمانتارەکان بێجگە لە ماریان سامۆیڵسۆن، کە سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزەکانی سوێدە، ئەوانی دیکەیان تەنیا ئەندامی پەرلەمانن، نەک نوێنەری حیزبەکانیان و هیچ مەرج نییە حیزبەکانیان پشتگیریی لەو پێشنیارانە بکەن. بۆ نموونە ئەگەر نەڵێم مەحاڵە، ئەوا زۆر زەحمەتە مۆدێرات دەنگ بۆ ئەو پێشنیارانە

بدات. هەر پێشنیارێکیش سۆشیال دیموکراتەکانی لەگەڵ نەبێت، ناڵێم مەحاڵە، وەلێ زۆر زەحمەتە ببێتە بڕیار.

پێشنیارەکانی ئەو شەش پەرلەمانتارە جێی خۆی بوو کە لە کوردستان گرنگییەکی تا بڵێیت باشی پێ درا، بەڵام کە ڕۆژانی ٢٤ تا ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ فیدراسیۆنی حیزبە سەوزەکانی ئەورووپا لە ستۆکهۆڵم دەیەمین کۆنفرانسی بەست و چوار بڕیاری گرنگی لە بەرژەوەندی گەلی کورد بە گشتی، دا، لە کوردستان دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەگەرچی چوار بڕیارەکەی حیزبە سەوزەکانی ئەورووپا، گەلێک لە پێشنیارەکانی شەش پەرلەمانتارە سوێدییەکە گرنگتر بوو، چونکە:

* لەو کۆنفرانسەی سەوزەکاندا نوێنەری ٣٠ حیزبی سەوزی ئەورووپایی بەشدار بوون.

* سەوزەکان چواردە وەزیریان لە حکوومەتەکانی ئەورووپادا هەیە.

* سەوزەکان لە فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، بەلچیکا و فینلاند لە فەرمانڕەواییدا بەشدارن و لە سوێدیش لە گەلێک بواری گرنگدا، حکوومەت پێویستی بە پشتگیریی پارتی ژینگە هەیە.

* سەوزەکان لە هەژدە پەرلەمانی وڵاتانی ئەورووپادا ٢٣٥ و لە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپاییدا ٤٧ ئەندامیان هەیە.

* سەوزەکانی ئەورووپا بڕیاریان لە بەرژەوەندیی سەرجەمی گەلی کورد داوە، شەش پەرلەمانتارەکەی سوێد پێشنیاریان لە قازانجی بەشێکی کوردستان پێشەکەش بە پەرلەمان کردووە.

*

سەوزەکانی ئەورووپا لە دژی تورکیا و بۆ پشتگیریی کردنی کورد و کوردستان، بڕیار دەدەن و دەنگی ناڕەزایی بڵند دەکەنەوە، کەچی ڕۆژنامەی برایەتی بڕیارەکان بڵاو ناکاتەوە و کوردستان تیڤیش (دەنگوباسی ڕۆژی ٢٠٠٠/١٠/٢٨) کلک و گوێیان دەکات و باز بە سەر ئەو بڕیارەیاندا کە ڕەخنە لە کاولکارییەکانی تورکیا لە کوردستاندا دەگرێت، دەدات. پرۆگرامی ‹پرس و دیتن›ی کوردستان تیڤی، ‹ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٣› ئەگەرچی سەبارەت بەو کۆنفرانسەی سەوزەکانی ئەورووپا، ‹جەبار ئەمین›ی ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی ژینگەی سوێد دەدوێنێت، وەلێ گرنگییەکی ئەوتۆ بەو هەنگاوە مەزنەی سەوزەکانی ئەورووپا

نادا. ‹کوردستانی نوێ›یش ئەگەرچی دەرگای لاپەڕەکانی بە ڕووی باسەکانی ‹عەبدولڕەقیب یوسف›دا سەبارەت بە هەوڵی تورکیا بۆ سڕینەوەی دیرۆک و کولتووری کوردی، خستووەتە سەر پشت، بەڵام پاش تێپەڕبوونی زێتر لە دوو هەفتە بەسەر کۆنفرانسی سەوزەکانی ئەورووپادا، ئینجا لە ٢٠٠٠/١٢/١٣ دا سەرنجی خوێنەرانی بۆ ئەو بڕیارە گرنگانە، دوای پەڕ و باڵکردنیان، ڕادەکێشێت.

سەوزەکانی ئەورووپا لە پرۆتۆکۆلی کۆنفرانسەکەیاندا بە ناوچەی کوردنشینی تورکیا دەڵێن: کوردستان. پارتی ژینگەی سوێدیش لە ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەنووسییەکەیدا ‹٢٠٠٠/١١/٢٧› کە ئیمزای ڕێبەری حیزبەکەی پێوەیە، بە زێدی کوردی بندەستی تورکیا، دەڵێت: کوردستانی تورکیا، کەچی کوردستانی نوێ، دەستکاری دەقی بڕیاری کۆنفرانسی کەسکەکانی ئەورووپا و ڕاگەیاندراوی سەوزەکانی سوێد دەکات و کوردستان و کوردستانی تورکیا دەکا بە: باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا!

2000. 12. 18

‹١› فیدراسیۆنی سەوزەکانی ئەورووپا، لە دەیەمین کۆنفرانسیدا‹٢٤ ـ ٢٠٠٠/١١/٢٦ ستۆکهۆڵم› سەبارەت بە کورد ئەم بڕیارانەی دا:

حیزبە سەوزەکانی ئەورووپا:

* پشتگیریی لە مافە ئینسانییەکانی کورد دەکەن.

* هەموو ئەو سووکایەتییانەی بە کورد دەکرێن مەحکووم دەکەن و پشتگیریی لە خەباتی کورد بۆ دیموکراتی، ئاشتی و مافە ئینسانییەکان، تا ئەو خەباتە بە شێوازی پشتکردنە زەبروزەنگ بەڕێوە بچێ، دەکەن.

* داوا لە یەکێتیی ئەورووپا و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەکەن، کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی تایبەت بە کێشەی کورد بە مەبەستی چارەسەرکردنێکی عادیلانەی ببەسترێ.

* پشتگیریی لەو کۆشش و خەباتە دەکەن کە هەنووکە دژی بنیاتنانی ئەو ئاوبەندانە لە ئارادان کە حکوومەتی تورکیا لە کوردستانی تورکیادا دەستی پێ کردووە. ‹ڕاگەیەندراوە ڕۆژنامەنووسییەکەی پارتی ژینگەی سوێد ٢٠٠٠/١١/٢٧ ستۆکهۆڵم.›

‹٢› سوودم لە سێ نووسین کە بە زمانی سوێدی لە سایتی Foruma jingeha kurdi ی ئینتەرنێتدا، بڵاو کراوەتەوە، وەرگرتووە.

هەڵۆی قەندیل
یان
داڵی عۆجە!

هەموومان خاوەن فایلین، جیاوازییەکە تەنیا لە ڕەنگی فایلەکانماندایە. هەمانە فایلی ڕەشە وەک زووخاڵ، هەمانە فایلی سپییە وەک دڵی منداڵ. جاران پێمان وابوو مستەفا هەر چاوی ڕەشە، کەچی دوای نۆی ئەپریل بۆمان دەرکەوت، فایلیشی ڕەشە. هاوینی ١٩٨٣ کە بۆ یەکەمین جار مستەفا چاو(ڕەش)م لە سەرگەڵوو بینی، یەکەم شت لەودا کە کۆتری سەرنجی بەند کردم، یەخەی خاوێنی کراسە (سپی)یەکەی بوو کە گوتەکەی بەلزاکی بیر هێنامەوە: (ئەوی یەخەی کراسی هەمیشە خاوێن بێت، ناخی پیسە.) خەڵکانی ناخپاکی ڕەنجکێش، کە بە ئارەقی نێوچاوان و هێزی بازوو بژێوی دابین دەکەن، بە دەگمەن ڕێ دەکەوێت یەخەی کراسیان خاوێن بێت.

هەڵەی گەورەی مستەفا بارزانی کە تەنیا چاوی ڕەش بوو، ئەوە بوو، دوای یازدەی ئاداری حەفتا لە ناپاکەکانی شەست و شەش خۆش بوو. بەو کارەی بێ ئەوەی مەبەستی بووبێت، هەستێکی وای لە ناخی خەڵکی کورددا جێگیر کرد، کە ناپاکی لە گەل و نیشتمان کردن، تاوانێکی هێندە مەزن نییە، بەڵکوو تەنکەپەڵەیەکە و بە داکردنی بارانی لێبوردنێک، هیچ شوێنەوارێکی نامێنێت.

پێوەندیت بە بەعسەوە کردووە و بە هیوای لێبوردنیت! تۆ ئەگەر خاوەنی گەردێک لە شکۆمەندی بوویتایە، خۆت دەکوشت. ئەها دەیڤید کێللی، کابرای ئینگلیزی شارەزای بواری چەکی کۆکوژ، تەنیا لەبەر ئەوەی دەرکەوت ئەوە ئەو

بووه به بی بی سی گوتووه، زێدەڕۆیی لە نیشاندانی مەترسی چەکەکۆژەکانی عێراقدا کراوە، خۆی کوشت؟

کە پێشمەرگەیەک لە شاخەوە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەک خۆی دەکردەوە بە شاردا و پێش ئەوەی دەست بکاتەوە، دەگیرا یان دەکوژرا، ئەوە فایلڕەشێکی وەک تۆ بوو خەبەری لێ دەدا. کە لەناکاو پیاوانی ڕژێم دەیاندا بەسەر چەند ماڵێکدا و چەند خەباتگێڕێکیان دەستگیر دەکرد، ئەوە فایلڕەشێکی لە بابەتی تۆ بوو، ڕێکخستنەکانی نێو شاری کەشف دەکرد.

تۆ بە ئومێدی بەخشینت و ئەکرەمی حەپسەش لەسەر ئەوەی نامەیەک بۆ تۆ دەنێرێت، دەگیرێت و لە سێدارە دەدرێت! تۆیەک ناپاکی لە میللەتەکەت بکەیت، لە پوورزاکەشتی دەکەیت. تۆیەک ناپاکی بکەیت، درۆش دەکەیت. ئایا ئەوە هەر ڕێکەوتێکی ڕووتوقووت بوو، کە ئایاری ١٩٩٤ لە پشدەرەوە، لەو دەڤەرەوە کە تۆ تێیدا فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی ینک بووی، شەڕی ناوخۆ کڵپەی سەند و هەموو کوردستانی باشووری گرتەوە؟

بەعس زۆر بەوە نیگەران بوو کە نەرمینی ژنی جەباری عەلی عەوێز، ژاری بۆ کردیتە نێو خۆراکەوە. ئاخر تۆ چاوساغی بەعس بوویت لە نێو شۆڕشدا. نەرمین ناپاک نەبوو، لە تۆڵەی ئەوەدا کە هەتکت کردبوو، ژاری پەیدا کرد و دەرمانخواردی کردیت. باشە با بڵێین نەرمین ناپاک بوو، ئەدی جەباری مێردیتان بۆ کوشت؟ خۆ ئەو پێشمەرگەی خۆتان بوو!

فایلڕەشان تاوانکارانی جەنگن، ئاخر هاوکار و هاوسەنگەری ئەوانە بوون کە ئەنفال و ژاربارانیان دەکردین. مولازم موحسین و تەحسین شاوەیس لە فایلڕەشان خاوێنتر بوون، ئاخر ئەوان بە ئاشکرا خەریکی قەلاچۆکردنی ئێمە بوون، بۆیە کەم یان زۆر دەمانتوانی خۆمانیان لێ بپارێزین، بەڵام مستەفا و هاوفایلانی چونکە داڵی عۆجە بوون و خۆیان وەکوو هەڵۆی قەندیل نیشان دەدایین، بۆیە زەبری توندتریان لێ دەوەشاندین.

١٩٩٩/٦/٢٤ (پێلا) کە لە سوێدەوە بە سەردان، بۆ کوردستان گەڕابووەوە، لە دهۆک کوژرا. پێشتر ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی سوێد تاوانێکی کردبا، لێیان نەدەپرسییەوە. دوای کوشتنی ئەو کیژە، گۆڕانکاری لە یاسای سوێددا کرا و لەوساوە لە سوێد لەو تاوانانەش دەکۆڵنەوە کە دوور لە سوێد ڕوویان دابێت، بۆیە سبەی ئەگەر فەرەیدوون عەبدولقادر و شاڵاوی عەلی عەسکەری و حامیدی حاجی

خالید تەشریفیان بۆ سوێد هێنایەوە، دەبێت لەوە دڵنیابن، وەک سێ تاوانکاری جەنگ پێشوازییان لێ دەکرێت.
ئەندامانی تری سەرکردایەتیی ینک ئەگەر فایلیان سپی بووایە، ئەگەر تۆزێک ڕێزیان لە شەهیدانی خۆیان گرتبا، لە فایلڕەشان خۆش نەدەبوون. ئەگەر جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا فایلسپی بوونایە، دەستبەجێ دەستیان لە سیاسەت دەکێشایەوە، ئاخر ئەوپەڕی ڕیسواییە ئینسان زێتر لە چارەکە سەدەیەک، کەسی یەکەم یان دووەمی حیزبێک بووبێت، کە سەرکردایەتییەکەی تژی بووبێت لە فایلڕەش.

2003. 10. 26

* مستەفا چاوڕەش، من و تێکەڵاوکردنم بە فایلەکان، هاوڵاتی ژ: ١٤٤ ل٣ ڕۆژی ٢٠٠٣/١٠/٨ سلێمانی.

(ڕیتا ڕیتا وەرە لام
بێ تۆ تاریکە دنیام،
تۆ قولەڕەشی .... قەیناکا.)
ئەگەرچی ڕۆژ کەریم خۆی سوپەرئینسانە و پێستی لە بەفر سپیترە، لێ کەستەکی سۆزی دەتلیسێتەوە و بە (ڕیتا)یەکی نزمی قولەڕەشیش قایل دەبێت! ‹ڕۆژ›ی ئەورووپانشین دەرکی بەوە نەکردووە، تەنیا کەسانی ڕاسیست کە سووک سەرنجی پێسترەشان دەدەن، بە پێسترەش، دەڵێن قولەڕەش. نەیزانیوە لە ئەورووپا بەکارهێنانی ناتۆرەی قولەڕەش، سووکایەتی بە ئینسان کردنە و تاوانە و سزای لەسەرە. هەستی بەوە نەکردووە، ئینسان بە چاوپۆشین لەوەی پیستی سپییە یان ڕەش، هەر هەمان ڕێزی هەیە و هەر هێژاترین سەرمایەیە. پێم سەیر نەبوو کوردسات ئەو کلیپە نزمەی، بەرز نرخاند، ئاخر (سلێمانیچییەکان) بە سەلیقە ڕاسیستن و نەک هەر ئەفریکایی، بە چاوێکی سووک سەیری (هەولێری)ش دەکەن!

*

چونکە جیهان لای بەختیار عەلی هێندە تەسکە لە ینک و پدکدا کۆ دەبێتەوە، پێی وایە ئەوی هەڵەیەکی ینکی دایە بەر ڕووناکی، ئەوە دەرۆزەی سۆزی پدک دەکات! عودەی لەنێو دەوڵەتەکەی سەددامدا، دەوڵەتێکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو. هێرۆ خاتوونی کیژی ئیبراهیم ئەحمەد و بانووی مام جەلالیش لەمێژە لە دەڤەری بن دەستی ینکدا خاوەنی دەوڵەتۆکەی خۆیەتی. بەختیار ئەو واقیعە باوەی ڕەچاو

نەکردبا، بێ بۆنە گۆرانی بە بالآی بابی خانمە مەزنەکەی سۆراندا هەڵنەدەدا.(١)
لە کوردستاندا وەرگێڕێک شک نابەم لە مەلا شوکور بە تواناتر. لە دنیادا وەرگێڕێک شک نابەم لە بەختیار عەلی ڕووقایمتر. بەختیار عەلی تاقە وەرگێڕی دنیایە کە دەوێرێت بەرهەمی کەسانی دیکە، سەقەت تەرجوومە بکات و دوای مۆنتاژکردنێکی جاهیلانە، وەک بەرهەمی خۆی بڵاوی بکاتەوە! ئەوی گومانی لەم ئازایەتییە بێوێنەیەی وی هەیە، با بچێت نووسینەکانی غەفوور ساڵح(٢) و شارام قەوامی(٣) بخوێنێتەوە.
٢٠٠٢/٦/٢٣ حەزرەتی شوکور مستەفا لە کۆڕێکدا لە ستۆکهۆڵم فەرمووی:
(هەیە کتێبێک دەخوێنێتەوە، دەیکات بە کوردی، ناوی خۆی لێ دەنووسێت و خۆی لێ دەبێت بە مۆدێرنیست و پۆستمۆدێرنیست و چی و چی..)
بەختیار فیکەی خۆی ناسیوەتەوە و بە بەردێک دوو چۆلەکەی پێکاوە: هەم تۆڵەی خۆی لە مەلا شوکور کردووەتەوە، هەم ماستاوەگوڵێکیشی لە بەرۆکی خانمی خانمان داوە.

2003. 10. 22

(١) بەختیار عەلی، ڕێز و درۆ، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە (١٤٥) ل (١٢) ٢٠٠٣/١٠/١٥ سلێمانی.
(٢) غەفوور ساڵح، هەندێ لەرەهەندەکانی رەهەندخوازان، گەلاوێژی نوێ ژ: ١٥
(٣) شارام قەوامی، لێکچوونەکانی ... گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٢٩ و ژمارە ٣٤

ئەنفالتان لە یاد بێت!

دۆزەخ بە تایبەتی بۆ کورد دروست کراوە.
ئەفسەرێکی بەعسی.
کوردەکان دەگێم و وەک خەیار لەتیان دەکەم.
عەلی کیمیاوی

عێراق و تاوانی جینۆساید/شالاوی ئەنفال دژی کورد، کتێبێکە بەرهەمی نزیکەی سێ ساڵ توێژینەوەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ/خۆرهەلاتی نێوەڕاستە. جەمال میرزا عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی و گۆڤاری هاڤیبوون (بەرلین/زانکۆی ئازاد) چاپ و بلاوی کردووەتەوە. بلاوکردنەوەی ئەم کتێبە تا هەنووکە باشترین کاری گۆڤاری هاڤیبوونە، بۆیە جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە وەرگێڕی کتێبەکە و لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بکرێت.
لە ئەپریلی ٢٠٠١ دا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/ئۆرگانی ی. ن. ک بێ پرس و ڕەزامەندیی هاڤیبوون و بێ ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکەی، بەشێکی گرنگی ئەم کتێبەی بە هەشت ئەڵقە بلاو کردەوە. کە دەستەی نووسەرانی هاڤیبوون بە نووسراوێک کوردستانی نوێی لەو کارە نابەجێیە ئاگادار کردەوەوە، سەرنووسەری کوردستانی نوێی نامۆ بە ژیانی دێموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕا دەربڕین، نە نامەکەی هاڤیبوونی بلاو کردەوە، نە داوای لێ بوردنی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە کرد و نە هیچ نرخێکی بۆ

ماندووبوونی وەرگێڕی کتێبەکەیش دانا.

*

دەشێت بە درێژایی مێژوو بێجگە لە عێراق هیچ ڕژێمێک چەکی کیمیاوی دژی دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەکار نەهێنابێت. ساڵی ١٩٩١ عەلی کیمیاوی، سەروەختی وتووێژی نێوان بەعس و بەرەی کوردستانی، دانی بەوەدا نا کە بزرکراوەکانی ئەنفال تەنیا سەدهەزار کەسن، نەک سەدوهەشتاودوو هەزار وەک کورد بۆی چووە!

لە ڕوانگەی عەلی کیمیاوییەوە کورد سەگن، بۆیە دەبێت سەریان پان بکرێتەوە و بە بولدۆزەر بەژێر خۆڵەوە بکرێن. ١٩٩٣ سەددام حسێن دەربارەی پێنج شەش هەزار بارزانییەکەی قوشتەپە، گوتی: ئەوانە ناپاکییان لە وڵات کرد و پەیمانیان شکاند، بۆیە بێ بەزەییانە ڕەوانەی دۆزەخمان کردن. ڕژێمی عێراق ئەم دوژمنە سەرسەختەی کوردە، کەچی سەرانی کورد کە دێنە قسە لە بیریان ناچێت کە بڵێن: (بە دڵ و بە گیان پارێزگاریی لە یەکێتیی خاکی عێراق دەکەین.)

*

لە ١٩٨٨/٢/٢٣ ڕژێم هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر سەرگەڵوو و بەرگەڵوو کە سەرکردایەتی و گرنگترین بنکەکانی ی. ن. ک یان لێ بوو. پێشمەرگەکانی یەکێتی بە قوربانیدانێکی مەزن جۆرە بەرگرییەکیان لەو ناوچانە کرد، مەگەر لە توانای ڕۆماننووسێکی وەک ‹تۆلستۆی›دا هەبێت، بیگێڕێتەوە.

سەرکردایەتی ینک بێ ئاگا لەوەی کە ئەم هێرشە بریتییە لە سەرەتای قەڵاچۆکردنی خەڵکی کورد و بێباک لە هەڕەشەکەی سێ چوار ساڵ پێشتری تاریق عەزیز کە پێی گوتبوون: (ئەگەر لە جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا، لایەنی ئێران بگرن، خۆتان و گوندەکانتان لە ناو دەبەین،) بەو مەبەستەی عێراق بەشێک لە هێزەکانی لە گۆڕەپانی شەڕەکە بۆ داکۆکیکردن لە هەڵەبجە بکێشێتەوە، بە هاوکاری ئێران پەلاماری هەڵەبجەی دا.

ئازادکردنی! هەڵەبجە لە لایەن یەکێتی و پاسدارانەوە، نەک هەر نەبووە هۆی کەمکردنەوەی گوشار لەسەر سەرکردایەتی ینک و ڕێگر لەبەردەم ئەنفالی یەکدا، بەڵکوو کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەشی بە دوادا هات، ئەگەرچی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامانەدا کە دەست کەوتوون، کیمیابارانی ئەو شارە لە بەرنامەی کاری ئەنفالدا نەبوو، چونکە ئامانجی ئەنفال وەک بە هەڕەشەکەی

تاریق عەزیزیشدا دەردەکەوێت، کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و قەلاچۆکردنی گوندنشـینەکان بوو، هەر بۆیە ڕژێم هەڵەبجەییـە هەلاتووەکانی نەدەگرت، ئاخر هەڵەبجە شـار بوو، مەبەسـتی ئەنفالیش قڕکردنی دێهاتی بوو. یەکێتی بەو هەڵە کـوشندەیەی، نەک هەر مــەترسـیی لە دۆڵی جـافـەتی دوور نـەخسـتـەوە، بـەڵکوو بیـانووی کیـمیـابارانکردنی هەڵەبجـەیشی دایە دەست بەعسی فـاشـست. ئـەمـە لێکدانەوەی من نییـە، بۆچوونی نووسـەرانی کـتێبـەکـەیە و منیش بە دروسـتی دەزانم.

*

ڕاوێژکاران یان ڕاستتر سەرەکجاشـان، ئەوانەی چاوساغی ئەنفال بوون، دوای ڕاپەڕین، بوون بە بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان! ڕژێم بە جاشـەکانی گوتبوو: پێشمـەرگە کافرن، نەک هەر شـتومەکیان، ژنەکانیشـیان لە ڕووی یاساییەوە حەلاڵی ئێوەن. لە کاتی بەرەو باشوور ڕەوانەکردنی دیلەکاندا، خەڵکی بوێری چەمچەماڵ ڕابوون و هێرشیان کردە سـەر کاروانێک و بە خوێنی خۆیان چەندین کـەسـیـان لـە ئەنفـال ڕزگـار کـرد. جـێی سـەرنجـە دەسـەلاتی کـوردی، دەروازەی ئامـێزی دڵی بۆ سـەرەکجـاشـان خـسـتـە سـەر گازەرای پشت، وەلێ تەنانەت ناوی خواردنەوەشی بۆ خەڵکی چەمچەماڵ دابین نەکرد.

ئەوی هیچیشی سەبارەت بە ئەنفال نەبیستبێت، لە ڕێی ئەم کتێبەوە کە شیاوی ئەوەیە هەمـوو کـوردێ بیخـوێنێـتـەوە، لە نزیکەوە شـارەزاییـەکی چاک دەربارەی هۆلۆکۆستی کوردان پەیدا دەکات و بە کرۆکی ڕژێمی بەعس ئاشنا دەبێت.

2001. 05. 08

سەرنج

بە زەبری ئەم نووسینە، سەرنووسـەری کوردستانی نوێ، بە نووسراوێک داوای لێ بوردنی لە هاڤیبوون کرد.

دوو نامە بۆ دوو عەین

(١) بۆ **عارف قوربانی**

بەوەدا تیشکی زەردی زێڕینی ماسمیدیای (ی. ن. ک)ت لەسەر بوو، پێ دەچێت سەوز بیت، ئاخر خۆ یەکێتی لە ڕێی خوادا، ڕووناکی ناخاتە سەر کەس. نازانم لەبەر چی نووسەرانی گەرمیانم زیاد لە پێویست خۆش دەوێت؟ دەشێت کارکردی ئەنفال بێت. هەر ئەو ئەوینەش، هەوێنی لە دایکبوونی ئەم دێڕانە بوو.

ئەگەر تاڵەبانی بۆ نموونە بڵێت: (ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە.) سەرنجی سەعاتەکەی مەچەکم و ڕۆژنامەکەی بەر دەستم و تێکستی تیڤییەکەم دەدەم، ئەگەر لە هەموویاندا بیست و یەکی ئادار بوو، ئەوسا بڕوا دەکەم. بەڵام تەنانەت ئەویش هەندێک جار ڕاستی دەبێژێت. بۆ نموونە کە دەربارەی ئەوی تۆ دژی ئەنفالت نووسیوە و هەرچییەک بێ، قەسیدە نییە،(١) گوتی: (نووسەرەکەی نەفام، بێ ئەقڵ و کاڵفامە.)(٢)

من لەگەڵ نێوەڕۆکی نووسینەکەی تۆدام، وەلێ ئەو قسەیەی مام جەلالم بۆیە پێ دروستە، چونکە تۆ لە سەنگەری لایەنێکەوە بە گژ دەسەڵاتی ئیسلامدا دەچیتەوە، کە بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی، بە قورئان دەست پێ دەکات و مانگانە دوو ملیۆن دینار سەرانە بە بزووتنەوەی ئیسلامی دەدات!(٣) چونکە تۆ سەر بە لایەنێکی لە یادی ئەنفالدا، لە یاریگای سلێمانی پێشوازی لە یانەی تۆپی پێی لەشکری ئەنفال دەکات و سکرتێرەکەی هێندە تامەزرۆیانە ئاوێزانی باڵای قارەمانانی ئەنفال دەبێت و ڕایاندەموسێت، مەگەر ڕۆمیۆ هێندەی شەیدای

جولیت و جەمیل ئەوەندە سووتاوی بوسەینە و لاس وا عاشقی خەزاڵ بووبێت.
وەک ئاگاداری ینک سەرنووسەری هەفتەنامەی (گۆڕان)ی ناچار کرد، لە کوردستانی نوێدا بنووسێت: (ئەو شیعرە، تەعبیر لە بیر و بۆچوونی گۆڕان ناکات. بە هۆی هەڵەیەکی هونەرییەوە بڵاو بۆتەوە. داوای لێ بوردن لە هەموو لایەک دەکەین.)(٤)
ئەم پاکانەیەی سەرنووسەری گۆڕان و هەڕەشەکانی مام جەلال، داگیرساندنی چرای سەوزە لەبەردەم ئیسلامییەکاندا، بۆ تیرۆر کردنت. دڵنیا بە، ئەگەر پاشگەزیش ببیتەوە، ئەو دڕندانە لێت خۆش نابن. بەم زووانە لە کوردستان کاریزما سەر هەڵنادا، چارەنووسی خۆت بە قاچاخچییەک بسپێرە، ئەی عارف.
2001. 05. 24

(١) بەشێک لە قەسیدەی ئەنفال، هەفتەنامەی گۆڕان، (ئۆرگانی خوێندکارانی ینک) ژ: ٥٢ ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٤
(٢) PUK تیڤی، ئێوارەی ٢٠٠١/٤/٢٣
(٣) هاوڵاتی ژ: ٧، ل٢ سلێمانی ٢٠٠١/١/١١چاپخانەی ڕەنج.
(٤) کوردستانی نوێ، ل١١ ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٢٣

(٢) بۆ پرۆفیسۆر د. **عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

دوو سێ ساڵێک لە کۆمیتەیەکدا، پێکەوە کارمان دەکرد. تۆ سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد بوویت و منیش نوێنەری لقی سلێمانی. گەلێ جار قسەی خۆش و دانسقەت دەکرد. زۆریانم لە بیر ماوە. جارێکیان کۆڕ بۆ ئەبوبەکر خۆشناو ساز کرابوو، وێڕای ئەوەی باسەکەی شۆڕشگێڕانە بوو، ناو بە ناو پارچە کاغەزی بچووکیشی کە تژی بوون لە ڕستەی شۆڕشگێڕانەتر، لە بەرکی دەردەهێنا و ئەوانیشی دەخوێندەوە. جوانت بۆ هات، کە گوتت: قۆپیمان لێ دەکات. گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی بەشیر موشیری (بیرەوان،) هەر لە خۆت دەهات. بڕوا ناکەم هیچ بەشیریستێک بە تۆزی پێتدا گەیشتبێت، یان بگات. ڕۆمانی (ئوستاد)ت، گەواهی لەسەر ئەم قسەیەم دەدا.
ئەگەرچی من هەڵوێستی تۆم سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی نووسەران پێ لاواز

بوو، وەلێ بە گشتی پیاوێک بووی، مامەحەمەییت نەدەزانی. کە لە دوای ڕاپەڕینەوە وا بە خەستی و ئاشکرا خووت داوەتە ماستاو سارکردنەوە و هێندە زێدەڕۆیی تێدا دەکەتی، (دێلێژە)*ت شەرمەندە کردووە، ترسی ئەوەم هەیە، فایلت خاوێن نەبووبێت و دەست یەکێتی کەوتبێت.
کە سکرتێری ینک، لە پێتەختی ینک، لە هۆڵی ینک، خەڵاتی ناوەندی (خاک)ی سەر بە (ینک)ی بە شاعیری ینک بەخشی، تۆ گوتت: (شێرکۆ بێکەس لە سوێدیش خەڵاتی وەرگرتووە. جەواهیری شاعیری هەرەگەورەی عەرەب بوو، پێت گوتبا شاعیری گەورەی عەرەب، تووڕە دەبوو. شێرکۆش شاعیری ژمارە یەکی کوردە.)**
هاوینی ١٩٨١ لە سلێمانی لە کۆڕێکدا کە بۆ خۆت ساز کرابوو، کە سەرەی پرسیار و بە دواداچوون هات، مامۆستا عەین عەین شەونم هەندێک قسە و باسی وای کرد، هیچ پێوەندییان بە باسەکەی تۆوە نەبوو؛ بۆ قۆشمە گوتت: (مامۆستا شەونم جاران هەر نەیدەخوێندەوە، ئێستا گوێش ناگرێت.)
بریا وەک چۆن شەونم (نە دەیخوێندەوە، نە گوێی دەگرت،) تۆش ماستاوت نە بۆ سکرتێری حیزب، نە بۆ شاعیری حیزب، سارد کردباوە. ئەوی یانەی قەڵەمی سوێدی ١٩٨٧ بە شێرکۆی بەخشی، خەڵات نەبوو، کۆمەکی ئابووری بوو. ئەو یارمەتییە مادییە، لە سۆنگەی هۆکاری سیاسییەوە دەدرێت، نەک لەبەر داهێنانی ئەدەبی، دەنا تەسلیمە نەسرین، کە عەبدوڵڵا ئاگرین لە چاویدا چیخۆفە، وەری نەدەگرت.
حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم، من کە بە وردی شوێن ئەزموونی شیعریی شێرکۆ کەوتووم، ئێرەیی پێ نابەم، بەزەییم پێیدا دێتەوە. خەڵاتی خاک، بە ناوی خانی، نالی، گۆرانەوە بێت، یان پێرەمێرد، سووک سەرنجدانی شێرکۆیە نەک ڕێزلێنانی، ئاخر ئەو خۆی کوڕی تاقانەی بنەماڵەی (خاک)ی مسکێنی جەلال ئاغای گوندی یەکێتییە.

2001. 05. 24

* زێدی پ. د. عیززەدین.

** کوردستانی نوێ، ل٦ ژ: ٢٤٥٧ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٢٠

## دوو پێشنیار و یەک پرسیار

(1) پێشتر یەکێتی نووسەرانی میسر، دوازدە نووسەری ئاگاردار کردبووەوە کە دەستبەرداری هەموو جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئیسرائیلدا بىن. یازدەیان بە نووسین داوای لێ بوردنیان کرد و هەموو پێوەندییەکیان بە ئیسرائیلەوە پساند. عەلی سالم چونکە ئەو ئاگادارکردنەوەیەی بە هێند وەرنەگرت و درێژەی بە پێوەندیکردن بە ئیسرائیلەوە دا، 24 .05 .2001 لە یەکێتیی نووسەرانی میسر دەرکرا.(*)

پێشنیار دەکەم یەکێتیی نووسەرانی کورد، سەندیکای رۆژنامەنووسان و سەندیکای هونەرمەندان، هەموو ئەندامانی کۆنە بەعسی ریزەکانیان بهێننە گیر و گاز و ناچاریان بکەن لە رابردوویان پاشگەز ببنەوە، ئەگەرنا شەرەفی ئەندامێتی ئەو رێکخراوانەیان پێ رەوا نەبینن.

*

(2) لە چاوپێکەوتنێکدا سکرتێری حشع، حەمید مەجید موسا دەبێژێت: (بەشێک لەو پارمەتییەی حیزبی شیوعیی کوردستان لە ئیدارەی کوردیی وەردەگرێت، دەگاتە ئێمە، ئەوە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی حیزبی شیوعیی عێراقە.) ئەگەرچی بە گوێرەی لێکدانەوەی مارکس، چونکە فاکتەری ئابووری رۆڵی هەرە گرنگ دەبینێت، دەبوو حشک قسەی زاڵ بووایە، کەچی ژێرماڵەی حشعە.
سەرنجی سایتی حشع بدەن، لە بندەستی خۆیاندا، گۆشەیەکیان بۆ ئۆرگانی حشک، رێگای کوردستان، تەرخان کردووە، بە دوو سێ مانگ جارێک تازە دەکرێتەوە! زۆر رێکخراو کە لە هیچ بوارێکدا توانای حشکیان نییە، خاوەنی

ماڵپەڕی خۆیانن و لە کاتی خۆیدا نوێی دەکەنەوە. ئایا ئەم ڕەوتی کیسەڵ ئاسایە، لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم سەردەمە خێرایەدا دێتەوە؟ بریا حشک لای کەم لە ئینتەرنێتدا، خۆی لە بندەستی حشع ڕزگار دەکرد.

*

(3) دەشێت نیلسۆن ماندێلای کاریزمای باشووری ئەفریکا، گەورەترین پیاوی زیندوو بێت لەسەر ئاستی جیهان؛ ئایا ئەگەر ئەو مەزنەپیاوە، **بە هەڵە** بە ماشێنەکەی، لە شەقامی شارێکی وڵاتەکەیدا، لە پیرەمێردێک بدات، لەسەر ئەوە بە دادگا دەدرێت،، یان نا؟ بێ گومان وەک هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی دیکە ڕادەکێشرێتە بەردەمی دادگا. کەچی لای ئێمە کە مامەڕیشە ساڵی 1984 سەردەمی وتووێژی نێوان ینک و بەعس، لە ڕێگای نێوان چەمچەماڵ و سەنگاودا، شوفێرێکی بێتاوانی **بە دەستی ئەنقەست** کوشت، نەک هەر دادگایی نەکرا، بەڵکوو شیعریان بە باڵایدا گوت و شانۆنامەیان بۆ هۆنییەوە و پەیکەریان بۆ قوت کردەوە!

مامەڕیشە بێجگە لەوەی پێشمەرگەیەکی هێندە ئازا بوو، منداڵانی سلێمانی دەیانگوت: بە هێزی مامەڕیشە، سەددام دەکەین بە شیشا، قارەمانێکی بێوێنەی بواری شەڕی براکوژیش بوو. ئێستاش دەستی خوێنی قەسابخانەکەی سەرەتای ئایاری 1983ی پشتئاشانی لێ دەچۆڕێت. ئایا بە گوێرەی کام بڕگەی کام یاسا، خەبات تاوان دەسڕێتەوە؟

2001. 06. 02

(*) الحیاە ٢٠٠١/٥/٢٧ ص ١ لندن

مەلا بەختیار کە بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە و لە پێناوی ڕۆنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، ئەستوورترین گۆڤار بە ناوی (مەدەنییەت)ەوە دەر دەکات و چالاکانە تێیدا دەنووسێت، هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ ئۆتومبیلێک لە هاووڵاتییەک زەوت دەکات. کە هاووڵاتییەکە داوای مافی خۆی دەکات، مەلا بەختیاری وەستای تەلاری کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتی، دەنێرێت هاووڵاتی ماشێن لێ زەوتکراو، دەهێنن و دەیداتە بەر هەڕەشە و جنێو، تا بترسێت و دەمی دابخات.

کابرای ماشێندزراو بە مەلا دەڵێت:

تۆ ناتوانی مافی من بخۆیت. ئاخر من مامی (جەبار ئەمین)م کە ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی سەوزەکانی سوێدە. بەو دەڵێم دنیات لێ پڕ بکات. ئیدی مەلا بەختیار، (چونکە باس لە سەیارە دزینە، هانا بۆ دەربڕینێکی نێو شوفێران دەبەم،) بەگ (back) دادەنێت. ئەو هاووڵاتییە لە سۆنگەی ئەو زوڵمەوە کە مەلا بەختیار لە کوردستان لێی کردبوو، لە سوێد بە پەنابەر وەرگیرا.

*

ینک مەلا بەختیاری بەردابووە گیان ئەو نووسەرانەی لە (ڕامان) و (گوڵان)دا دەیاننووسی و هاتوچۆی هەولێریان دەکرد. ١٩٩٧/١٢/٨ مەد تیڤی لەسەر داخوازیی نووسەری ئەم دێڕانە، بەرنامەی (دەنگی گەل)ی بۆ ئەو گوشارەی ینک

بۆ نووسەرانی سلێمانیی هێنا بوو، تەرخان کرد. مەلا بەختیار لەو بەرنامە زیندووەدا بە تەلەفۆن، گوتی: (بە ئاسمانی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی یەکێتییەوە، دیموکراتی وەک مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە.) بە مەرجێک هەر ئەو ڕۆژە چەکدارانی ینک لەسەر خواستی ئێران پێنج ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان، کە یەکێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە بوو، لە بازگەی کۆیە، کوشتبوو.

*

مەلا بەختیار و فەرەنسۆ هەریری، لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا، دەبێت بە دەمەقاڵەیان؛ مەلا بە هەریری دەڵێت:

* تۆ بە درێژایی تەمەنت چاپەزی (چاپچی) ماڵی بارزانی بوویت.

هەریریش بە مەلا دەڵێت:

** ڕاست دەکەیت، تەنانەت چەندان جار قۆرییە <چا>شیان بە سەر و چاومدا کردووە، بەڵام هەرگیز ڕێ نەکەوتووە، میزم پێدا بکەن، وەک سەرکردایەتیی ینک، ئەو وەختەی لە بەرگەڵوو زیندانی بوویت، بە تۆیاندا کرد.

2001. 06. 10

## پڕوپاگەندەی چەواشە

لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٨٣ دا ئەز وەک نوێنەری لقی سلێمانی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی بووم، کە بەعس ویستی یەکێتیی نووسەران هەڵبوەشێنێتەوە، یەکێک بووم لەو نووسەرانەی بە توندی بە گژ ئەو هەوڵە چەپەڵەی ڕژێمدا چوومەوە و هەر لە سۆنگەی ئەوەشەوە فەرمانی گرتنم دەرچوو، وەلێ حسێن عارف گوتەنی، توانیم (ڕوو بکەمە شاخ) و دواتر ڕێگەی دژواری تاراوگە بگرمە بەر. بە کورتی ئاوارەبوونی من دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی داکۆکیکردنم بوو لە یەکێتیی نووسەرانی کورد؛ بۆیە ئێستا کە نووسەرانی کورد سەرقاڵی کۆنگرەن، مافی ئەوەم هەیە یەک دوو قسە بکەم.

لە سەروەختی سەرۆکایەتیی د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵدا، یەکێتیی نووسەران دوو جار هەڵوەشێنرایەوە، یەکەم جار لەژێر گوشاری بەعسدا و جاری دووەم لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆوە. ئەگەرچی نە لەگەڵ بە باکردنی کای کۆن و نە لەتەک بە ناپاک نێوزەدکردنی کەسدام، وەلێ ناچارم بڵێم ساڵی ١٩٨٣ سەرۆکی نووسەران، سەنگەری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کوردی هەڵبژارد و ڕۆڵی کاربڕی لە بەجێهێنانی خواستەکەی ڕژێمدا گێڕا.

لە دووەمین نسکۆی یەکێتیی نووسەرانیشدا د. عیززەدین چونکە سەنگەری سەوزی هەڵبژارد و وەک باڵیۆزی گەڕۆکی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانی دەست بە کار بوو، نەک هەر نەیتوانی بێلایەنیی پۆزەتیڤی یەکێتیی نووسەران بپارێزێت، بەڵکوو تەنانەت کە ئەبوبەکر عەلی (ئەندامی یەکێتییەکە) تیرۆر کرا، خۆی لێ نەبان کرد.

چونکە د. عیززەدین یەکێتیی نووسەرانی لە تێکشکانێکەوە بۆ تێکشانێکی دیکە بردووە، ئومێدم وایە وەک هەر جەنتڵمانێک، ددان بە شکستی خۆیدا بنێت و خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید نەکاتەوە، ئەگەر نا، تکا لە نووسەران دەکەم دیسانەوە گۆزەی متمانەی خۆیانی پێ نەبەخشنەوە، چونکە دەیداتەوە بە تاوێردا.

خۆزگە پدک و ینک بۆ تاقە جارێک، بۆ تاقە ڕێکخراوێک بێلایەن دەبوون و دەستیان نەدەخستە کار و باری نووسەرانەوە. بریا حشک بۆ تەنیا کەرەتێک هەوڵی ناسینی توانای خۆی لە نێو نووسەراندا دابا و وازی لە ستراتیژی لیستی هاوبەش هێنابا.

با پێش ئەوەی سەر بە هیچ لایەنێک بین، نووسەر بین. بژی بڕیاری سەربەخۆی نووسەران. بدڕێت لیستی هاوبەش.

2001. 07. 03

داهێنان لە ناخــەوە هەڵدەقــوڵێت و پێــوەندییــەکی پتــەوی بە ژیانی خــودی داهێنەرەکەوە هەیە. نوێخوازی ڕۆنانی دیوار نییە، لە نێوان دیرۆک و داهاتوودا، پردێکە مـێـژوو بە ئایندەوە دەبەسـتـێـتـەوە. تازەگـەری کـانیـاوێکە لە بناری ڕەسەنایەتییەوە هەڵدەقوڵێت.

من نازانم داهێنەری قورئان، چەند بە دەست ئەفراندنی هەر ئایەتێکەوە ماندوو بووە، وەلێ کـە دەنووسم، بە دەست نووسینی هەر ڕستـەیەکـەوە، هێندە مـاندوو دەبم، دەڵێیت سـەرقاڵی داهێنانی دەقـێکی پیرۆزم. ئەوە ڕێز لە خـوێنەر گـرتنە، هانم دەدا ڕاستییەکان بنووسم و بیر لە قازانجی تایبەتی نەکەمەوە، ڕووناکی بخەمە سەر ڕووخسارە دزێوەکان و ژیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە. ئەم ژانی نووسینە، تەنیا نووسەری ڕاستەقینە و خوێنەری وریا هەستی پێ دەکەن و نرخی دەزانن. کە نووسینێکم بڵاو دەبێتەوە و هەڵەی تێ دەکەوێت، جۆرە ژانێک پەڕەی دڵم دەسـەـمـێت، دەڵێـیت خـەنجـەرێکی ژاراویم لێ دراوە. سـوپاس بۆ ئەو بڵاوکـراوانەی دەرک بە بەهای نووسین دەکـەن و بێ ڕەزامـەندیی خـۆم، نە باز بەسـەر وشـەیەکـمـدا دەدەن و نە حـەرفـێکم دەگـۆڕن. دوژمـنی ڕاسـتـەقـینەم ئەو کەسەیە، لە دڵسۆزیی گەوجانەی خۆیەوە، دەستکاریی نووسینم دەکات.

ساڵی 1983 بۆ ڕادیۆی ‹ینک›م دەنووسی، لەو ڕوانگەیەوە کە مێژوو بریتییە لە ملمـلانێی چینایەتی، بەسەرهاتی گوندە ڕاگوێزراوەکانم دەگێڕایەوە و لە دیدی خۆمەوە باسی ئەدەبی بەرەنگاریم دەکرد. بە درێژایی ئەو ماوەیە، لەگەڵ جیاوازیی نێـوان بۆچوونەکـانمدا، ئەو دەزگـا گـرنگەی ینک، گـەر چی هەندێک جـار

ژانەسەریشم بۆ دروست دەکرد، باڵی کۆتری یەک وشەی نەکردم.

نیشتمانم ئەگەر ژنێ

پێ بەسەر **بەردیشتا** بنێ

خونچەی شیعر پێدەکەنێ.

ئەوە کۆپلەیەکە لە شیعری تریفە و زەریا، ساڵی 1998 بۆ ‹گەلاوێژی نوێ›م نارد، مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، کە لە پشت گۆڤارەکەوە بوو، بەم جۆرە بڵاوی کردەوە:

نیشتمانم ئەگەر ژنێ

پێ بەسەر **دەرپێشتا** بنێ

خونچەی شیعر پێدەکەنێ.(١)

‹بەرد›ی کردبوو بە ‹دەرپێ!› کەس هەیە هێندە گەشبین بێت، ئەوە بە هەڵەی چاپ تێبگات؟

لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی ‹PUK›دا، تاڵەبانی لە قەلاچوالان 24 .07 .2001 گوتی: (لە پێناوی بەدەستهێنانی متمانەی ڕووناکبیران و خەڵکیدا، پێویستە دەرگا بە ڕووی بیروڕای جیاوازدا بکەینەوە.)(٢) خەڵکی کاتێک متمانە بەو قسەیە دەکەن، لای کەم ئەو دەرگاوانەی دەروازەی کوردستانی نوێی زمانحاڵی ‹ینک›ی بە ڕووی هاتنە ژوورەوەی بیروڕای جیاوازدا، مەحکەم داخستووە، ترۆ بکرێت.(٣) خۆ ناشێت ینک بە هیوا بێت، بە هیممەتی دیکتاتۆران، قەلای دیموکراتی ڕۆ بنێت!

بە ڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ

ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە؟

ئەوی هەنووکە کوردستانی نوێ بەڕێوە دەبات، پیرەدرەختێکە نەک شنەی ئازادی، گەردەلوولی دیموکراتیش هەڵبکات، مێشێک میوانی نییە. ئەو بۆ بەڕێوەبەری زیندان دەست دەدات، نەک سەرنووسەری ئۆرگانی لایەنێک بڕوای بە بۆچوونی جیاواز و ئازادیی بیروڕا دەربڕین هەبێت. ئەگەر گەیشتن بە پۆستی سەرنووسەر لە بری پشتگیریی کەسێکی دەستڕۆیشتووی نێو پۆلیتبیرۆی ینک، بە هەڵبژاردن با و پیرەداریش خۆی کاندید کردبا، لە یەک دەنگ زێتری نەدەهێنا.

2001. 07. 28

(١) تریفە و زەریا، حەمەسەعید حەسەن، گەلاوێژی نوێ ژ: ١٠ ل ٨٣ سلێمانی ١٩٩٨

(٢) كوردستانی نوێ، ل١ ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٥ سلێمانی.
(٣) ترۆ بكرێ: دەربڕینێكی باوی نێو یەكێتییە.

## سەرۆک ناسر

ڕەخنەگری ترسنۆک ناوی خۆی ئاشكرا ناكات،
ڕەخنەگری تۆقیو، نە ناوی خۆی ئاشكرا دەكات، نە ناوی ڕەخنەلێگیراو.

ساڵی ١٩٨٤ لە ساتیرەشیعری (پەشیمانی)دا، تیری ڕەخنەم ئاڕاستەی هەندێک لە سەرانی ینک كردبوو، حامیدی حاجی خالید بەوە نیگەران ببوو، ڕەخنەم لە شەوكەتی حاجی موشیری ئامۆزای گرتبوو، وەلێ ناوی ویم نەهێنابوو. گوتبووی: دیارە من بە پیاو نازانێت. زۆرن ئەوانەی خەو بەوەوە دەبینن، ڕاستەخۆ ڕەخنەیان لێ بگرم، یان هیچ نەبێ بیانكەمە قارەمانی ساتیرێک؛ لێ من گوڵی ئەو شانازییە لە بەرۆكی هەموو كەسێک نادەم. زۆر سوپاس بۆ ئەو خوێنەرەی بۆی نووسیبووم: حەیفە قوللەی قاف بچێتە شەڕی مێشوولەوە.
من لە ڕێی كتێبە بەناوبانگەكەی (ولیەم شیرەر)ەوە، كە باس لە سەرهەڵدان، گەشەكردن و نسكۆی دەسەڵاتی هیتلەر و حیزبەكەی دەكات، سەددام و حیزبی بەعسم ناسی. گۆبڵز زوو زوو دەیگوت: (بیروڕا دەربڕین ئازادە، چیتان هەیە بینووسن. ئێمە سنگمان بۆ ڕەخنە فراوانە.) ناوبەناو ڕۆژنامەنووسێكی خۆشباوەڕ، فریوی دەخوارد و ڕەخنەی دەگرت. چارەنووسی هەموو ئەو ڕەخنەگرە گەشبینانە، كوشتن یان كونجی زیندان دەبوو.
تاڵەبانی كە بۆ ژنان دەپەیڤێت، شای فێمینیستانە. كە ڕووی دەمی لە كرێكاران بێت، ماركس بە شاگرد ڕاناگرێت. لە ئاستی ڕۆژنامەوانان و نووسەراندا، خوای ئازادیی بیروڕا دەربڕین و دوژمنی سەرسەختی سانسۆرە. زوو زوو باس لە

چەپكەگوڵ و ڕێز لە بیروڕای جیاوازی ئەوی دی گرتن دەكات. ناو بە ناو كەسێک بەو قسە شیرینانەی هەڵدەخەڵەتێت و سووكەڕەخنەیەک دەگرێت. ڕەخنەگری فریوخواردوو هێندەی زانی كەوڵ كراوە.

مەریوان مەسعوودی كارمەندی ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ستوونەڕەخنەیەک لەسەر ناسری ڕەزازی دەنووسێ.(١) بۆ سبەینێ، كوردستانی نوێ داوای لێ بوردن لەو هونەرمەندە دەكات و دەبێژێت: (ڕێگا نادەین ئەو بۆچوونانە بە بێ وەڵامدانەوەی پێویست گوزەر بكەن.)(٢) كورد بە شێوەیەكی گشتی كە هەڕەشە دەكات، جێبەجێی ناكات. كوردستانی نوێ ئەو ڕێسایەی ڕەچاو نەكرد و مەریوان مەسعوودی نانبڕاو كرد.(٣)

لە عێراق، سزای ڕەخنە لە سەرۆک گرتن، زمانبڕینە. لە سلێمانی سزای ڕەخنە لە ناسر گرتن، نانبڕینە. ئەگەر ڕەخنەیەكی دۆستانە لە گۆرانیبێژی دۆستی حیزب، باجەكەی نانبڕین بێت، بێ شک ڕەخنەگرتن لە خودی حیزب، باجەكەی زمانبڕین دەبێت.

2001. 08. 06

(١) كوردستانی نوێ، دوا لاپەڕە، ژمارە ٢٥٠٧ی ڕۆژی١٧/٧/٢٠٠١ سلێمانی.

(٢) كوردستانی نوێ، لاپەڕەی دوایی، ژمارە: ٢٥٠٨ی ڕۆژی ١٨/٧/٢٠٠١ سلێمانی.

(٣) با هەندێكمان گوێ لە ڕەزازی نەگرین، دانا فایەق، هاوڵاتی، ژ: ٣٢ ل٨ ڕۆژی ٢٢/٧/٢٠٠١ سلێمانی.

* دواتر ك. ن. لەژێر گوشاردا، لەو ڕۆژنامەنووسە (تاوانبارە!) خۆش بوو.

یەکێتی کە نیازی شەڕی لایەنێکی هەبێت:
* زەمینەی فیکریی بۆ خۆش دەکات.
* سوود لە توانای ئەو دۆستانەی کە لە ناوچەی شەڕەکەدا دەژین، وەردەگرێت.
* تا هێـزەکـانی کۆ دەکـاتەوە و لە گـۆڕەپانی شـەڕەکـەیان نزیک دەخـاتەوە، هەر باسی چارەسەری ئاشتییانە دەکات و مەلا، شێخ و ڕیشسپی بۆ فریودانی نەیار دەکاتە ناوبژیوان.
* لە ناکاو دەست دەوەشێنێت.

٢٣ی سـێپـتـێمـەری ٢٠٠١ یەکـەم جـار بوو لایەنێک نیـازی ینک بـخـوێنێتـەوە و دەستپێشکەری لە دەستکردنەوەدا بکات. هەڵۆکانی قەندیل، بازەکانی گەرمیان و دیلکوژەکـانی پشـتـئـاشـان، بـە دیلکراوی کۆتر ئـاسـا دەپارێنەوە، لێ سـەربازانی دڵڕەقی بە هـەق ئیـســلامی، گــوێ بۆ کــوڕووزانـەوە شل نـاکــەن، دەیانکوژن و تەرمەکانیشیان هەتک دەکەن، هەر وەک چۆن چەکدارانی ینک سەرەتای ئایاری ١٩٨٣ دیلە شیوعییەکانیان لە پشتئاشان کوشت و بۆ ئەڵقەی زێڕ، پەنجەی ژنیان بڕییـەوە؛ یان کە سـەلاحی مـوهـەندیس لە شـەڕی (لـەشکری ئیسـلامی کورد)دا، گـیـانی لە دەست دا، ینک چی دیلی ئەو لایەنەی لە کن بوو، هەر لە زینداندا، قەلاچۆی کردن؛ یان کە ینک عەوڵا سووری بە دیل گرت، نەوشیروان مستەفا پێی گـوت: (ســەرســەری، ئەگـەر هەر لای ئێـمـە بای، وات بـەســەر نەدەهـات.) عـەوڵا سووریش گوتی: (من لادێیم، نازانم سەرسەری چییە.) نەوشیروانی شاری لەسەر

ئەو قسەیە کوشتی.

جاران پێمیمی ینک گاڵتەیان بە مردن دەهات و بە پێکەنینەوە بەرەو ڕووی دەچوون، هەنووکە لە جەللاد دەپارێنەوە! ئەمریکا ئەگەر زیندەوەریش لە ئەفغانستاندا نەهێڵێت، هێشتا تۆڵەی ئابرووی لە WTC و باڵەخانەی پێنتاگۆن تکاویدا ناکاتەوە. ینک ئەگەر یەک سەربازی ئیسلامیش لە هەوراماندا نەهێڵێت، هێشتا تۆڵەی ئابرووی لە (ئاوایی خێڵی حەمە)دا تکاوی ناکاتەوە.

چل پەنجا پێمیم چۆن وا بە ئاسانی دەستگیر کران؟ خەڵکانێک ئامادەن لە پێناوی ینکدا گیانیان بەخت بکەن، کەچی ینک ئامادە نییە، بەسەرهاتی ڕاستەقینەی لەناوچوونیان بۆ کەسوکاریان بگێڕێتەوە! قەوانی: ئەو پێمیمانە نیازی شەڕیان نەبووە و هێشتا ینک لە هەوڵی بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکەدا بووە، مەگەر بە گوێی گێلدا بچێت، یەکێتی کە نیازی درکاندنی ڕاستییەکانی نییە، با چیرۆکێکی دیکە بهۆنێتەوە.

ئیسلامییەکانی لوبنان، خوارووی وڵاتەکەیان لە داگیرکەران خاوێن دەکەنەوە، ئیسلامییە کوردەکان خوازیارن کوردستانێکی لە داگیرکەرێک پاکژ کراوە، بخەنەوە ژێر پێی داگیرکەرێکی دیکەوە. ئیسلامییە عەرەبەکان پەلاماری پێنتاگۆن دەدەن، ئیسلامییە کوردەکان پەلاماری ئارایشتگەی ژنان دەدەن. ئیسلامیی عەرەب لە ڕۆژێکدا دوو باڵێوزخانەی ئەمریکا دەتەقێنێتەوە، ئیسلامیی کورد لە ڕۆژێکدا ناوی کوردی لە دوو زارۆک دەسێنێتەوە. ئیسلامییە عەرەبەکان زلهێزترین وڵاتی دنیا دەتۆقێنن، ئیسلامییە کوردەکان منداڵانی ئاوایی خێڵی حەمە دەترسێنن.

ئەگەرچی بەعس کوردی ژارباران و ئەنفال کرد، کەچی لە نێوان بەعس و ئیسلامی سیاسیدا هێشتا نازانم کامیان دوژمنێکی دلۆڤانترە. لەو (زوون)ەدا کە دەبوو (ئارام) بێت، لەشکری بەعسییان دێت و هەولێر دەشێوێنێت، لەشکری ئێران دێت و کۆیە دەشڵەژێنێت، لەتشکری تورکان دێت و بیتوێن دەشەمزێنێت. سوپای تالیبان دێت و شارەزوور لە خوێندا دەگەوزێنێت. بە ڕاست ئەمریکا و دۆستانی، کورد لە هێرشی کام هێز دەپارێزن؟

20001. 10. 01

ئەرکی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەخەمە سەر شانی ویژدانی ئێوە و من تەنیا بە تیشکی هەندێک زانیاری بەرچاوتان ڕووناک دەکەمەوە و هیچی تر.

(١) شەڕی براکوژی کە ئێمە بە تاوانی دەزانین، لای مەلا بەختیار مێژوویەکی پرشنگدارە و جێگەی شانازییە، ئەوەتا کە باسی شەڕی نێوان خۆیان و حسک دەکتا، دەڵێت: (دوو مەیتمان لێ خستن و قووچاندیان.)(١) یان دەنووسێت: (هێزێکی هاوبەش بە سەرکردایەتی خۆم بۆ تەفروتوناکردنی حسک پێک هێنرا.)(٢)

(٢) جەمالی عەلی باپیر بە فەرمانی مەلا بەختیار ١٩٨١/٨/٢٠ لەو دیو دێوجامەی سەردانی دۆستانەوە، بۆ کوشتنی شێرکۆی شێخ عەلی دەچێت و لە ئەنجامدا (دە) پێشمەرگە، پێنج لە ینک و پێنج لە حسک شەهید دەبن.(٣) مەلا بەختیار بە پێمیمەکانی گوتبوو، هەر کە جەمال گوتی: شوێنەکەیان زۆر خۆشە، ئێوە یەکسەر شێرکۆ و چەکدارەکانی قەلاچۆ بکەن.

(٣) مەلا بەختیار ١٩٧٨/٧/٢٨ لە ئەوبەری سیروان، لە گوندی کانیی ژەنان بە پێشمەرگەکانی خۆی دەڵێت: بچن ئەو چەکدارانەی قیادە موەقەتە چەک بکەن، ئەگەر چەکیان دانەنا، بیانکوژن! ئەو درامایە بە کوشتنی شەش پێمیمی قیادە موەقەتە کە جەماعەتی قادری حەمەساڵح بوون و بە شکانی هەردوو لاقی حەمە ئاواتی کادیری کۆمەڵە کۆتایی هات.

(٤) محەمەدی حاجی مەحموود دەنووسێت: ( مەلا بەختیار کە باوەڕی بە تەسفییەی جەسەدی هەبوو، لە سنووری دەسەڵاتیدا ساڵانی ١٩٧٧ ـ ١٩٧٨

زێتر له ٩٧ کەس بێ مەحکەمە کوژران.)(٤)

(٥) مەلا بەختیار دەنووسێت: ( ١٩٧٧/١٢/١٢ له کانیی سوور پێنج پێشمەرگەم نارد و گوتم بچن چەکدارەکانی قیادە موەقەتە چەک بکەن، ئەگەر ویستیان دەست بکەنەوە لێیان بدەن.) ئیدی پێمیمەکانی مەلا بەختیار سێ پێمیمەکەی قیادە، که یەکێکیان مەجید هەیبە دەبێت، دەکوژن.(٥)

(٦) سەید کاکە له بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت: (پێمیمێکی ینک بە مەلا بەختیار دەڵێت: ئاخر ئەگەر پێمیمەکانی قیادە موەقەتە بکوژین، پێمیمێکی خۆشمان که لەگەڵیاندا دانیشتووە، بەر دەکەوێت. مەلا بەختیار دەڵێت: قەیناکا، با ئەویش بکوژرێت.)(٦)

(٧) مەلا بەختیار له دووەمین ڤیستیڤاڵی ئەدەبیی گەلاوێژدا کە له نێوان ١٢تا١٩/١١/١٩٩٧ دا له سلێمانی ساز کرا، گوتبووی: ‹ئێمە چەکدارێکی بنەماڵەی بارزانی کە ڕەنگە چەواشە کرابێت، بە ناوی خائینەوە دەکوژین، نووسەرێک کە لێرەوە قەڵەمەکەی دەبات بۆ هەولێر و بە سیبقی ئیسراری سەقافی خۆیەوە بەرهەم بۆ ئەو بنەماڵەیە بڵاو دەکاتەوە، دیارە کە چەند لەو چەکدارە هەڵخەڵەتاوە خائینترە.›(٧)

ئایا ئەم گوتەیەی مەلا بەختیار کە چەندان جار له تیڤی و ڕادیۆی یەکێتیی نیشتمانییەوە، بڵاو کرایەوە، فەتوای حەڵاڵکردنی خوێنی نووسەران نییە؟

(٨) چەندان کورد کە له ئەورووپا وەک پەنابەر داڵدە دراون، له تاو گوشاری مەلا بەختیار هەڵاتوون، لەوانە:

* زەردەشت محەمەد فەریق کە سەرەتای دێسەمبەری ١٩٩٧ له کۆڕێکی مەلا بەختیاردا سووکە ڕەخنەیەکی گرتبوو، لەسەر ئەوە هەر هەمان ئێوارە له زیندانی ئاسایشی ینک توند کرا، شەش ڕۆژ ئەشکەنجە درا و هەر لەبەر ئەو گرتن و ئەشکەنجەداش له دانمارک بە پەنابەر وەرگیرا.

* هەر له سۆنگەی زەبروزەنگی مەلا بەختیارەوە، محەمەد فەریق حەسەنی چیرۆکنووس، دوای ئەوەی پیاوانی مەلا شەوی ٣/٤ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ نارنجۆکێکیان فڕێ دایە ماڵەکەیەوە،(٨) زێدی خۆی جێ هێشت و له دانمارک گیرسایەوە.

ئایا مەلا بەختیار تیرۆریستە، یان دوژمنانی دیموکراتی و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، جنێوی پێ دەدەن و درۆی بۆ هەڵدەبەستن؟

2001. 11. 04

سەرچاوەکان

(١) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو. ل ٢٢٦ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٢) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو. ل ٢٢٥ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٣) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو ل ٢٨٦ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٤) محمد حاجی محمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک ل ٦٥ و ٦٦بەرگی یەکەم، چاپخانەی بێسارانی ١٩٩٩ سلێمانی.

(٥) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو ل ١٣٣ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٦) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو ل ١٣١ چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.

(٧) وتەی بەڕێز مەلا بەختیار لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ، هەرێمی کوردستان ژ (٦٠ ) چوارشەممە ١٩٩٧/١١/١٩ سلێمانی.

(٨) بەدران ئەحمەد، کامیان دەیباتەوە، قەڵەمەکەی حەمەفەریق حەسەن یان نارنجۆکەکەی مەلا بەختیار؟ گوڵان ژ (١٥١)ی ١٩٩٧/١٢/١١ هەولێر.

هەفتەی پێشوو دوو کتێبم بە دەست گەیشت. یەکەمیان شانۆنامەی (هارون ئەلڕەشید)(١) لە چیرۆکنووسی ناسراو (محەمەد موکری)یەوە، دووەمیان (ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو)(٢) لە (سابیر کۆکەیی)ەوە کە پێشتر ناویم نەژنەوتبوو. مێژووی نووسراو بە شێوەیەکی گشتی ئەو مێژوویە کە دەسەڵاتداران نووسیویانە، یان لە قازانجی وان نووسراوە. شانۆنامەکەی موکری و بیرەوەرییەکانی کۆکەییش هەر نووسینەوەی دیرۆکن، وەلێ لە ڕوانگەی بێدەسەلاتانەوە. مەرج نییە ئەو مێژووەی قوربانی دەینووسێتەوە هەمیشە ڕاست بێت، وەلێ ئەو دیرۆکەی جەللاد تۆماری دەکات، هەمیشە ساختەیە.
ئەو دوو کتێبە ئەگەرچی یەکەمیان باسی ڕابردوویەکی دوور و دووەمیان باسی چەند سالێک بەر لە ئێستا دەکات، بەلام هەردووکیان هەمان بۆنیان لێ دێت، بۆنی خوێن. لە شانۆنامەکەدا هارون ئەلڕەشید بەرمەکییەکان قەلاچۆ دەکات و لە بیرەوەرییەکانی کۆکەییشدا سەددامی وەچەی ئەو خەلیفەیە، کورد ئەنفال دەکات.
لە ڕوانگەی موکرییەوە هەرچی دەستی لە دەسەلات گیر ببێت، بەراوەژوو سوودی لێ دەبینێت و بۆ ئەوەی دەستی لە ملی ئەسکەملی دەسەلات بەر نەبێت، سڵ لە گرتنەبەری هیچ ڕێییەکی پۆخڵ ناکاتەوە. ئەمەی موکری بە دەقێکی هونەری و بە زمانێکی پاراو پێی گوتووین، کۆکەیی ڕاستەخۆ لە ڕێی گیڕانەوەی ژیننامەی خۆیەوە گوتوویەتی.

برا دوور و خزم دوور و کەسم دوور
بە نابەڵەد تەمەن دەمبا بەرەو ژوور

بەڵام ڕوونە بەرەو سێدارە چوونە
خەنەی خوێنم لە پێ دەگرێ ئاڵای سوور.

ئەو شیعرە کە هونەرمەند حەمە جەزا دەیچڕێت، مەلا عەلی کە ١٩٧٩ بەعس لە سێدارەی دا، لە زینداندا نووسیویێتی. جەمالی عەلی باپیر لە تۆڵەی ئەوەدا کە خەبەری لە مەلا عەلی دابوو، کوێخا برایمی سابووراوای چاوساغی بەعسی بە سزای ڕەوای گەل گەیاند.(٣)

سابیر کۆکەیی لە ڕێی مەلا عەلییەوە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئاشنا دەبێت و هەر دوای گرتنی ئەو، ئەمیش دەگیرێت. لە زینداندا، سەروەختی ئەشکەنجەدان، شەقێک لە ملی دەدەن، دەستبەجێ میز بە خۆیدا دەکات و لەوساوە، خۆی گوتەنی کە ٢٢ ساڵ بەسەر ئەو شەقەدا تێپەڕیوە، هێشتا میزی بە باشی بۆ ڕاگیر ناکرێت.(٤)

ئەو وەختەی سابیر زیندانی دەبێت، بەرهەم ئەحمەد ساڵحیش دەگیرێت، لێ زیندانییەکان بە بەعسیی تێدەگەن و خۆیانی لێ دەپارێزن. پاش چەند ڕۆژێک، بەرهەم بێ ئەوەی پەنجەی لێ بدرێت، ئازاد دەکرێت و ڕژێم بە ناوی خوێندنەوە بۆ لەندەنی دەنێرێت.(٥)

کە ١٩٨٢/٧/١ سەلاحی موهەندیس لە شەڕی لەشکری ئیسلامیدا شەهید دەبێت، هاوڕێ جەباری فەرماندەی کەرت و شێخ محەمەدی ڕابەری سیاسی کە هەردووکیان خزمی سەلاح دەبن، لە ‹بەرگەڵوو›ەوە بە ڕاکردن دێن و دیلە ئیسلامییەکان کە لە نەخۆشخانەکەی ‹مالوومە›دا دەبن، بە بەر چاوی سابیرەوە کە پاسەوانیان دەبێت، دەدەنە بەر دەستڕێژ. (٦)

دوای هەرەسی وتووێژی نێوان بەعس و یەنک، ئێران بە چڕی و بە ئاشکرا هاتوچۆی سەرکردایەتی یەنک دەکات، ئەو سەروەختە، چەند مانگێک پێش ئەنفال، مام جەلال لە بری کوردستان یان نەمان، بەردەوام دەڵێت: ئەم بەهارە، یان دەفرین، یان دەترین.(٧)

١٩٨٧ عارف و سەدیق لە گوندی کرژە ماڵێک بە سەر پۆلێک پێشمەرگەدا دەتەقێننەوە و هەڵدێن، حاکم قادر لەبری ئەوان، فەرمانی گوللەبارانکردنی دوو منداڵ: ڕەفیق و مارف، کە برای ئەو دوو تاوانبارە دەبن، ئیمزا دەکات!(٨)

١٩٨٧/١١/١١ هێزێکی گەورەی یەنک کە قادری حاجی عەلی فەرماندەی دەبێت، بەسەر گوندی چەرمەگادا دەدات، دەست لە کەس ناپارێزێت و گەلێک کەسی

بێتاوان و تەنانەت ئەندامێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش: قالەی ئافتاو کە خەڵکی ئەو گوندە دەبێت، دەکوژێت.(٩)

کەم کەس هێندەی عەلی بچکۆل بۆ کورد ماندوو بووە، تەنانەت سەروەختی ئەنفالیش لە چەمی ڕێزان مایەوە، کەچی هەر کە ڕەخنەیەکی دۆستانەی لە یەک گرت، بە پەلەپرووزێ بۆ پاکستان هەڵنەهاتبا، نەوشیروان مستەفا دەیدا بە دادگای شۆڕش و بە سزای ڕەوای گەلی دەگەیاند!(١٠)

شەوکەتی حاجی موشیر کە سەروەختی ئازادکردن، تاڵانکردن و ژاربارانکردنی هەڵەبجە فەرماندەی هێزەکانی یەک بوو لەو شارە شەهیدکراوە، دەڵێت: (کە هەستمان کرد، بۆنێک دێت، لە بۆنی سیر دەچێت، خێرا هانامان بۆ پۆشاک و ماسکی دژی چەکی کیمیایی کە پێمان بوون، برد.)(١١) کەچی کە خێزانی تۆفیقی کارەبای هەژاری بێ ماسک و بێ پۆشاکی دژەکیمیایی ١٩٩٨/٣/١٥ هەڵەبجە جێ دەهێڵێن و دەگەنە گوندی عەبابەیلێ، چەکدارەکانی شەوکەت بە زۆر بۆ هەڵەبجەیان دەگەڕێننەوە و بۆ سبەینێ گڕەی چەکی کیمیایی گەڵای ژیانی هەموو ئەندامانی خێزانەکە هەڵدەوەرێنێت.

وەک باوە هەمیشە خەڵکی شار لە ترسی جەوری ڕژێم هانایان بۆ گوند بردووە، وەلێ لە سەروەختی ئەنفالدا خەڵکی گوند هانایان بۆ شار دەبرد. ئەو گوندنشینەی شاری گڕ دابا، لە ئەنفال قوتاری دەبوو، ئاخر ئەنفال تایبەت بوو بە قەلاچۆکردنی گوندنشینەکان. خەڵکی ناوچەکە نابێت گوندەکانیان چۆڵ بکەن. ئەوە بانگەوازی سەروەختی ئەنفالی سەرکردایەتی یەک بوو. کە خەڵکی دەڤەری ژێر دەسەلاتی تیپی ٢٣ی سووورداش دەیانەوێت ناوچەکە چۆڵ بکەن و ڕوو بکەنە شار، پێشمەرگە بواریان نادات و پێیان دەڵێت: (بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی نابێت ناوچە ئازادکراوەکان بە جێ بهێڵن.)(١٢) ئەمە قسەی من نییە، قسەی سابیر کۆکەییە کە سەروەختی ئەنفال فەرماندەی کەرتی چواری تیپی بیست و سێی سووورداش بووە. کە خەڵکی شاری هەڵەبجە لە ترسی کیمیایی بەرەو لادێ هەڵدێن، یەک ڕێیان لێ دەگرێت، کە خەڵکی گوند لە ترسی ئەنفال بەرەو شار هەڵدێن یەک ڕێیان لێ دەگرێت!

هەر کتێبێک بخوێنمەوە، تێیدا بۆ دەربڕینی شاعیرانە و وێنەی شیعری دەگەڕێم. سابیر کۆکەیی کە باسی کۆکوژییەکەی چەرمەگا دەکات، دەڵێت: گوللە بەر گوللە دەکەوت.(١٣) سەروەختی هێرشی یەک بۆ پشتئاشان، پێشمەرگەیەک کە ناوی

بەدرخان دەبێت، تۆپێکی بەردەکەوێت و لەتوپەت دەبێت. سابیر دەنووسێت: دڵی بەدرخان بە پەلی دارەکەوە هەر لێی دەدا .(١٤)

2002. 05. 05

(١) موکری، هارون ئەلڕەشید، شانۆنامە، چاپخانەی داناز ٢٠٠١ سلێمانی.

(٢) سابیر کۆکەیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، بەشی یەکەم ل ٢٧٨ لەندەن ٢٠٠١

(٣) هەمان سەرچاوە ل٦٠ شیاوی گوتنە بەعس کوێخا و موختارەکانی کڕیبوو. کوێخا جاسووسی ڕژێم بوو لە گوند، موختاریش ماڵی تێکۆشەرانی شاری نیشانی ئاسایش دەدا .

(٤) سەرچاوەی پێشوو ل ٤٥

(٥) سەرچاوەی پ ل ٥٢

(٦) س. پ ل ١٢٣

(٧) س پ ل ٢٣٢

(٨) س پ ل ٢٥٥

(٩) س پ ل ٢٧٠

(١٠) س پ ل ٣٥٥

(١١) شوكت الحاج مشير، كارثە قصف حلبجە، ت: چیا قرداغی، مجلە پەیڤین العربی عدد ٨ ص ٨٥ السليمانيە ٢٠٠١

(١٢) سەرچاوەی دووەم ل ٢٧٩

(١٣) سەرچاوەی پ ل ٢٦٧

(١٤) س پ ل ١٤٤

## ینک گەشەی کردووە

ئاوات ئەحمەد لە گوتارێکدا بە ناونیشانی (پۆلیسە گوناحەکانی ولاتەکەم)(١) ڕەوتاری دزێوی پۆلیسەکانی کوردستانی داوەتە بەر ڕووناکی، فەرەیدوون عەبدولقادر کە وەزیری ناوخۆی قەڵەمڕەوی ینکە، لەبری ئەوەی شەبەقیی مەفرەزەیەک بنێرێتە سەری و بە شەق لە ژێرزەمینێکی ئاسایشی توند بکات و لەوێ وای تەمێ بکات، ئیدی تا دەستی قەڵەم بگرێت، زات نەکات، لە گوڵ کاڵتر بە پۆلیسی سلێمانی بڵێت، هاتووە شارستانییانە ڕەوتاری کردووە و بە گوتارێکی هێمن کە ناوی ناوە، (پۆلیسی گوناح یان نووسەری خراپ)(٢) وەڵامی داوەتەوە.

لە کاتێکدا ئەم سنگفراوانییەی فەرەیدوون عەبدولقادر بەرز دەنرخێنم و خەو بەوەوە دەبینم دەسەلاتدارانی کوردستان بە هەمان مێتۆد بە گژ ڕەخنەی نەیارانیاندا بچنەوە و وەلامی وشە هەر بە وشە بدەنەوە، نەک بە شەق یان بە گولله، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش ڕادەکێشم کە ساڵی ١٩٩٥ لە شەقلاوە، چەکدارانی ینک (حسێن خۆشناو)*یان گرت و هێندەیان ئەشکەنجە دا، سەقەتیان کرد، هەر بۆیە لە ئوستراليا لە سۆنگەی ئەوەوە کە لە ئەنجامی ئەو لێدانەوە دەستێکی لە کار کەوتبوو، وەک کەمئەندامێک خانەنشین کرا.

شەقوەشێنانی ینک بە حسێن خۆشناویان گوتبوو: (هەر کەسێک بیر بکاتەوە، نابێت دەم بکاتەوە، کە دەمیشی کردەوە، نابێ دژی بەرەژەوەندیی ئێمە قسە بکات.) هەنووکەش مۆتەکەی ئەو ترسەی حەوت ساڵ بەری ئێستا ینک خستییە دڵی ناوبراوەوە، شەوان چۆک لەسەر سنگی دادەدات. بەراوردێک لە نێوان دیمەنی حسێن خۆشناوی بە دەستی ینک ئەشکەنجەدراو و نووسینەکەی فەرەیدوون عەبدولقادردا بکەن، بزانن ئێوەش من ئاسا، ناگەنە ئەو سەرئەنجامەی کە ینک گەشەی کردووە.

2002. 07. 11

(١) ل (٧)ی ژ (٨٠)ی هەفتەنامەی هاولاتی.  (٢) ل (٢)ی کوردستانی نوێی ٢٠٠٢/٧/٩

* له (١٩٩٧)ەوە لە ئوستراليا بلاوكراوەی (كورد) دەر دەكات.

## فيل و تەقلە

کە ئیسلامییە توندڕۆکان هەوڵی تیرۆرکردنی بەرهەم ساڵحیان دا، جەلال تاڵەبانی بە جۆرێک شلـەژا، گوتی: ینک فیل بە تەقلە لێ دەدات. من لە نێو یەکێتیدا ژیاوم، ئەوسا ئەوانەی دەیانگوت: یەکێتی تەقلە بە فیل لێ دەدات، چەکدارانی ئاستنزمی سەر بەو لایەنە بوون؛ هەرگیز لە خوێندەوارێکی نێو یەکێتیم نەژنەوتووە، هانا بۆ ئەو گوتەیە ببات. هەنووکە ینک هێندە خراپ لێی قەوماوە، تەنانەت سکرتێرەکەشی نەک هەر دەست بە داوێنی ئەو دەربڕینە بازاڕییەوە دەگرێت، بەڵکوو دەمیشی تەتەڵە دەکات و یەکێتی لە بری ئەوەی تەقلە بە فیل لێ بدات، فیل بە تەقلە لێ دەدات!

کارمەندانی کوردسات دەیانتوانی پێش ئەوەی قسەکانی جەلال تاڵەبانی لێ بدەن، ئەو هەڵەیەی بۆ پینە بکەن و ڕێ نەدەن سکرتێرەکەیان ببێتە کەرەسەی تەنز. ئەگەر لە سۆنگەی ئەو هەڵە کوشندەیەوە هێشتا کەس نانبڕاو، یان وەک لە نێو یەکێتیدا باوە، ترۆ نەکراوە، ئەوا هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان باسی نادیموکراتیبوونی (ینک)یان کردووە، با بە توندی ڕەخنە لە خۆیان بگرن.

من دژی تیرۆرم بە هەموو شێوەکانییەوە و هەر لایەنێک پێی هەڵبسێت. تەقاندنەوەی تی ئێن تی لە باخێکی گشتیدا، ئەو پەڕی دڕندایەتی و ترسنۆکییە؛ وەلێ تیرۆرکردنی یەکێک لە هەرە دەستڕۆیشتووەکانی نێو حیزبی دەسەڵاتدار، لە نێوجەرگەی هەولێردا، تەنیا ڕەوتارێکی دڕندانەیە، ترسنۆکانە نییە. هەوڵی سەرنەکەوتووی تیرۆرکردنی بەرهەم ساڵحی سەرەکوەزیرانی کانتۆنی بن دەستی (ینک)یش کارێکی نامرۆڤانەیە، وەلێ ترسنۆکانە نییە. ئەوە ینک بوو لە ئەنجامی ئەو هەوڵەوە بە جۆرێک زەندەقی چوو، تەنانەت سکرتێرە قسەڕەوانە

زارپاراوەکەشی، زمانی تەتەڵەی کرد.

2002. 07. 24

## پاژنەی ئاخیلی ینک

کە کوردێک، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام لایەن، یان پارچەی کوردستانە کارێکی چاک دەکات، سەری هەموو کورد بڵند دەکاتەوە. کە کوردێک کچەکەی خۆی دەکوژێت، ئەوە دەبێتە پەڵەیەک بە تەوێڵی هەر یەکێکمانەوە، ئیدی با هەزار ناکۆکیشمان لەگەڵ ئەو ژنکوژەدا هەبێت. کە تاڵەبانی بە بەر چاو و لە نزیک گوێی هەموو میدیاکانی دنیاوە ئەمرۆ قسەیە فڕێ دەدات و سبەی لێی پاشگەز دەبێتەوە، کورد بە گشتی شەرم دای دەگرێت، ئاخر دنیا ئەو وەک سەرکردەیەکی کورد دەناسێت، با ئێمە هەرگیز ئەو گوڵەشمان لە بەرۆکی نەدابێت.

(ئێمە بە گەرمی پێشوازی لە ئەمریکا دەکەین و ئەگەر یارمەتیمان بدات، بەو سەدهەزار پێشمەرگەیەی هەمانە عێراق ڕزگار دەکەین.) ئەوە کەسێک نییە لەو سەرکردەیە بپرسێت: ئەگەر تۆ خاوەنی سەدهەزار چەکداری گیان لەسەر دەستیت، سەرەتا بۆچی ناچی (ب)یارە ڕزگار بکەیت، ئەوسا بیر لە ئازادکردنی (ب)ەغداد و (ب)ەسرە بکەیەوە؟ ئەوە کەسێک نییە بەو ڕێبەرە بڵێت: ئەگەر ئەمریکا بە تەنیا، یان بە هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عێراقی بەعس برووخێنێت، ئەوا کورد بێ ئەوەی بووبێت بە کەواسووری بەر هیچ لەشکرێک، دەتوانێت دەست بە سەر تەواوی کوردستاندا بگرێت؟

پاژنەی ئاخیلی ینک، خودی سکرتێرەکەیەتی، ئاخر ڕابردوویەکی زۆر تەڵخی هەیە، کە دەکرێت لە دوو وشەدا چڕ بکرێتەوە: بێگانەپەرستی و براکوژی. کورد لە ئەنجامی سیاسەتی هەمیشە هەڵەی ئەوەوە، گەلێک جار تووشی کارەسات هاتووە، کەچی پەندێکی لە تێکشکانە زۆر و زەبەندەکانییەوە وەرنەگرتووە و دیسانەوە بە ورووژاندنی بەعس گەرەکییە گەلەکەمان دووچاری ژاربارانێک،

ئەنفالێک یان کـۆڕەوێکی دیکە بکاتەوە. کـوێت و سـعـوودیە گـەرچی دوژمنی ڕاسـتـەقـینەی بەعـسن و زۆر لـە کـوردیش بەهێـزترن، وەلێ بە تـەرازووی زێڕ گوتەکانیان دەکێشن و هیچیان بەعسی بریندار لە خۆیان ناوروژێنن.
تاڵەبانی کـە لەسـەر خـواسـتـی عـێـراق شـەڕی پدک و لـەسـەر داوای ئێـران و سـووریا شـەڕی ڕژێمی عێراق و لەبەر دڵی تورکیاش شـەڕی پەکـەکەی کردووە، هەمیشە ئەو وڵاتە (بچووکانە) ڕۆڵی مەقاشیان پێ سپاردووە، ئیدی کەی ڕێی تێ دەچێت، تاقە زلهێزەکەی دنیا، لە گەمەیەکی گەورەدا ڕۆڵی یاریچی پێ ڕەوا ببینێت؟
ئەمـریکا لە پێناوی بەرژەوەندیی خـۆیدا تفی کـردە ئەو گـۆلی خـوێنەوە کـە لە شۆڕشی ئەیلوولدا لەبەر کورد ڕۆیشت و تەنانەت کە بەعس کوردستانی خاپوور و کـوردی ئەنفـال و ژارباران کـرد، نەک هـەر چاوپۆشی لەو جـینۆسـایدانە کـرد، بەڵکوو لە جـەنگی نێـوان عێراق و ئێـراندا، لایەنی عێـراقی گرت و سـەروەختی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش لە نێـوان ڕاپەڕیوان و بـەعسدا، سـەنگەری بەعـسی هەڵبـژارد، ئیـدی مـتـمـانەی کـوێرانـەی جەلال تـاڵەبانی بە ئـەمریکا، لە چییـەوە سەرچاوە دەگرێت؟
کە ینک بانگەشـەی ئەوە دەکا پشـتـیوانانی ئیسـلام سـەر بە قـاعیدەن و ماددەی (ریسین)شـیـان تاقی کردووەتەوە، ئەوە هـاوزەمـان داوەتکردنی لەشکری عێراق و ئەمریکایە بۆ هەورامان. عێراق بۆ ئەوەی بـە پێشکەشکردنی سـەری مەلا کرێکار دڵی ئەمـریکا نەرم بکات، (ئاخر ‹ئەبونیزال›یشـی بە هـەمـان مـەبەست کـوشت،) ئەمریکاش بە بیـانووی بنەبڕکردنی تیرۆرەوە. ئایا ئەم سـیاسـەتە چـەوتەی ینک ڕێی تـێ ناچێت کـۆڕەوێکی لێ بکـەوێتـەوە؟ ڕژێمی عـێـراق لـەوپەڕی لاوازیشـدا دەتوانێت زەبرێکی کـوشندە لە کـورد بدات، ینک سـەرقـاڵی ئەوەیە بیـانووی زەبروەشاندنێکی دیکەی بداتە دەست.
ینک بەرامبەر لایەنە کوردییەکان ڕەقە وەک بەرد، لێ بەرامبەر بێگانە و داگیرکەر نەرمـە وەک لۆکە. کە چەخـمـاخ ئۆغـڵو(١) گوتی: (باکـووری عێراق بەشـێکە لە تورکـیـا،) بـەهرۆز گـەلاڵی(٢) لایەنی بن چەخـمـاخی(٣) گـرت و کـەوتە پەسـندانی پێـوەندیی گـەرمی نێـوان ینک و تـورکـیـا.(٤) هەڵوێسـتـی نـەرم و نیـان و نانیشتمانییانەی یەکێتیی نیشتمانی لە بەرامبەر تۆرانییەکانی کوردستان و ڕژێمی تورکیادا، یەکێکە لەو هۆکارانە کە تورکیا هان دەدات، بەردەوام دەست

بخاته كاروباری كوردستانەوە.

2002. 08. 28

(١) وەزیری جەنگی توركیا. (٢) نوێنەری ینک لە ئەنكارە. (٣) بن، بە مانای ئۆغڵو دێت. لەسەر شێوەی بن لادن دامرشتووە. (٤) برایەتی ٢٠٠٢/٨/٢٥ ل یەک.

## ناكۆكی سەرەكی

سەرەتای سالآنی هەشتا كە لەشكری ئێران بە ناوی پاكسازییەوە مافووری لەژێر پێی دیموكرات ڕادەكێشا و لە باشووری كوردستان نزیک دەبووەوە، ینک بە هێزێكی گرنگ شانبەشانی حدكا شەڕی ئێرانی دەكرد و دەیویست سنوورێک بۆ بەرەو پێشەوە هاتنی ئێران دابنێت. ئەو هەڵوێستەی ینک نە لە كوردستانیبوونییەوە بوو، نە بە مەبەستی ڕاكشێانی سۆزی ڕژێمی عێراق بوو، (ئاخر شەڕ لە نێوان ئێران و عێراقیشدا گەرم بوو،) بەڵكوو دەیزانی هاتنەپێشەوەی ئێران، هاتنەوەی پدكی بە دوادا دێت، بۆیە هەوڵی ینک بۆ ئەوە بوو، پدک نەگەڕێتەوە. هەر بۆ هەمان مەبەست، كە ئێران لە گمۆ نزیک بووەوە، ینک لێ گەڕا لەشكری عێراق بە ناوچە ئازادكراوەكاندا جادە بەرەو گمۆ لێ بدات، تا پێش بە ئێران بگرێت؛ ئاخر ئەوەی پێ باشتر بوو، شارباژێڕی ئازادكراو بكەوێتەوە بن پۆستاڵی ڕژێم، نەک ژێر دەستی پدک.

هەنووكە كە توركیا هەڕەشەی داگیركردنی موسڵ و كەركووک دەكات و (ینک)یش نەک هەر ڕستەیەک لە دژی ئەو هەڕەشەیە ناڵێت، بەڵكوو سەرقاڵی چەواشەكردنی كوردە و بانگەشە بۆ ئەوە دەكات كە كوردی مارانگەستە، ترسی ژاری توركیای نەبێت، لە سۆنگەی ئەوەوەیە، ینک وای پێ باشترە، نەک هەر موسڵ و كەركووک، بادینان و هەولێریش بكەونە ژێر چەكمەی لەشكری گورگەبۆرەوە و لە ژێر دەستی (پدک)دا نەبن، ئاخر ناكۆكی سەرەكی ینک، لەگەڵ (پدک)دایە، نەک لەتەک توركیا، یان عێراق.

(ینک)ێک بۆ لاوازکـردنی پدک، ئامـاده بێت، دەست بـخـاتـه نێـو دەسـتـی بەرەی تورکـمـانه شـۆڤێنیـسـتـەکانەوە، ئیدی چۆن خـەو بەو ڕۆژەوە نابینێت، لەشکری تورکیـا لە ناوچەکانی (پدک)ەوە بەرەو کەرکووک بە ڕێ بکەوێت؟ ئەدی لە بیـرتان چوو، جـەلال تاڵەبانی بە مەبەسـتی لاوازکردنی دەسەڵاتی بارزانی، سـاڵانی ٦٦ تا ٧٠ی سـەدەی پێشـوو، کوتـەکی دەسـتی لەشکری عێـراق بوو؟ لە بیـرتان چوو، بۆ ئەوەی لە شەڕیان لەگەڵ (پدک)دا، ئێران پشتیان تێ نەکات، چەکدارانی ینک، بۆ لێـدانی دیموکـرات، ٣٠ی تەمموزی ١٩٩٦، لە باشـمـاخـەوە تا کـۆیـە، کـە ٢٠٠ کیلۆمەتر دەبێت، پێش پاسداران کەوتن؟ بۆ هەڤاڵ مـام جەلال، ناوی خۆی لە بیر بچێتەوە، گوڵە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی لە بیر دەچێتەوە؟

کە جـەلال تاڵەبانـی ئەمڕۆ شـتێک دەبێـژێت و سـبـەی بە شـتێکی دیکەی لێک دەداتەوە، با ئەوە جێی سـەرسووڕمانی کەس نەبێت، ئاخر ئەو تەنانەت لە ناونانی کـوڕەکەشـیـدا هەمـان ڕێسـای ڕەچاو کـردووە. کە چەپەکـان لێی دەپرسن، بافڵ چییـە، دەڵێ: قـارەمـانی ڕۆمـانی (دایک)ی مـەکسـیم گۆرگییـە. کە نەتەوەییـەکان دەپرسـن، بافڵ، مـانـای چی؟ دەبێـژێت: تاڤگەیەکـە لـە چەمی ڕێزان، هەر بـۆیە هەڤاڵانی بەعسی سوریا، بە ئەبوشەللال* بانگی دەکەن.

2002. 09. 03

* شەللال: بافڵ، ئاوهەڵدێر، سۆلاڤ، تاڤگە.

زەنگۆڵ زەنگۆڵ

لەم دوو سێ ڕۆژەی ڕابردوودا جەلال تاڵەبانی بە ماسمیدیای تورکیای گوت:
(* دەوڵەتی تورکیا دەتوانێت بە دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی کێشەی کادیک ‹پەکەکە› چارەسەر بکات.*
* ئەگەر لەشکری تورک تەشریف بۆ کوردستانی عێراق بهێنێت، کورد بە گوڵباران پێشوازیی لێ دەکات.
* کەرکووک شارێکی کوردی نییە.)
لە قووڵایی دڵمەوە، هاوبەشی خەمی ئەو ئەندام و لایەنگرانەی ‹ینک›م کە بە بیستنی ئەو قسانە، زەنگۆڵ زەنگۆڵ عارەقەی شەرمەزاری دەر دەدەن.

2002. 09. 05

* مەبەستی کێشەی کورد بوو لە باکووری کوردستان.

## پاسمەرگە

لە وەڵامی ‹ڕەحیم سەفەوی›دا کە گوتبووی: جەلال تاڵەبانی، دەیەوێت، ئەمریکا بهێنێتە ناوچەکە، وتەبێژێک بە ناوی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە گوتی: (مێژووی پەیوەندیی نێوان ینک و پاسداران زۆر لەوە گەورەترە کە ‹ڕەحیم سەفەوی› ئاڵۆزی بکا.)(١)

ڕاستە ینک دۆستێکی دێرین و دڵسۆزی پاسدارانە و تەنانەت لە ١٠ی ئوکتۆبەری ١٩٨٦دا ‹فەتحی یەک› پاسدارانی گەیاندە سەر بیرە نەوتەکانی زەنبوور و ئەنفالی بە دوادا هات، لێ ئاخۆ دەشێت ینک لە خودی فەرماندەی سوپای پاسداران، دڵسۆزتر بێت بۆ سوپای پاسداران؟ ئاخر ڕەحیم سەفەوی فەرماندەی سوپای پاسدارانە! لە دۆخێکی ئاوادا، هانا بۆ گوتەی: (لە شا، شاپەرستترە،) دەبەین، وەلێ ینک لەوەشی تێپەڕاندووە.

خەڵکی کوردستان، پاسداران دەناسن، من تەنیا وەبیر سەرکردایەتیی (ینک)ی دەهێنمەوە، کە ئەوە پاسداران بوون، بیست و دوو ساڵ بەر لە ئێستا فەتواکەی ‹خومەینی›یان بۆ قەلاچۆکردنی کورد جێبەجێ کرد و (لەژێر ئەم ئاسمانە بەرینەدا هیچ خزمەتێکیان لە کوشتنی کورد بە پیرۆزتر نەدەزانی.)(٢) شیاوی گوتنە ینک کە هەنووکە شانازی بە دۆستایەتی پتەوی نێوان خۆی و لەشکری پاسدارانەوە دەکات، ئەو سەروەختە ناتۆرەی (پاسدار موەقەتە)ی دوای پێمیمی پدک خستبوو.

2002. 09. 06

(١) لێدوانی وتەبێژێکی ینک، کوردستانی نوێی ٢٠٠٢/٩/٥ ل١

(٢) ڕاگەیاندنی شەڕێکی هەموو لایەنە لە دژی کورد، خالید محەمەدزادە، کوردستان، ئۆرگانی حدکا، ژمارە: ٣٤٧
* پاسمەرگە: پاسدار + پێشمەرگە.

## جوولەکەی مایەپووچ

جێی داخ و حەسرەتە ماوەیەکە تاڵەبانی قسەی سەیر ناکات، تا لێی بێمە وەڵام، بەڵام چونکە بێ ڕەخنە لەو گرتن هەڵناکەم، ناچار وەک چۆن جوولەکە کە مایەپووچ دەبێت، بە دەفتەرە کۆنەکانیدا دەچێتەوە، منیش بە قسە کۆنەکانی ویدا دەچمەوە.

من گەرچی لایەنگری ئاشتیم لێ بە ڕێککەوتنەکەی ٨ی سێپتێمبەری ٢٠٠٢ فریوم نەخوارد، ئاخر خودی جەلال تاڵەبانی لە کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵاتی (ینک)دا کە ١٩٩٤ لە بەرلین ساز کرا، دەبێژێت: (حەوت ڕێکەوتننامە لە نێوان ئێمە و پارتیدا هەیە، کەچی هەمیشە ناکۆکین و پێکەوە ئیشمان ناڕوا.)

حەوت ڕێکەوتننامەکە ئەمانە بوون:

(١) پەیمانی دووقۆڵی نێوان تاڵەبانی و بارزانی.
(٢) پەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی.
(٣) ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی.
(٤) بەرەی کوردستانی.
(٥) پەرلەمانی هاوبەش.
(٦) حوکوومەتی هاوبەش.
(٧) INC

وەک دەزانن لە سەروەختێکدا کە ینک و پدک لەو حەوت بوارەدا هاوپەیمان و هاوکاری یەکدی بوون، کەچی لەناکاو شەڕی نێوانیان کڵپەی سەند و هەموو

کوردستانی ئازادی گرتەوە.
لە هەمان کۆبوونەوەدا مام جەلال دەڵێت: (دەزگایەکی گرنگمان بە ناوی مەکتەبی هۆشیاری و زانیارییەوە دامەزراندووە، ئەرکی ئەوەیە بیروباوەڕ و پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی بە نێو ئەندامانی ینکدا بڵاو بکاتەوە،) تا ورەیان بڵندتر بێت.
جێی سەرنجە و مایەی قۆشمە، بەرپرسی ئەو دەزگایە کە مەحموود خدر (یان وەک خۆی پێی خۆشە، مامۆستا گۆران) بوو، نەک هەر ورەی ئەندامانی یەکێتیی پێ بڵندتر نەکرایەوە، بەڵکوو خودی خۆی رووخا و سەری کزی لە باوەشی (پدک)دا گیرسایەوە. ناوبراو ساڵێک زێترە، لە سەرەدا، بەو هیوایەی پدک ئیشێکی پێ بسپێرێت، وەستاوە، لێ پارتی چونکە کەروێشک بە کیسەڵ دەگرێت، هێشتا ئاورێکی بەخێری لێ نەداوەتەوە. شیاوی گوتنە مام جەلالی دلۆڤان بە کونفەیەکوونێک ئەو مامۆستا گۆرانەی کە یەکێک بوو لە شیوعییە کوردستانییەکان، کردبوو بە ئەندامی سەرکردایەتی ینک و گەلێک ئومێدی گەورە گەورەشی پێی هەبوو!

2002. 09. 28

## پەڕی باڵی جەلالی

کە لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوودا، پدک دووکەرت بوو، ئەوە خەڵکی کورد بوو، ئەو دوو باڵەی ناو نا: مەلایی و جەلالی. ئەوسا گەر بە لایەنگرێکی باڵەکەی مەلا مستەفات گوتبا: مەلایی، بە لایەوە ئاسایی دەبوو، ئێستاش گەر بە پارتییەک بڵێیت: مەلایی، نەک هەر زیز نابێت، بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکات، کە سەر بە ڕێبازی بارزانی بێت. بە پێچەوانەوەی ئەمەشەوە، ئەوسا گەر بە لایەنگرێکی باڵەکەی جەلال تاڵەبانیت گوتبا: جەلالی، بە سووکایەتی پێکردنی تێدەگەییشت، هەنووکەش گەر بە یەکێتییەک بڵێیت: جەلالی، دەستی بڕوات، زمانت لە بنەوە دەردەهێنێت، ئەگەرچی سوور دەشزانێت:

* ئەوە خودی جەلال تاڵەبانی بوو، ساڵی ١٩٧٥ لە شام، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند.

* ینک هەر پەڕی باڵی جەلالییە.

* ئەوە چل ساڵە جەلال تاڵەبانی تاکە بەرپرسی ئەو باڵەی بزووتنەوەی (کوردایەتییە!)

ئەگەر بە کەسێک، فیکری (مارکس)ی بە لاوە پەسەند بێت، بڵێیت: مارکسی، زویر نابێت.

ئەگەر بە هەڵگرێکی بیروڕاکانی ماو، بڵێیت: ماوی، تووڕە نابێت.

ئەگەر بە کەسێک بە گیڤارا سەرسام بێت، بڵێیت: گیڤاریست، پەست نابێت.

ئەگەر بە نەتەوەییەکی عەرەب بڵێیت: ناسری، زیز نابێت.

ئەگەر بە هەوادارێکی کادەک بڵێیت: ئاپۆیی، سەغڵەت نابێت.
ئەگەر بە کۆمۆنیستێکی کرێکاری بڵێیت: مەنسوور حیکمەتی، پێی ناخۆش نابێت.

کەچی بە هەر کەسێک لەوانەی تاڵەبانی بە ڕێبەری تاقانە و سەرکردەی دامەزرێنەر و پێشەوای خەباتگێڕ و سکرتێری لێهاتوو دەزانن، بڵێیت: جەلالی، قوشقی دەبێت! ئەگەر جەلالیبوون، شەرمە، ئەندامانی ینک، نەدەبوو تاڵەبانییان بە سەرکردەی خۆیان قبووڵ کردبا. دەساڵ بەسەر هەڵگیرساندنی (شۆڕشی نوێ)دا تێپەڕی کردبوو، کەچی هێشتا کادیرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، (کە باڵێک بوو، لەناو یەکێتیدا،) پێیان شەرم بوو، کار بۆ ینک بکەن، چونکە نەیاندەخواست، بە جەلالی نێوزەد بکرێن.

پاییزی ١٩٨٣ کە وتووێژ کەوتە نێوان ینک و بەعسەوە، ڕەفعەتی مەلای کۆنەجەلالی، وەک نوێنەری ینک لە سلێمانی، بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ بەعسدا دەستنیشان کرا. ئەو سەروەختە، کادرێکی کۆمەڵە گوتی: بریا نوێنەرانی ینک، دەموچاوی تازە دەبوون، تا خەڵکی وا تێنەگەن، یەکێتی هەر درێژەپێدانی جەلالییە. منیش گوتم: (موسڵمانان بە عیسا دەڵێن: حەزرەتی مەسیح، کەچی بە مەسیحی (کریستیان) دەڵێن: کافر.) مەبەستم ڕوون بوو: دەمویست بڵێم: مادام جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتییە، ئیدی ئەندامانی ینک پێیان خۆش بێت، یان نا، هەموویان هەر جەلالین. کە بەوە قایل بن تاڵەبانی سەرۆکیان بێت، ئیدی ئەوە کەی جێی گلەییە، کۆنەجەلالییەک لە فلان شار یان فیسار کۆمیتە نوێنەریان بێت؟

ئەگەر جەلال تاڵەبانی خوا نەخواستە کەسێکی ناپاکە و لەسەر خواستی داگیرکەرانی کورد، ئاگری شەڕی ناوخۆی خۆش دەکرد، ئەوا نابێت قایل بین، دەمڕاست و ڕێبەرمان بێت؛ ئەگەر پیاوێکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ و دڵسۆز و لێزانە و هەر بۆیەش بە سکرتێر هەڵمانبژاردووە، ئەوا دەبێت شەرم نا، شانازیی بە جەلالیبوونی خۆمانەوە بکەین.

2003. 08. 24

پەیڤێک
بۆ
تاڵەبانی

سێ ساڵ بەر لە ئێستا، دروست لە ١٧ی ئوکتۆبەری ١٩٩٩ دا، تێکۆشەر و نووسەری پێشکەوتنخواز (فەرهاد فەرەج) تیرۆر کرا. دوو مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا گوزەری نەکردبوو، دروست لە ١٥ی دیسەمبەری ١٩٩٩ دا، لە سلێمانی، لە فێستیڤاڵی چوارەمی ئەدەبیی (گەلاوێژ)دا، گوتتان: (ئێمە تیرۆریستان دەناسین و دەیانگرین و دەیاندەینە دادگا.)
بە داخەوە سێ ساڵ بەسەر تێرۆرکردنی فەرهاد فەرەجدا تێپەڕیوە و بەڵێنەکەی خۆتان جێبەجێ نەکردووە. نازانم بایەخ بە قسەی خۆتان نادەن، یان خوازیارن وەک خوداوەندی پەیمانشکاندن بناسرێن؟
گەرچی هیچ بەڵگەم بە دەستەوە نییە، وەلێ فایلی ڕەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بوارەکانی تیرۆر و لە پشتەوە خەنجەر لێدان و داڵدەدانی بکوژاندا، هانم دەدات بیرم بۆ ئەوە بچێت، ڕشتنی خوێنی ئەو ڕێبوارەی ڕێگای یەکسانی، بە ئاگاداری خۆتان بووبێت.
هیوادارم بە ناخی قوڕی هەڵەدا چووبێتم و ئێوە وەک بەرپرسی یەکەمی پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی هەرێمی بندەستی خۆتان، چی زووترە بکوژی فەرهاد فەرەج دەستنیشان بکەن و وەک سۆزتان دابوو، بە سزای ڕەوای خۆی بگەیەنن.

2002. 10. 17

## هاوڵاتی هاووڵاتییان فریو دەدات

من چونکە ڕێزی قەڵەمی خۆم دەگرم و هەوڵ دەدەم خوێنەرانم نائومێد نەکەم، بۆیە نە هانا بۆ دێوجامەی درۆ دەبەم، نە فریودانی کەسم مەبەستە و نە بیر لە قازانجی خۆم دەکەمەوە. زۆرن ئەوانەی بە باڵای (هاوڵاتی)دا هەڵدەدەن، باسی لایەنە گەشە زۆروزەبەندەکانی! ئەو هەفتەنامەیە بۆ وان جێ دەهێڵم و ئەز وەک ڕەخنەگرێکی ڕووخێنەر کە هەمیشە بیر لە ڕۆنانی شتی باشتر دەکاتەوە، یەکسەر دێمە سەر بەسەرکردنەوەی لایەنە ڕەشەکانی.

* یەکێک لە ئیشەکانی حیزب لای ئێمە ئەوەیە، خۆی لە کاری کەسان و لایەن و گرووپی دیکە هەڵبقورتێنێت. حیزب خوازیارە هەرچی دەزگا و کۆڕ و کۆمەڵە هەیە کۆنترۆڵیان بکات و بەو ئاقارەیاندا ببات کە خزمەت بە خواستەکانی بکەن. هەرگیز جێی بڕوا نییە، ینک هەوڵی جڵەوکردنی هاوڵاتی کە لە بندەستی خۆیدا دەردەچێت، نەدابێت.

* بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە ڕێی کەسانی جێی متمانەوە بە دەستم گەییشتوون، پێ دەچێت یەکێک لە ستافی هاوڵاتی سەر بە دەزگای زانیاریی ینک بێت. بۆ ئەوانەی زانیارییان لە بارەی ئەو دەزگایەوە کەمە، دەڵێم: دەزگایەکە لە بابەتی ئاسایشی بەعس.

* عێراق و تاوانی جینۆساید کە جەمال میرزا عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردبووی بە کوردی و گۆڤاری هاڤیبوون ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوی کردبووەوە، کوردستانی نوێ لە ئەپریلی ٢٠٠١ دا، بێ پرسی هاڤیبوون و بێ ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکەی،

بەشێکی گرنگی ئەو کتێبەی بە زنجیرە بڵاو کردەوە. کە دەستەی نووسەرانی هاڤیبوون بە نووسراوێک مەحموودی مەلا عیززەتی لەو کارە نابەجێیە ئاگادار کردەوەوە، سەرنووسەر نە نامەکەی هاڤیبوونی بڵاو کردەوە، نە داوای لێ بووردنی کرد. منیش مانگێک دواتر، دروست لە ٢٠٠١/٥/٨دا هاتم ئەو ڕاستییانەم لە وتارێکدا بە ناونیشانی (ئەنفالتان لە یاد بێت،) نووسی و بۆ هاوڵاتیم نارد. هاوڵاتی نەک هەر نووسینەکەمی بڵاو نەکردەوە، بەڵکوو خێرا گەیاندییە سەرنووسەری ئەوسای کوردستانی نوێ، ئەویش یەکسەر بە فاکسێک داوای لێبووردنی لە هاڤیبوون کرد.

* خودی خۆم لە ڕێی کوردساتی سەر بە (ینک)ەوە، دوو جار خودی سەرنووسەری هاوڵاتیم لە کن جەلال تاڵەبانی بینیوە و تەنانەت کوردسات ڕیپورتاژێکی تێروتەسەل و دوورودرێژی سەبارەت بە هاوڵاتی بڵاو کردەوە. من وەک ینکناسێک، هەرگیز بڕوا ناکەم، ئەو لایەنە بێ مەبەست و هەر لە ڕێی خوادا، یەک تاڵەتیشک بخاتە سەر هیچ کەس و لایەنێک. هەر کە ڕاگەیاندنی ینک ڕووناکی خستە سەر وریا ڕەواندوزی، هێندەی نەبرد، ناوبراو جارێ لە دایکبوونی حیزبێکی نوێی دا.

* هاوڵاتی لەسەر خواستی ینک هێندەی پێی کرا تیشکی خستە ڕەوتە ئیسلامییە توندڕۆکان. ینک مەبەستی لە گەورە نیشاندانی ئەو ڕەوتە تیرۆریستانە ئەوە بوو:

(١) تا بازرگانییان پێوە بکات و بە هۆی ئەوانەوە کۆمەک لە ئەمریکا وەربگرێت و تەنانەت بە بیانووی قەلاچۆکردنی تیرۆرەوە ئەمریکا بانگهێشتی کوردستان بکات.

(٢) سەرکەوتن بەسەر دوژمنێکی لاوازدا هیچ بایەخێکی نییە، ینک دەیویست بە کۆمەکی هاوڵاتی گەورە نیشانیان بدات، تا کە قەلاچۆی کردن، لە ڕووی بێت بە شانازییەوە باسی ئەو سەرکەوتنەی بکات.

* هاوڵاتی توانایەکی سنووورداری هەیە و هاوکارە ڕاستەقینەکانی لە کوردستان و عێراق و ئەورووپادا، هێندە کەم و کەمتوانان، هەرگیز ئەوە جێی بڕوا نییە کە بڕێک لەو هەواڵە گرنگ و نهێنییانەی بڵاوی دەکاتەوە، زادەی پێوەندیی کارمەندانی هەفتەنامەکە و سەرچاوەکانی ئەو هەواڵانە بێت. ڕێی تێ دەچێت ئەو هەواڵە گرنگانە لە ڕێی دەزگای زانیارییەوە بە هاوڵاتی بگەن و لەسەر خواستی

ئەو دەزگایە بڵاو بکرێنەوە.
* هەمـوو ئەو نووسـەر و ڕۆشنبـیرانـەی لە لیـسـتی ڕەشـی (ینک)دان، هـاوڵاتیش هەمـان هەڵوێسـتی بەرانبـەریان هەیە. ئـەوی ینک غـەزەبی لێ گـرتبـێت، هـاوڵاتیش غەزەبی لێ گرتووە.
* من کـە ڕەخنـەم لە ینک گـرتێبـێت و بۆ هـاوڵاتیم ناردبێت، بـڵاوی نەکـردووەتەوە. کـە ڕەخنـەم لە پارتی گـرتبـێت و بۆ هـاوڵاتیـشم نەناردبێت، بێ ئەوەی پـرسی پێ کردبێتم، لە لاپەڕەی یەکەمیدا بڵاوی کردووەتەوە. هاوڵاتی جار جار ڕەخنە لە ینک دەگرێت و ناوبەناو وای نیشان دەدات کە لەگەڵ ئەو لایەنەشدا کێشـە و ململانێی هەیە، وەلێ ڕاسـتـییـەکـەی مـەبەست لەو سـووکەڕەخنە و شـەڕە سـپـییـانە تـەنیـا فریودانی هـاووڵاتییـانە. هـاوڵاتی تا سـیخێک، نەک سـووژنێک بە (پدک)دا نەکات، دەرزییەک بە (ینک)دا ناکات.
* گوتاری سیـاسیی هـاوڵاتی هەر هەمان گوتاری سیاسیی یەکێتییە. بۆ نموونە: هـاوڵاتی هەر بە هەمان ئەو وشە، زاراوە و دەربڕینانەی کوردستانی نوێ و هەر لە ڕوانگەی یەکێتییەوە مامەڵە لەتەک (پەکەکە، کادەک و پچدک)دا دەکات و هێشتا لای هـاوڵاتیش وەک کوردستـانی نوێ، کادەک هـەر پەکەکەیە.
* هـاوڵاتی لـە ڕێی بە ناڕەوا گـەورە نیـشـاندانی هـەندێک نووسـەرەوە، کـە تـەنیـا توانای کـۆپیکردنەوەی بەری بیـری کـەسـانی دیکەیان بە زمـانێکی لاواز هـەیە، بەشداری لە فریودانی خوێنەرانیدا کردووە.
* ڕۆژنامە و هەفتەنامەی ئەهلی و سەربەخۆ بە ڕێکلام بەڕێوە دەچن و بێ ڕێکلام هەر چەندێکیـان لێ بفرۆشرێت، هەر زیان دەکەن. بۆیە هەرگـیـز جێی بڕوا نییـە هـاوڵاتی بێ ڕێکلام و بێ کۆمەکی ینک (١٠٠) ژمارەی لێ دەرچووبێت.
* بەو هیـوایـەی ئاسـۆس هەردی لاسـایی مــەمی بورهـان قـانـع نـەکـاتەوە و سـەر دانەنەوێنێت و وەک جـەنتڵـمـانێک ئامـادە بێت، باجی هەڵەی یان هەڵوێستی خۆی بدات.

2002. 11. 30

**هاوڵاتی لاسایی بیلد دەکاتەوە**

بیلد کـە ڕۆژنامـەیەکی بەربڵاوی ئـەڵمـانیـایە و بـۆ زیادکردنی ژمـارەی خـوێنەرانی سڵ لە هـانابردنە بەر پـۆخڵـترین ڕێگا ناکاتەوە، سـاڵانـی شـەست بووە نیشـانە بۆ تیـری ڕەخنەی زبری گـونتـەر گراس. بە داخـەوە هـاوڵاتیش بـۆ ئەوەی زۆرتری لێ

بفرۆشرێت  هەمان ئەو شێوازە پیادە دەكات و چەكی بڵاوكردنەوەی درۆ و تۆمەتی ناڕەوا بەخشینەوەی كردووەتە شان. بیلد بە مەبەستی هێرشبردنە سەر كۆمۆنیزم، لە خۆڕا بە ناوی نووسەری جوولەكە (ئارنۆڵد شڤایگ)ەوە گوتبووی: ئەڵمانیای دیموكراتی، دۆزەخی جوولەكەیە و ڕەوشی جوو لە سایەی هیتلەردا باشتر بووە لەو هەلومەرجەی لە سایەی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا تێیدا دەژی. كە شڤایگ ئەو ڕۆژنامەیەی بە درۆ خستەوە، گونتەر گراس گوتی: ئەوی ئێستا  بیلد دەیكات، لە سەردەمی (گۆبڵز)یشدا نەكراوە.*

ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادیی جنێو بەخشینەوە و تۆمەت بۆ خەڵكی هەڵبەستن نییە. ئەوە كارێكی تەواو ئاسایی و شارستانییە، قوربانی هانا بۆ دادگا ببات. ئەوە سەیرە قوربانی هانا بۆ شێوازێكی دیكە ببات. ئەوی سووكایەتی بە كەسانی دیكە بكات، پێویستە سزا بدرێت. خۆ ئەوانەی جنێو دەدەن و تۆمەت دەبەخشنەوە، نووسەر و بیریار نین، تا  دیالۆگیان لەگەڵدا بكرێت. ئەوە تاوانی بەدران ئەحمەد حەبیب نییە كە تا هەنووكە یاساكانی سەردەمی بەعس پێڕەو دەكرێن. باشە ئەوە ماقووڵە داوا لە قوربانی بكەین، جارێ بێدەنگ بێت و چاوەڕێ بكات، تا یاساكان دەگۆڕێن، ئەوسا سكاڵای خۆی بباتە لای دادوەر؟ ئەوە تەنیا كۆلكەنووسەرانی جنێوفرۆشن گەرەكیانە سووكایەتی بە خەڵكی كردن، لەژێر ساباتی ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا جێ بكەنەوە. ئاسۆس هەردی قوربانیی نەبوونی ئازادی بیروڕا دەربڕین نییە، باجی ئەوە دەدات كە لە هاوڵاتیدا بە ناڕەوا تۆمەت دەدرێتە پاڵ كەسانی دیكە.

لە (میدیا)دا** كە هەر دوو هەفتە جارێك لە هەولێر دەردەچێت، لە وەڵامی جنێوی كۆنەبەعسییەكدا سێ بەڵگەنامەم بڵاو كردەوە، كە بەعسیبوونی ئەو جنێوفرۆشەیان دەسەلماند. برای كابرای جنێوفرۆشی كۆنەبەعسی بەو بیانووەی تۆمەتی ناڕەوا وەپاڵ براكەی دراوە، لە دادگای هەولێر سكاڵای لەسەر خاوەنی ئیمتیازی میدیا تۆمار كرد. دادوەر كە سەرنجی بەڵگەنامەكانی دابوو، بە برای كابرای جنێوفرۆشی كۆنەبەعسیی گوتبوو: وەك بە بەڵگەكاندا دەردەكەوێت، براكەت بەعسی بووە، بۆیە تۆ چونكە خاوەنی ئیمتیازی میدیات بە ناڕەوا ئەزیەت داوە، مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبووت لێ بكات.

بەڵێ بۆ ئازادیی بیروڕا دەربڕین،

نا بۆ ئازادیی تۆمەتی ناڕەوا و جنێو بەخشینەوە.